# ئەفسانەکانی بەر ئاگردان

## مەشرەبخۆشی نەنکم

ئامادەکردنی

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پێداچوونەوە و پێشەکی

ئەبوبەکر شوان

**وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر**

ناوی کتێب: ئەفسانەکانی بەر ئاگردان

نووسینی: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پیتچنین: دەشتی ناسیح مەجید

هەڵەچن: هێمن ئەحمەد تاڵەبانی

تابلۆی بەرگ: هونەرمەند نورالدین ئەمین

نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئەمین

چاپی یەکەم

چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری– هەولێر–٢٠١٢

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٧٩١) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە**

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www.kurdistanchap.com

# پێشکەشە:

بەوانەی:

* راستیان کردۆتە هەوێنی ژیان.
* جوانی مژدەی ڕۆژێکی نوێیان پێدەبەخشێ.
* دروشمی کەم بژی و کەل بژی دەکەنە بەرنامە و میتۆدی ژیانی خۆیان.

# پێشەکی

پـاش ئـەوەی خوێندنەوەیـەکی قـووڵ و تێڕامـانێکی زۆرم لەسـەر بابەتەکانی نێو پەڕتووکەکە کرد، کە بەندن بە فۆلکلۆرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە بەرئاگردان و دودمانی خۆمان هێندە سوارچـاکی و مێرخاسـی بـەلاوە گـرینگ بـووە، لـە شـادەمارەکانن خـووڵ دەخواتەوە، ئەو چیرۆکانەی کە دەیخوێنیتەوە زادەی بیر و هزری دێرزەمان و پێشـووی خۆمانـە، کـە چـۆن عـەوداڵ و تـەوحی ئـەو جۆرە ڕووداو و بەسەرهاتانە بوونە.

بابەتی فۆلکلۆری دەبێ لـە دڵ و دەروون و قەناعـەتی میللەتـەوە سەری هەڵدابێ و هەڵقولابێ، یانی چیرۆکەکان بخزێنە نێو قالـب و بازنـەی میللـی و لەبـەر ئاگردانـەکان و کوانـووی دیـرۆك ئـەولا و ئەولای پێکرابێ و لـە زۆر شـوێن و دەڤـەردا هـەمان مانـا و مفـای خـۆی بپێکـێ، ڕاوی واتــە چـیرۆکخوان دەبـێ بــە هەناسـەیەکی قوولەوە لە مەسەلەکان بڕوانێ و لەچوارچێوەی نەریت و میللـەتی خۆی هەڵزنابێ، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو کەنارەی کـە لێواریـدا تـاوی قەڵەمی خۆی بدات و هـزر و مێشـکی خوێنـەر بێنێتـە ئاسـۆیەکی گـەش. هــەر بۆیــەش دەبــێ بەشـێوەیەکی ئــەدەبی و زانســتی بیسەلمێنێ کە ئەو ژانرە پەیوەستە بە نەریت و عادەت.

خۆ ناكرێ، هەرچی چیرۆك هەبێ كە باس و واسی ئەفسانە و ڕێژگاوی كرد، ئێمە بە ڕەسەنی پۆلین بكەین و بیخەینە نێو بازنەی تیۆری دێرینەوە.

هەقایەتنووس، كەسایەتی و قەڵەم جوانی نووسەرەكە بەدیار ناخات، لێ ئەوەی بەدیار دەكەوێ تەنها و تەنها هەست و سۆز و تەوح و بزاوی میللەتە، وەكو ئەوەی بێتە بەرچاو دانەری ڕاستەقینەی بەسەرهات و ڕووداوەكان خودی میللەتە.

چیرۆكەكان زێتر لایەنی ئەفسانە و دێو و دێوەزمە و جنۆكە و ئەژدیهان، هەروەها جوامێری و مێرخاسی و زێبای شۆخ و شەنگی ئافرەتان دەگرێتە ئەستۆ، لایەنی ئەڤینداریش ژ بیر نەكردیە لەو دوو ڕەگەزەی كە نێر و مێن و خێزان و كۆمەڵ پێك دەهێنن.

شێوازی كاكە شاخەوان، لە داڕشتن و دەربڕینی چیرۆكەكان، جوان پێنووسی و لووسی پێوە لكاوە و بە ئاشكرا بەبەر چاوی خوێنەر دەكەوێ، كە چۆن خۆی لەناخی كرۆك دەسوێنێ.

جا كاكی خۆم، خۆشتان سەرپشكن بۆ بۆچوونەكان، ئێوەش بەوردی بیخەنە بەر سەنگی مەحەكەوە، هەر دەگەڵ خوێندنەوەیدا دیار دەكەوێ چلۆن چۆن وەكو دەوەن وردە وردە سەرهەڵدێنێ.

*ئەبوبەكر شوان*

# بولبولی خۆش ئاواز

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، پادشـایەکی دادپـەروەر سێ کوڕی هەبوون کوڕی خاس و تۆلاز، هەروەها باخێکی هەبوو، چەند بەدەووری دەهات و دەچوو، خزمەتی دەکرد، شـێخ و مـەلا و لوقمانی شـار نـەما نەیهێنێتـە سـەری، کەچـی سـوودی نـەبوو، بەری نەدەگرت و نەدەهاتە بەرهەم.

ڕۆژێکیـان کـابرایێکی دەرویـش هاتـە کۆشـك و بـە خزمـەت پادشـا گەیشت.. شەو لەلای مایەوە، ئەو شـەوە تـا وەختـانێکی درەنـگ پێکەوە دانیشتن ، لە زۆر دەرگای قسـە و باسـیان دا، پادشـا بـە هەڵپەیەکـەوە خـەمی بەرنـەگرتنی باخەکـەی بـۆ ڕشـت، وتـی: دەروێش من باخێکم هەیە، ئەمان چ باخ؟ ئەوەی ختـوورەت بـۆی دەچێ و بەمێشـکت دادێ، لـە هـەموو میوەجـاتی دونیـای تیایـە، زۆر خەفەت دەخۆم نازانم بۆچی ئەو باخەم بەرناگرێ

مام دەروێش بە تاسەوە ڕووی تێ کرد، پرسی: بەڕاستی سەیرە، باشە بۆ بەرناگرێ؟.

پادشا وەڵامی دایەوە : بڵێم چی؟ هیچی تێناگەم.

مـــام دەروێـــش داما..لـــەفکران ڕاچـــوو، بـــیری هێنـــا و بـــیری برد،ســـەرەداوێکی بەمێشـــك داهـــات، ســـەری هـــەڵبڕی، بـــەدەم زەردەخەنەیـەکی گەشـەوە وتـی: قوربـان، دەمێکـە لـە بـاب و

باپیرانمەوە بیستوومە دەڵێن: هەر باخێك بەری نەگرت ئەگەر بولبولی خۆش ئاوازی بۆ بێنی و بیبەیتە ناوی، هەر ئەوەندە ئەو بولبولانە کەوتنە چرین، ئیدی دەم و دەست باخەکە بەر دەگرێ.
پادشا بەو قسەیە کۆڵێ کەیفساز بوو، بە هەڵپەیەکەوە پرسی: باشە دەروێش، تۆ نازانی ئەو بولبولە ڕەنگی چۆنە و لەکوێیە و چۆن دەستدەکەوێ؟
مام دەروێش سەری هەڵکڕاند و زمانی گەڕاند: ناوەللا نازانم لە کوێ یە،تەنها ناوبانگیم بیستووە دەڵێن: بولبولی خۆش ئاواز ، لەوە بترازێ تۆ چەندی لێ دەزانی، منیش هەر هێندە.
بۆ بەیانی هێشتا شەبەقی نەدابوو، مام دەروێش خۆی پێچایەوە، کۆشکی بەجێ هێشت.. پادشا کە لەخەو بێدار بووەوە و بەرچایی کرد، بانگی هەر سێ کوڕەکەی کرد.. هەموویان هاتن، ئەویش یەکە یەکە تەماشای کردن و وتی: کوڕینە ئەو ڕاستیە تێگەیشتوون کە لەئێوە بترازێ، من کەسی تر بەم کارە ناسپێرم، جا بۆ ئەوەی باخەکەمان بەر بگرێ، دەبێ هەرسێکتان برۆن، بگەڕێن، بچن بولبوولی خۆش ئاوازم بۆ پەیداکەن،چارەی ئەم باخەش جگە لەو بولبولە، هیچی تر نییە.
ئەوانیش هەرسێکیان بەیەك دەنگ وتیان: پەیمانبێ بابە گیان تا بولبولی خۆش ئاواز بۆ جەنابتان نەیەنین، بەدەست بەتاڵی نەگەڕێینەوە.

کوڕەکـانی پادشـا (زانـا) و ( دانا)لـەدایکێك و (توانا)لـەدایکێکی دیکە بوو ، خۆیان گۆڕی، ماینی خۆیان زین و لغاو کـرد، کەوتنـە ڕێ، ڕێگایێکی دوور و درێـژیان گرتەبـەر، قونـاغێکی زۆریـان بـڕی، ڕێـی حـەوت شـەو و حـەوت ڕۆژیـان کوتیـەوە، نەگەیشـتنە هـیچ ئاوەدانیەك..لـەو ڕێکردنـەیان بـەردەوام بـوون تـا گەیشـتنە دوو ڕیانێك، نووسراوەکانی سەر دوو گاشەبەردی گـەورە هەڵوەسـتەی پێکردن ..لەو دووڕیانەدا، لە سەر گاشەبەری ڕێیەکیان نوسرابوو: ( ئەم ڕێیە ڕێی هات ونەهاتە، هەر کەسێ بەم ڕێیـە ڕۆیشـتبێ، بەسەلامەتی نەگەڕایتەوە) لەسەر گاشـەبەردی ڕێیەکـەی دیکـەش نووسرابوو: ( ئەم ڕێیە ڕێی هاتە، مەترسی نییە و هەرکەسێك بەم ڕێیە ڕۆیشتبێ، بەسەلامەتی گەڕایتەوە).

توانا ووتی: برایان وەکو دەبینن ئەوە دوو ڕێمان لـە پێشـە، مـن پێشـنیاز دەکـەم هەرسـێکمان بەیـەك لـەم دوو ڕێگـە نـەڕۆین، مەبەستم ئەوەیە دەترسم ڕێیـەك بگـرین و پێیـدا بـڕۆین، ڕەنگـە دوور و نزیك تووشی بولبولی خۆش ئاواز نەبین.

زانا و دانا وتیـان: باشـە دەکـرێ ئێمـە لـەپێناو بولبـولێ ژیانمـان بخەینە مەترسیەوە، ئەوە چـییە باخێـك بـەر نـاگرێ ؟ قسـە لـەو سەریەوە خۆشە، ئێمە ڕێی هات دەگرین،ئەو ڕێیەی سـەلامەتە و هیچی لەپێش نییە، تۆش کـەیفی خۆتـە، ئەگـەر دێـی وەرە، خـۆ ئەگەر ئەوەنـدە بـوێر و چـاونەترس، لـەخۆت ڕادەبینـی، فـەرموو

ئـەوە رێـی هـات و نـەهات، بـۆ خـۆت ئـەو ڕێیـە بگـرە، خـوای پەروەردگاریش چی لە چارە نووسیبین، هەر ئەوەیە و تەواو.
توانا ئاخێکی قووڵی هەڵێشا، وتی: ئەوە ڕای ئێوەیە و سەرپشکن کام ڕێگە هەڵدەبژێرن و کامەش ڕەت دەکەنـەوە، بـەلاّم مـن حـەز دەکەم پێش ئەوەی جیاببینەوە، شتێك بکەین.
وتیان: شتی وەك چی؟ مەبەستت چییە؟
ووتـی: دەبـا هەرسـێکمان لێـرە و لـەم دووڕیانـەدا ئەنگوسـتیلەی خۆمـــان لـــەبن ئـــەو گاشـــەبەردە دانـــێین ، مـــن یـــاخود ئێـــوە، هەرکامێکمان زوو گەڕایەوە، با تەماشایێکی ئەو بنبەردە بکات،جا ئەگەر ئەنگوستیلەکان نەمابوون، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو کەسە هاتۆتەوە و دەگەڵ خۆیدا بولبولی خۆش ئاوازی هاوردووە.
ئەنگوسـتیلەی خۆیـان لـە پەنجـەی دەسـتیان کـردەوە، لـە ژێـر بەردەکەیان حەشاردا..زانا و دانا ڕێی هاتیان گرتە بەر و تواناش بەتەنیا ڕێی هات ونەهاتی گرت.
توانا قۆنـاغێکی بـاش ڕۆیـی، پیرەمێردێکـی ڕدێـن سـپی نـورانی تووش بوو، تومەز ئەوە خدری زیندەیە و لە شـێوەی پیرەمێـرد خۆی نیشان داوە، خدری زیندە وتـی: کـوڕی خـۆم توانـا، ئـەوە دەچیە کویَ؟
توانا وتی: ئـە گـەر بزانـی نـاوم توانایـە، دەبـیَ بشـزانیَ دەچـمە کویَ.

خدری زینـده وتـی: توانـا ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـی، ڕێگایـەکی سـەخت و دژوارە. دەبـا تـەگبیرێکت بۆبکـەم بـەڵکو ئـەوە خوایـە قوتارتبیٚ.

توانا وتی: وەڵڵاهی مەمنوونی جەنابتان دەبم ، ئەوەی دەیکـەی لە چاکەی خۆتە.

خدری زینده وتـی: دەگـوێم بـۆ بگـرە بزانـە چـی دەڵـێم؟ ئـەو ڕێیەی دەیگری، دەتگەیەنێتە شـاخ و داخ و ئەشـکەوت و زنـار و هەراییٚ ، دەگەیتە ئەشکەوتیٚ، دەڵە دێوێکی لێیە، ئەو دەڵە دێوە مـەمکی ڕاسـتی ناوەتـە سـەر شـانی چـەپە و مـەمکی چـەپی بەسەرشانی ڕاستی داداوە، ئاگادارم ماوەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە دگـانی دێشـیٚ، دوو بەچـکە دێـوی زرت و زەبـەلاحی وەك کەرتە شاخی هەیە، ناردوونی مرۆڤی بۆ ڕاوکـەن، تـا ئـەو مرۆڤـە بخوا و ژانی ددانـی پـیٚ بشـکیٚ، بۆیـە وریابە،کـە لێـی چـوویە پێش، بەوریایی لـەدوواوە تونـد پـەلاماری مـەمکی ڕاسـتی بـدە و بیمژە، ئەوە یەکسەر دەبیتە کوڕی ئەو و دەتپارێزیٚ، ئەوجا چیت بویٚ، بۆتی جیٚ بەجیٚ دەکات، هاااا، قسە لێرەڕا خۆشە، غەڵـەت نەکەی، ئەگەر مەمکی چەپەی بگری و ئەو مەمکەی بمژی، قوڕت بەسـەر، بـە هەوەنتـە لەدەسـتی دەربـازت نـابیٚ و بچـیە حـەوت پەڕەکەی ئاسمان، وازت لێناهێنیٚ.

خدری زیندە ئەوەندە قسەی کرد و بزربوو.. توانـاش ئـاهێکی قووڵی هەڵکێشا، بۆ سەرەوە ڕێی کرد، ڕۆیی.. ڕۆیـی تـا گەیشـتە دەڤـەرێکی جەنگڵسـتانی چـڕ و پـڕی تێکچـڕژای ، بـە هێواشـی هـەنگاوی هـەڵنا، گەیشـتە نزیـك ئەشـکەوتەکە و هێـواش هێـواش چووەپێش، دەڵەدێوەکەی بینـی، بـەدزە دزە و هێمنیـەوە هـات، تونـد لـە دوواوە پـەلاماری مـەمکی ڕاسـتەی دا و گرتـی، کەوتـە مژینی.

دەڵـە دێوەکـە هـاواری لـێ هەسـتا، بەنەزاکەتـەوە وتـی : مـەمکم بـەردە، واز لەمـەمکم بێنـە،دەك بـەقوربانی ئـەو کەسـە بـی ئـەو تەگبیرەی بۆ کـردی، دەنـە وەڵڵاهـی وەبیللاهـی وەتـەڵڵاهی کـە هەرسـێکیان نـاوی خوایـە، ئـەوە حـەوت ڕۆژە دگـانم دێشـێ، لەخوایەکم دەویست مەردومێکم بەرجنگ بکەوێ،بیگرم و بیکوژم، بیخەمە کلۆرایی دگانم تا دگانم چاك ببێتەوە، ئێسـتاش چـونکە مەمکمت مژی و شیرەکەیت خوارد، تازە بویتـە کـوڕم و حیسـابی کوڕی خۆمت بۆ دەکەم.

تاوێ دوان بەیەکەوە دانیشتن،کۆڕیان گەرم کـرد و لـەدەرگای زۆر باسیا دا.. دەڵە دێوەکە بە تالووکەوە لێی پرسی: ئەرێ تۆ پێت نەووتم بۆچی ڕێت بـەو هەڵەتـە کـەوتوە؟ بۆچـی هـاتووی، لەچـی دەگەڕێی، بەتەمای چی؟

توانـا بـەدەم زەردەخەنەیەکـەوە وتـی: مـن شـازادەم ، بـاوکم بـاخێکی هەیـە بـەرناگریٚ ، ئێسـتاش هـاتووم یارمـەتیم بـدەی بولبـولی خـۆش ئـاوازم دەسـتکەویٚ، بەقسـان دەڵـێن: بولبـولی خۆش ئاواز لەهەر باخیٚ بخوێنیٚ، ئەو باخە بەر دەگریٚ.

بـەرە بـەری شـێوان بەچـکەی دەڵەدێوەکـە بەنـەڕو هـۆڕ لـە ئەشکەوتەکە نزیك بوونەوە ، بۆنی شتێکی نامۆیان کرد، بەیـەك دەنگ وتیان: بۆن دیٚ، بۆنی بێگانان دیٚ، لە ئەرز و ئاسمان دیٚ ، دایە ئەوە کیٚ هاتۆتە ئێرە ؟

دەڵە دێوی دایکیان نەختیٚ شڵەژا، دەمی وەتەتەڵە کەوت: ج، ج، ج، جا، کیٚ دەوێریٚ بەو دەرە گوزەرکا، بێتە ئێرە.

وتیان: دایە ئێمە گێـل نـین، شـتمان لـیٚ مەشـارەوە ، مانگەشـەو سەر لەئێوارە دیارە، ئێمە بۆن دەکەین دەزانین مرۆڤیٚ بەم ناوە تێپپەڕیووە، ئەگەر ڕاستیەکەمان پیٚ دەڵێی: باشە، ئەگەرنا لـەت و پەتت دەکەین، ئەوجا بەدەستی ئێمە خۆت بەکوشت مەدە.

دەڵەدێوەکـە دەیزانـی شـاردنەوەی ڕاسـتیەکان بـیٚ ئاکامـە، بـە هەڵپەیەکەوە وتی: کوڕی خۆم چیتان لیٚ بشارمەوە، کاتی خـۆی ئێمـە دوو خوشـك بـووین، خوشـکی بچـووکم مێـردی بـە ئـادەم کردوە و کـوڕێکی تاقانـەی هەیـە کـە دوای عـەیامیٚ وا بەسـوئالی ئێوەوە هاتووە بتانبینیٚ، بتانناسیٚ کە ئێوە پوورزای ئەون.

وتیان: یاخوا بەخێربێ، ئەی کـوا؟ لەکوێیــە؟ ئێمــەش تامــەزرۆی بینینی ئەوین .

دەڵە دێوەکە وتی: بەڕاستی ترسام بیبینن، پارچە پارچـەیکەن، بۆیە لەترسان کردوومەتە بن کلۆرایی ددانم.

توانــای لــەبن کلــۆرایی ددانــی دەرکــرد و نیشــانیدان، ئــەوانیش بەدیتنی شاگەشکە بوون، کردیانە گۆڤەند.

توانا کەوتە بەردەستیان، وەکو تۆپ ئەم بۆ ئەوی هەڵدەدا و ئەو بۆ ئەوی هەڵدەدایەوە.

دایکیان هاواری لێ هەستا، بەپەرۆشەوە وتــی: ڕۆڵــەکانم وای لــێ مەکەن، وازی لێ بێنن، داینێن، گـوێی بـۆ هەڵخـەن، بـزانن بۆچــی هاتووە.

ئەوانیش توانایان دانا، بەسەروزمانێکی خۆشەوە وتیان:پوورزای شیرینمان یاخوا بەخێربێی، فەرموو هەر ئیشێکت هەیە و بە ئێمە بکرێ، ئێمە لەسەر یەك پێ وەستاوین، خزمەتت دەکەین.

توانا تفی گەرووی قووت دا و وتی: بەڕاسـتی هـاتووم یارمـەتیم بدەن، باوکم باخێکی هەیە بەر ناگرێ .. بۆیە دەبێ لەگەڵم بـێن، بولبولی خۆش ئاوازم بۆ بێنن بۆ ئەوەی باخەکەمان بەر بگرێ.

یەك لـەو دوو بەچـکەیە وتــی: خۆزگـە ئـەو قسـەیەت نەکردبایـە، ئاخر بولبولی خـۆش ئـاواز لەسـنوری ئێمـەدا نیـە، حـەوت قۆنـاغ لێرەوە دوورە، ئینجا دەیگەیتە ئەو شوێنە،ئێسـتاش مـادام ئـەو

ڕێیــە دوورەت بڕیــوە و ڕوومانــت لێنــاوە، بەسەرچــاو تــاوەکو ئەوپەڕی سنووری خۆمانت دەبەین، لــەوە بــەدواوە دەبــێ خــۆت مشووری خۆت بخۆی.
بــەیانی دەگــەڵ تاریــك و ڕووونــدا، توانــا دەخەنــە سەرشــانیان و دەڕۆن، دەیبەنــە دوا قۆنــاغی ســنووری خۆیــان و لــە شــوێنێ دەوەستن ، بە توانــا دەڵێن: ببــوورە، دەســەڵاتمان تــا ئێرەیــە، لەوە بترازێ ناتوانین ئەو تخووبە ببــەزێنین، ئــەوەی دەمێنێتــەوە دەبــێ بــۆ خــۆت لــەو خەمیــدابی، لــە ســنوورەی خۆشمــان چــیت ویست،پێویستیت بەچی بوو، هەقت بەسەر هیچــەوە نــەبێ، ئێمــە لەخزمەتی تۆ داین.
توانایان داگرت و گەڕانەوە..توانا ماوەێکی باش ڕۆیی، تووشی ســێ دێــو هــات گێچــەڵیان بەیــەك دەکــرد و خــەریك بــوو بەشــەڕ دەهاتن، لە ناخەوە بەخۆی وت: بەو خوایە بکەومە بەر دەســت و پــێ ی ئەم دێوانە، لەت و پەتم دەکەن و دەمخۆن.
دێوەکــان چــاویان پێــی کــەوت، وتیــان: بــا چــیتر بەشــەڕ نــێین، ئادەمی ئاقڵن، واباشە ئەو مرۆیە بکەینە دەمڕاســت و سەرپشــکی بکەین،ئەو شتانەمان لێ بەش بکات.
یەك لە دێوەکان لە دوورەوە بانگی کرد: هۆۆۆۆ بەنی ئادەم وەرە پێش، مەترسە هیچت لێ ناکەین ، وەرە ناوبژیوانیمان بکە.

توانا پەیتا پەیتا لێیـان نزیـك بـۆوە، بەسەرسـوڕمانەوە پرسـی: ئەوە چ شـەڕ و دەمەقاڵێتانـە، قـەت شـەرم ناکـەن لـەو تەمەنـە بەشەڕدێن، چی بووە ؟ بۆچی وا دەکەن؟

دێوێکیان دەستی بۆ سێ شتی تەنیشتیان درێژ کرد و وتی: ئێمە لەسەر ئەم شتانە شـەڕمانە کـە لـەپاش باوکمـان بـەمیرات بۆمـان بەجێماوە.

توانا پرسیەوە: باشە ئەو شتانە چین؟ سـیفەتیان چـییە؟ بۆچـی باشن؟

هەمان دێو وەڵامی دایەوە: شتەکان بریتین لە، ئەوەیان—قالیچەی سـلێمان پێغەمبـەرە(د.خ)، ئـەوەیان— کڵـاوی سـەخرە جـن — و ئەوەشیان تیروکەوانـە. لـە سـیفەتەکانی ئەوشـتانە، هـەر کەسـێ کڵـاوی سـەخرەجن بکاتــە سـەر، بچـێتە هەرشـوێن و جێگـا و هەرمەجلیسێ، کەس لەم شوێنە نایبینێ و ئەویش یەکە یەکەیان دەبینێ، سەبارەت بە قالیچەی سلێمان پێغەمبەریش(د.خ) هـەر ئەوەنـدە بچـیتە سـەری و بڵێـی ( هەسـتە ڕزگارمکـە) ئـیتر هەرجێگەیەکت مەبەستبێ، لەچاو تروکانێك دەتباتە ئـەو شـوێنە، دواشت سیفەتی تیروکەوان دیارە چییە و بۆچی بەکەڵك دێ.

توانـا بزەیـەکی نایـە سـەر لێـو، وتـی: باشـە هـەمووتان بـەو دابەشکردنەی من ڕازی دەبن، قایلن ئەگەر من بە دادوەری بڕیاری لەسەر بدەم؟.

هاودەنگ وتیان: وەعدبێ لە بڕیاری تۆ دەرنەچین، بفەرموو، بێژە.

توانا هێدی هێدی لەشتەکان چووە پێش.. دەستی گەیاندە تیر و کەوانەکە و وتی: ئێستا ئامادەبن، ئەو تیرە دەهاوێژم، کامتان زووتر تیرەکەی هێنایەوە، ئەوە شتە باشەکە دەدەمە ئەویان.

تیرەکەی هاوێشت ..دێوەکان بەڕاکردن کەوتنە دوای تیرەکە، تواناش کڵاوی سەخرەجنی کردە سەر و سواری قالیچەی سلێمان پێغەمبەر(د.خ) بوو، وتی: هەستە ڕزگارمکە، بمگەیەنە ئەو شوێنەی بولبولی خۆش ئاوازی لێیە.

لەچاو ترووکانێکدا ئەوەندەی زانی ئەوە گەیشتە شوێنێ، لەناو باغێ نیشتەوە تیایدا کۆشك و کاخێکی جوان و ڕازاوەی هەبوو،بەڵام دەرگای چونە ژوورەوەی نەبوو.

توانا بە قالیچەی سلێمان پێغەمبەر خۆی گەیاندە سەرەوەی کاخەکە و نۆڕی ئەوە جگە لەیەك پەنجەرە بەولاوە هیچ پەنجەرەێکی دی نییە لێی بچێتە ژوورەوە،لە پەنجەرەکە شۆڕ بووەوە خوارێ، قالیچەکەی لوول دا و خستیە بن هەنگڵی..کەوتە گەڕان و سووڕان بەنێو کاخەکەدا، ئافرەتێکی زێبا و شۆخ و شەنگی بینی، نەبکەی، نەبخۆی هەر تەماشای جوانیەکەی بکەی، گەردنی هێندە سپی بوو، حەسیبەیەك بوو بۆ خۆی، مێووژە ڕەشەی بخواردایە، لە گەردنیەوە دیار بوو، قەفەزێك بە دیار

ســــــەریەوە هەڵواســــــرابوو، دوو بولبــــــولی خـــــۆش ئـــــاوازی تێدابوون.ئـەوەی سـەرنجی ڕاکێشـا، ئـەو بولبولانـە کـە چـاویان بەقژی ئەو ئافرەتە بکەوتایە، دەکەوتنە خوێندن.

نیوەڕۆ بوو، کەنیزەکان خواردنیان بۆی هێنـا، لەبـەر دەمیانـدانا، توانـا دەگەڵیـدا کەوتـە نـانخواردن، هـەتا ئافرەتەکـە پارووییـەکی لێخوارد، توانا سێ پارووی لێ خوارد.

ئافرەتەکە سەیری پێهات خۆ دوو تیکەی لەو خواردنە نەخوارد، خواردنەکە چۆن تـەواو بـوو، بەتووڕەییـەوە بـانگی کـەنیزەکانی کرد، وتی: باشە پێمناڵێن بۆ خواردنتان کـەم لێنـاوە؟ کـەی مـن ئەوەندە کەمم نان خواردووە ؟

کەنیزەیـەك وتـی: خواردنمـان وەکـو ڕۆژانـی تـر، نەکـەم نـەزیاد لێنەناوە.

کەنیزەکان چوونەوە مەتبـەق، قـاپێکی دیکـەیان بـۆی هێنـاوە، ئەویشیان دوو تیکەی لێ نـەدا، تـەواوی نانەکـەی لەگـەڵ خـوارد، ئافرەتەکە دەهری و تووڕە بوو، ڕقـی هەسـتا، تـا تـینی تیـادابوو شـەقێکی لـە قاپەکـە هەڵدا، سـینگ و بـەرۆکی کـردەوە، لەسـەر تەختەکـە درێـژبوو ..پرچـی بـۆ بولبولـەکان کـردەوە بخـوێنن، ئەوانیش دەستیان بەخوێندن کرد، ئافرەتەکە لە ئـاواز و سـەدای بولبولەکان، چاوی نایە سەر یەك، خەوی لێکەوت.

توانا تیلە نیگایێکی دایێ، لەنێوان هەردوو مەمانیدا، خاڵێکی ڕەشی گەورە هەبوو.. ڕووی وەرگێڕا، بە هێواشی قەفەزەکەی دەست دایێ، سواری قالیچەی سلێمان پێغەمبەر(د.خ) بوو، وتی: هەستە ڕزگارمکە، بمگەیەنە ئەم شوێنەی براکانمی لێ یە.

لەچاو ترووکانێك دا هێندەی زانی ئەوە گەیشتە شارێك، سەروبنی دیار نییە. کەوتە گەڕان و سووڕان، چووە لای خودان خانویەك و پێیوت: قوربان دەمەوێ ئۆتاقێکم لەو خانووەی بەتەمای بیدەیتە کرێ، بۆمی برازێنەوە و خەمی پارەت نەبێ، من دوو قات پارەت دەدەمێ.

کابرا ئۆتاقێکی جوانی بۆ ڕێکخست، ئەو کەل و پەلەی پێویست بوو، خستیە ناوی.

توانا دوای ئەوە،چووە لای دارتاشێ، سندووقێکی تۆکمەی بۆ بولبولەکان بەڕاداندا، تاوەکو کەس نەزانێ چی تێدایە، بەخۆ و جل و بەرگی پادشایانە لە بازاڕ دەسووڕایەوە ، کاتێ چاوی بە زانای برای کەوت ئەوە شاگرد کەبابستانە و خەریکە کەباب لێدەدات..خۆی گەیاندە لای وەستاکە و وتی: وەستا ئەگەر ئەزیەت نەبێ حەز دەکەم بەو شاگردەت سێ نەفەر کەبابم بۆ بنێریتە ئەو ماڵە.

پارەکەی پێدا، ویستی بڕوات، تیلە نیگایێکی دا، بینی وەستاکە تا گرتی شەقێکی لە زانا هەڵدا و بەتووڕەییەوە وتی: هەی هیچ و

پـیچ، دەی خێـرا سـێ نەفـەر کـەباب چـێکە و بیبـە ئـەو ماڵـەی کەتۆتەی چەقی بازاڕی گشی و هەر زوو وەرەوە.

توانا ئەوێی بەجێ هێشت، لەبازاڕ دەسووڕایەوە، چاوی بـە دانـای برای کەوت، ئەویش لە دوکانێکدا بووبووە شاگرد چایچـی، چـووە پـێش، لەبـەر دەگـای سـەرەکی ڕووی کـردە خاوەنەکـەی و کـە دەسـتی بـۆ دانـا درێـژ کـرد، بەهەڵپەیەکـەوە وتـی: قوربـان بـەو شاگردەت یەك قۆریە چـایەم بـۆ بنێـرە ئـەو خـانووەی کەوتۆتـە ناوەندی بازاڕی گستی.

پارەکەی دا، گوێی لێبوو، خاوەن دوکانەکە تاگرتی شـقازللەیەکی لێدا و وتی: ئەگەر ڕەسەن و نـەجیبزادە بوویتایـە، نەدەگەیشـتیە لام، دەی هەر ئێستا قۆریە چـایەك چـێکە و بیبـە ئـەو خـانووەی چەقی بازاڕ و هەر زوو دێیەوە.

توانا چووەوە خانووەکە و چاوەڕوانی براکانی کـرد، زانـا بـەخۆ و سینیەك کەبابەوە لەدەرگای دا، هاتە ژوورەوە، بەدوادا دانا بەخۆ و قۆریەکەوە هاتە ژووری.

کەسیان توانای نەناسیەوە، توانا وتی: فەرموو وەرن نانم دەگـەڵ بخۆن.

وتیان: قوربان نابێ، ناکرێ، ئەوە بێ ئەدەبیە بۆ ئێمـە لەبـەردەم حزوورتان نان بخۆین.

توانا وتی: من پێتان دەڵێم وەرنە پێش و نـانم دەگـەڵ بخـۆن، بـا هەر من نەجیبزادەبم، دەی وەرنە پێش.

هــەردوکیان بەشــەرمەوە لــە ســینیەکە نزیــك بوونــەوە و نانیــان دەگەڵی خوارد، پاشان سەروو چایەکی خەستیان هەڵقوڕاند.

توانا لێی پرسین: لەو دوکانە بەچەند کار دەکەن؟

زانا وتی: هــەر یەکــەمان مانگانــە چــوار لیرەمــان هەیــە و ڕۆژ نیــە شەق و پێلاق نەکێشین.

توانــا وتــی: ئەگــەر دەبنــە پیــاوی مــن، شــەقتان تێهــەڵنادەم، مانگانــەش لــەجیاتی چــوار لــیرە، ســەروو دە لیرەتــان دەدەمــێ، بەلاّم ئەوەڵ جار پێم بڵێن: ئێوە چی یەکدین؟

دانا وتی: برای یەکین.

توانا وتی: باشتریش، لە ئێستاوە ببنە پیاوی من و مەچوونەوە.

دانا وتی: وەستاکانمان پارەکەمان دوو ئەوەندە بۆ زیادکـا، تـازە ناچینەوە.

توانــا تیلــە نیگــاێکی دانــێ، بەهەڵپەیەکــەوە وتــی: مــن گــەلێ خزمــەتکارم ڕاگرتــوون، بــەلاّم چــونکە نــاتیزە دەرچــوونە، هــەر ماوەیێ لەلامـدا بوونـە، دواتـر بـێ پـرس و ڕا تێیـان تەقانـدووە، ڕۆیشتوون . جا داوایەکی بچووکم لێتان هەیە، مۆرێکم هەس، ئـەو مۆرە داخ دەکەم و لە ڕانتـانی دەچـزێنم، بـۆ ئـەوەی نـەخوازەلاّ سبەی ڕۆژێ ئەگەر شتێ بـوو، بتـوانم بـەرگریتان لێبکـەم، بڵـێم:

بەڵێ ئەمانە خانەزای مـنن، ئەگـەر ئێـوەش قسـەیەکتان بـۆ وتـن هەیە، فەرموون، ئەوە گوێم لێ گرتوون.

وتیان: مادامـەکێ مۆرەکـە لـەدەرەوە نییـە و دیـار نییـە، کـەس نـایبینێ، ڕازیـن، حـەز دەکـەی لـەجیاتی مۆرێـك، دوو مۆرمـان تێسوە.

مۆری دایە بەر ئـاگر، ڕانـی هـەردووکیانی پـێ داخ کـردن. چـەند ڕۆژێ بەیەکەوە مانەوە، ئەوجا بارگەیان تێکنا، بەرەو ئەو شوێنە بچـنەوە کـە لێـی هـاتبوون، کـاتێ نزیکـی ئـەو جێگەیـە بوونـەوە وەختی خۆی هەرسـێکیان ئەنگوسـتیلەکانیان لـەژێری دا مـەلاس دابوو.

توانا ئەسپەکەی بەلایەکی دیکە سوڕاندەوە، چووەوە سەر ئـەو ڕێیــەی لــێ ی نووســرابوو: ئــەم ڕێیــە ڕێــی هــات و نەهاتــە، هەرکەسێك بەم ڕێیە ڕۆیشتبێ، بەسەلامەتی نەگەڕایتەوە.

زانـا و دانـا لـەتوانا وردبوونـەوە، دیتیـان ئـەوە بولبـولی خـۆش ئاوازی هێناوە ، بەگوێی یەکیان چرپاند، وتیان: بەو خوایە ئـەوها دەست بەتاڵ بچینەوە، باوکمان حەیا و ناموسمان دەبات، واباشە پیلانێ بۆ فەوتانی ئەو کاوڕایە داڕێژین و لە دەرفەتێکدا لـەناوی ببەین.

بەیەکەوە ماوەیەکی باشیان بڕی، بەرە بەری شێوان، لەشوێنێکی چۆڵ و هۆڵدا، وتیان: واچاکە بارگەمان لێرە بخەین و ئەم شەو لێرە بمێنینەوە.

بار و بنەیان خست، لەو دەوروبەرە بیرێك هەبوو، بیری گاور کارەیان پێدەگوت، زانا بە هەڵپەیەکەوە ڕووی کردە توانا و وتی: بۆ ئاوخواردنەوەی خۆمان و وڵساتەکان تۆ لە ئێمە بچووك و سووکتری، بۆیە دەبێ بچیە ناو ئەو بیرە و ئاومان بۆ بخەیە ئەو پەقرەجە و ئێمەش هەڵیدەکێشین.

پشدێنی خۆیان لەیەك گرێ دا..توانایان بۆ ناو بیرەکە شۆڕکردەوە ، هەرسێ چوار ستلێکی بۆ پڕ ئاو کردن و ئەوانیش بۆ سەرەوەیان هەڵکێشا، ئیتر کە وتی: برایان، چیتر ئاومان پێویستە؟ ئەگەرنا بۆ سەرەوەم بەرز کەنەوە.

زانا وتی: خەیاڵت خاوە بەرزت بکەینەوە، تۆ بولبولی خۆش ئاوازت هێناوە دەتەوێ ئابروومان ببەی، باوکمان تۆی خۆش بوێ و ڕقی لەئێمە بێتەوە، ئێمە ناتکوژین بەڵام دەبێ جێت ئێرەبێ.

زانا و دانا بەو شەوە ملی ڕێیان گرتەبەر، بەرەو مەملەکەتەکەیان ڕۆیشتن .

تواناش چەند پاڕایەوە، هاواری کردنێ لەنێو بیرەکەی بەجێ نەهێڵن، تەقەی سەریان دەهات، گوێیان بەقسەکەی نەدا، ئەویش لەحەژمەتا خەوت، خەونی بینی، لەو خەوەدا خدری زیندە پێی

وت: هۆۆۆۆۆۆۆ توانا، ئەوجارەشیان دێم بە هاناتـەوە، گـوێم لـێ بگرە، ئەم بیرەی تیایدای، بیری گاورکارە، لە پشت سەری تـۆوە کـونێکی لێیــە، دوو بــەران دەردەکــەون، بەشــەڕ دێــن، چــاویان بـدەیێ، بـە وریاییـەوە خـۆت فـڕێ بـدەرە سـەر قۆچـی بەرانـە سپیەکە، بەرانەکـە هەڵتدەداتـە سـەر دونیـا، خـۆ بکەویتـە سـەر قۆچی بەرانە ڕەشەکە، خوا یەکە و نابێ بەدوو، قۆچێکی وەهات لێدەدات، فڕێت دەداتە حەوت تەبەقەی بن ئەرزێ.

توانا لە خەوەکەی ڕاچەنی، سەری هەڵبڕی، دوو بەرانەکەی بینـی کەوتنە شەڕە قۆچ و قۆچیان لەیەکدەدا، بەجۆرێ لێیان بووبـووە مەڕافەیەك هەر مەپرسە، توانا خۆی بۆ بەرانە سپیەکە خۆش کرد بچێتە سەری، خـۆی هەڵـدا، کەوتـە سـەر قۆچـی بەرانـە ڕەش و ئەویش قۆچێکی وەهـا توونـدی لێـدا، فڕێیدایـە حـەوت تەبەقـەی زەمین، کاتێـك خـۆی بینییـەوە، ئـەوە لـە شـوێنێ کـەوتووە، لـە ژیانیــدا مەملەکــەتی وای نــەدیوە، هــەموو لەشــی شــین و مــۆر بووبۆوە، شـەل و شـۆق، تـەنها شمشـێرەکەی بەدەسـتەوە بـوو، بەزەیی بەحاڵی خۆی هاتەوە، لەپرمەی گریانیدا، لەبـەر خۆیـەوە دەیوت: ئاااااای خوایە گیان، بزانە چیم بەسەر خۆم هێنا.

پاشان پێی هەڵێنا، ڕێیکرد، لـە شـارێکی ئـەو دەوروبـەرە خـۆی دۆزیـەوە، چـووە مـاڵی پیرەژنێـك و وتـی: دایـەژن زۆرم تێنـووە نەختێ ئاوم نادەیتێ؟

پیرەژنەکـە تەقیلەیـەکی دەسـت دایـێ، چـووە کەنـدێکی ئـەو دەوروبـەرە و تەقیلـەی بـۆ پـر لـە میـز کـرد و هێنایـەوە، بـۆی ڕاگرت: فەرموو ئەوە ئاو.

توانا تەقیلەی لێوەرگرت و لەدەمی نزیك کـردەوە، بـۆنی میزەکـە کونـە لـووتی پـڕ کـرد، بـە تووڕەییـەوە، تەقیلەکـەی فڕێـدا، بـە حەپەساویەوە پێیوت : دایەژن، ئـەوە لـەخوای ناترسـێی، بۆچـی لەجیاتی ئاو، میزم بۆ دێنی؟ خۆ ئێرە وڵاتی کافرستان نیە !

پیرەژنەکە بەدەم پرتە و پرت و بۆڵـەوە زمـانی هێنایـە گـۆ: جـا گوناهی من چییە؟ چیبکەم هەفتـەی جارێك ئاومـان بـۆ بـێ ، تـا نـازانی چ ئـەژدیهایێکی نـەفرەتی سەروچـاوی کارێزەکـەی لـێ گرتووین، هەفتانە دەبێ مرۆڤێـك ئامـادەبکرێ، وەکـو دیـاریی بـۆ ئـەو ئەژدیهایـەی ببـەین بیخـوا، ئـەوجا قیچـێك دەجـوولێ و بـەو جولاًنە، هەندێ ئاومان بۆ دێ، وە ئەگینا ئاو نییە.

توانا چاوی ئەبڵەق بوو، بەتەوسەوە پرسی: ئەی ئەوجارە نۆرەی کێیە؟

پیرەژنەکـە وتـی: دەڵـێن سـبەی نـۆرەی خانـەوادەی پادشـایە، بەقسان پادشا تەنها تاقە کچێکی هەیە، دەبێ دەردخـواردی ئـەو ئەژدیهایەی بدات.

توانـا وتـی: دایـەژن ئـەم شـەوە جـێم بکـەوە، بـۆ بـەیانی، خـوا کەریمە، دنیا بەهەزار شێوە دەگۆڕێ.

پیرەژنەکە وتی: ئەگەر تۆ پێمان ڕازیبی، ماڵ ماڵی خۆتە.
ئەو شەوەی لەوێ بەڕێکرد، بەیانی زوو بەرەو کارێزەکە ڕۆیی، لە پەناگەیەکی نزیك ئەژدیهاکەدا، خۆی مات کرد، پاش وەختێ، زاق و زیق و شینی ئاوایی هاتە گوێ، بەتەوسەوە سەیری دیمەنەکەی کرد ئەوە کچی پادشا بۆ ئەژدیهاکە دەبەن، توانا لەجێوە بانگی کرد، وتی: خوشکێ ئەوە دەچیە کوێ؟ گەلێکم برسییە، خێرت دەگاتێ، بێنە ئەو خوانچە نانەتم بدەرێ بیخۆم.
کچە بەقووڕگی گریانەوە وتی: کاکە لێمگەڕێ، من فەوتاوم، تازە بەتازە خۆت گیرۆدەی دەردی من مەکە.
توانا یەخەی بەرنەدا، وتی: ئەوە دوو ڕۆژە ئەوەی زادە نەچۆتە سەر زارم، گەلێکم برسییە، بێنە، ئەو خوانچەم بدەیێ.
ئەویش لەوەلاّم دا وتی: ئاخر دەبێ ئەم سینیە نانە بۆ ئەو ئەژدیهایە ببەم، من و نانەکە بخوا تاوەکو کەمێك بجووڵێ و ئاو بۆ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە بەربداتەوە.
توانا بەدەم بزەیەکی گەشەوە وتی: تۆ ئەو نانەم بدەیێ بیخۆم، بگەڕێوە، تۆ جوانکیلە و سەلاری، لەباتیت دەچم با من بخوات، تا جارێکی دیکە خوا گەورەیە.
کچەکە لێی پاڕایەوە: کورە ئاخر تۆ تۆلاز و جوانکیلەی، بۆچی ئەوە لەبەر خاتری من دەکەیت؟

توانـا کـۆڵی نـەدا، کـە لەسـەر قسـەکەی موکـوڕ بـوو، ئـەویش خوانچەکەی بۆ برد و لە لایەکەوە وەسـتا، تەماشـای توانـای کـرد بینی هەموو نانەکەی خوارد، ئەوجا لە ئەژدیهاکە نزیك بـۆوە، کـە ئەژدیهاکە تێی ڕوو بـوو، لووشـی بـدات، توانـا شمێرەکـەی وەهـا گـرت، ئەژدیهاکـەی لـە ناوەڕاسـتەوە کـردە دوو لـەت و سـاردی کـردەوە، ئـاوە پەنگخواردووەکـە بـەربۆوە، لایـەکی شـاری بـرد، کچەکە وەکو نیشانەیەك بۆ دواڕۆژی خۆی، پێـنج پەنجـەی خـۆی لە خوێنی ئەژدیهاکە وەردا و بەناوپشتی توانـای دادا، بـۆ ئـەوەی بەیانی لێی نەگۆڕێ و بیناسێتەوە.

شازادە گەڕایەوە کۆشك و مەسەلەکەی بۆ پادشا باسکرد، بـاوکی لە خۆشیا شاگەشکەبوو!

توانـــا گەڕایـــەوە مـــاڵی پیرەژنەکـــە، ڕاکشـــا، ســـەرخەوێك بشکێنێ..پادشا فەرمانی دەرکـرد هەرچـی گـەنج و جحێڵـی ئـەو شـارە هەیـە لـە گۆڕەپـانی گشـتی خڕببنـەوە تـاوەکو لـە ڕێـو ڕەسمێکی شایستەدا ئەگەر بۆی ڕوون بۆوە کێ ئـەو ئەژدیهایـەی کوشتووە ، ئەوا خەڵاتی بکات و کچەکەی خۆیشی لێ مارەکا.

هەر بابا بوو خۆی ڕێکدەخست و خۆی دەڕازاندەوە بۆ ئەوەی لەو پێشـبڕکێیەدا کچـی پادشـا هەڵیبـژێرێ، ئـەو دەیـوت: مـن ئەژدیهاکەم کوشتووە..ئەو دەیوت: نەخێر من کوشتوومە.

بووبـــووه دەمـــەقالێ و مقۆمقـــۆییێ، ســـەگ ســـاحێبی خـــۆی نەدەناسیەوە.

کچی پادشا وتی: بابە هێندەی لەسەر و پـۆلاکی ئەمانـە دەڕوانم، هیچیان ئەو کەسە نین کە ئەو جوامێریەی نواندووە.

باوکیشی بەسەرسووڕمانەوە وتی: کچم ئەم شـارە هـەر ئەوانـەی لێیە، خۆ ئەو کەسە دێو و دڕندە و جانەوەر نەبووە؟

کچەکە وتی: نەخێر بابەگیان، بەو دووچاوانەی خۆم ئـەو کەسـەم بینیوە، ئەو کەسە نەدێوبوو،نەدڕندە، بەڵکو مرۆڤێ بوو وەکو من و تۆ و هەر لەم شارەش دایە.

پیرەژنەکـە کـە هاتـەوە مـاڵ و چـاوی بـە توانـا کـەوت ئـەوە لـە ژوورەوە پاڵکـەوتووە و پرخـەی ڕۆژە ڕێیـەك دەڕوات، لەخـەوی کرد، دەنگی لێ هەڵبڕی: هـەی ماڵکـاول ئـەوە بـەو ئـاخر زەمانـە لەماڵەوە چـی دەکـەی؟ بۆچـی خـەوتووی؟ کـورە، پادشـا بزانـێ لێرەی، خراپت بەسەر دێنێ، دەی خۆت خڕکەوە،هەڵسە بڕۆ، بڕۆ وەکو ئەو خەڵکە لەگۆڕەپان بووەستە، بزانە دنیا چ باسە؟

توانا بەزمانێکی پڕ لەبەزەیەوە وتی: ئاخر دایەژن مـن غـەوارەم، بێ کەس و کارم، دەترسم پادشا بمکوژێ.

پیرەژنەکە وتـی: گومـانی خـراپ مەبـە، پادشـای ئێمـە ئەوەنـدە دڕدۆنـگ و دڵـڕەق و خـراپ نیـە بـێ بیرکردنـەوە بڕیـاری کوێرانـە بدات، نەخاسمە لەهەمبەر شتێك زانیاری لەبارەوە نەبێ.

ئەویش نەگوتی، ئا، نەگوتی: نـا، ناچم..بەهێواشـی پێـی هـەڵێنا، ڕۆیشـت، لەگۆڕەپانەکـە نزیـك بـۆوە، سـەیری پـێ هـات ئـەوە حەشاماتێکی بێ شوومار، سیخناخە لە خەڵك، پەیتا پـەیتا لێیـان چووە پێش.. کچـی پادشـا لـەدوورەوە ئـەوی بینـی و ناسـیەوە، بەدەم هەڵبەز و دابەزەوە دەستی بۆ توانا درێـژ کـرد و کـە ڕووی کردە باوکی، وتی:

بابـە بابـە هـەهاااااااا، بنـۆڕێ بنـۆڕێ، خۆیـەتی، ئـاااااا، ڕێـك خۆیـەتی، نـازانم دەیبینـی، یـان نـا، ئـەو گەنجـەی خەریکـە لـەو قەرەباڵغیـە دێتـەپێش، ئـەوە ئـەو کەسـەیە ئـەم جوامێریـەی نواندووە.

پادشا فەرمانی بەیاساوڵەکاندا لەو جەنجاڵیە قـۆڵی توانـا بگـرن و بیهێننە لای. یاساوڵەکان خۆیان گەیاندێ، لەگەڵ خـۆدا هێنایـان، پادشا بەتامەزرۆییەکی زۆرەوە لێیپرسی: گەنجۆ، ڕاسـتە تـۆ ئـەو ئەژدیهایەت کوشتووە؟

کچە لەچاوەڕوانی وەڵامیدانەوەی ئەو نەوەستا، پشتی کوڕپژگەی بەلای باوکی وەرچەرخاند و وتی: ئەها بابەگیان، سـەیرکە سـەیر، ئەو خوێنە شوێن پەنجەی منە، من وەکو نیشانەیەك لێیمداوە.

توانا قڕوکپ، ورتەی لەدەمەوە دەرنەهات.. پادشا وتی: بابەکەم، زار هەڵبێنە، بخوازە ماڵی دونیا، چیت دەوێ، بڵێ ، لەمنەوە ئەو

کچەی خۆمت بە شەوی بەرییەوە پێشکەشبیٚ و دەتکەمە شالیار و لەلای ڕاستی خۆمت دادەنێم.

توانا ئاخێکی پر بەسیەکانی هەڵکێشا، وتی: ئەی پادشای مەزن، دڵتەنگ مەبە، من نەکچی تۆم دەویٚ، نەدەمەویٚ ببمە وەزیر، من بابایەکی ڕێبوار و سەرگەردانی مەملەکەتێکی دوورم، ئەگەر دەتەویٚ ببیە دەسبارم، تەنها داواییەکم هەیە من کە ئێستا لە حەوت تەبەقەی ژێر زەویدام، خەڵکی سەر زەویم، دەمەویٚ بمبەیتەوە سەر زەوی و هیچی ترم لێت ناویٚ.

پادشا سەری بۆ قسەکانی لەقاند، وتی: بابەکەی بابم، ئەو شتە تۆ داوای دەکەیت، لەبارتەقای مندا نییە، بەڵام لێرەدا شتیٚ هەیە، برۆ لەم دارستانە چڕ و جەنگەڵەی پشت ئەم کاخەوە، سیمرخێك هەیە ڕەنگە ئەو بتوانیٚ هەڵتبگریٚ و بتباتەوە سەر دونیاییٚ، جا بچووە لای، بزانە چی دەڵیٚ؟هەر داوایەکی هەبوو، وەرەوە لای مامی خۆت، بەسەرچاو، جیٚ بە جیٚ دەکەم.

توانا سوپاسی کرد، بەرەو دارستانەکە ڕۆیی، کەوتە چاوگێڕان بەم تەنیشت و ئەو تەنیشت و پێش خۆی،سیمرخی نەدی. تەنها چاوی بەو دوو بەچکە سیمرخە بچووکە زاخاودا کە لەسەر دارێکی ناقۆلا ڕۆنیشتبوون، مارێکی قەفەستووری درێژ ئەوە هێدی هێدی بەسەر دارەکە هەڵدەکشیٚ بچیٚ بەچکەکان بخوا و بەچکەکانیش لە ترس و تاوا، قاژ و قیژژێکیان بوو، نەبێتەوە، خەریك بوو دین

دەبوون، چەندی هاواریان دەکردیٚ: ئەی مار نێیتە پـێش، تکایـە توخنمان مەکەوە.

مارەکـە بۆیـان خەنیـەوە، وتــی: ئێـوە پـارووێکی چـەوری مـنن، گۆشتی لەئێوە خـۆش و ناسـکترم چـنگ ناکـەویٚ بیخـۆم ،هـات و هاواریش مەکەن، چونکە هاوارکردن دادتان نادا، هەرچـیەك بکـەن بیٚ شووڵە.

توانـا گـوێی لـەو دەمەتەقێیـە بـوو، نـەیکردە نامـەردی، لـەجێوە تیرێکـی گرتــە مارەکــە و پێکـای.. مارەکــەی لــە قــەد دارەکــەدا ســەرەو خــوار کــردەوە، ئــەوجا خــۆی لــە شــوێنێکی ئــەم نــاوە حەشــاردا بزانــیٚ کــە ســیمرخی گــەورە هاتــەوە، هەڵوێســتی چــی دەبیٚ.

تـاویٚ ڕابـورد، سـیمرخی گـەورە پەیـدابوو، کـە چـاوی بـە مـاری هاوڕێی کەوت ئەوە کوژراوە و خوێنی لەبـەر دەڕوات، فرمێسـکی بۆ ڕشت ، بەدەنگێکی بەرزەوە قیژاندی: ئەوە چ ناکەس بەچـە و بیٚ غیرەتێك ئەم کارەی کردووە؟ کیٚ بەخۆی دەڵیٚ: منم، با خۆی ئاشکراکا و بۆم بێتە مەیـدانیٚ تـا گۆشـت و پێسـتی ورد و خـاش کەم.

بەچکەکان هاتنە جـواب: توخـودا ئـەو قسـانە مەکـە، بڵـیٚ: کێیـە ئەوچاکەیەی دەگەڵدا کردووم، بابێتە پێش خزمەتیکەم، پاداشتی بدەمەوە، تۆ لەوە بـیٚ ئاگـای، نەتـدەزانی ئـەو ئـەژدیهای سـاڵانە

بەچکەکانی دەخواردی، دواجار دەرکەوت ئەو هاوڕێیە دڵسۆزەت بوو، ئەو مارە بەو دارە هەڵزنا، هات بمانخوا، خوا خێری ئەو زەلامە بنووسێ وەکو فریادڕەسێك بە فریامان کەوت، ئەو نەفرەتیەی بەو دەردە برد، وەئەگینا بەحەیاتی خۆت نەمانت دەبینیەوە.

سیمرخەکە ڕووی سووڕاندە ئەو دەوروبەرە، تەماشایەکی چواردەورەی خۆی کرد و بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: هۆی هااااای، هۆۆۆۆۆ، ئەوە کێ یە ئەو چاکەی دەرهەق نواندووم، با خۆی دەرخات ودەرکەوێ، بێتەپێش، بخوازێ ماڵی دونیا.

توانا خۆی نیشاندا، وتی: ئەوە من بووم ئەو ئیشەم کرد.. ئەوەی ڕاستیبێ هاتووم، هچیم لێتناوێ، تەنها دەمەوێ یارمەتیم بدەیت بچمەوە سەر دونیایێ.

سیمرخەکە بەو قسەیە حەپەسا، بەتەوسەوە وتی: خۆزگە حەوت ساڵی دیکە بەچکەم ببووایە و ئەو ئەژدیهایە بیخواردایە بەس ئەو داوایەت نەکردایە، چونکە چوون بۆ سەر دونیا هەر بەدەم خۆشە، ئێستاش مادامەکێ هەروا دەڵێی، منیش قسەیەك بوو کردم، بڕۆ،حەوت کەلاك وحەوت کوندە ئاوم بۆ بێنە و وەرەوە، ئیشەللاّ دەتبەمەوە سەر دونیایێ.

توانا بەکەیفسازی، گەڕایەوە لای پادشا و داوای سیمرخی پێ ڕاگەیاند، ئەویش دایە قاقای پێکەنین و وتی: ئەوە هەر داوا نییە، هەر ئێستا بۆتی فەراهەم دێنم.

فەرمانی بە یاساوڵەکاندا بەپەلە حەوت مەڕی بۆ سەرببڕن و حەوت کوندە ئاویشی بۆ ئامادەکەن.

توانا بە خۆ و حەوت کەلاك و حەوت کوندە ئاوەوە، گەڕایەوە، هەمووی خستە سەر پشتی سیمرخ و خۆیشی سواری پشتی بوو: دەی خۆت بگرە..سەر دونیا ئەوە هاتم.

سیمرخ بۆ سەرەوە هەڵفڕی، تاو نا تاوێ، بانگی دەکرد: کەلاکێکم بۆ شۆڕکەوە.

توانا، کەلاکێکی بۆ شۆڕ دەکردەوە، دەیخوارد.

بانگی دەکردەوە: دەی کوندە ئاوێکیشم بۆشۆڕکەوە.

کوندە ئاوێکی بۆ شۆڕ دەکردەوە و ئەویش هەڵی دەلووشی.

زۆریان نەما بگەنە سەر دنیا، حەوت کوندە ئاو و حەوت کەلاکەکە تەواو بوو، سیمرخەکە وتی: ئەرێ هیچ ڕووناکیەکت لێ دیارە ؟

توانا وەڵامیدایەوە: بەقەدەر جێ خەرمانێ، ڕۆشنایم لێ دیارە.

سیمرخ وتی: دەی مادام وایە، کەلاکێکی دیکەم بۆ شۆڕکەوە.

توانا دڵی نەهات پێیبڵێ: کوندە ئاو و کەلاکەکان تەواو بوون، بۆیە تاوەکو هەست بەهیچ نەکات، بەشمشێرەکەی، لەتێکی ڕانی خۆی بڕی و بۆی شۆڕ کردەوە.

ئەویش کە دەمـی لێـی گیرکـرد بیخـوا، تـامی کـرد زانـی گۆشـتی مرۆڤە، نەیخوارد.
توانـــای گەیانـــدە ســـەردنیا، ئـــەوجا پێیـــوت: دەی ئـــەوە گەیشتیەجێ، ئێستا دەتوانی برۆی.
توانا بەلەشی شـەکەتەوە وتـی: تـۆ خـەمی منـت نـەبێ، مـن زۆر ماندووم، با قیچێ بحەسێمەوە، پاشان دەڕۆم.
سیمرخ وتی: یەك شەقاو لێرە ناڕۆم تاوەکو پێشتر تۆ لەبەر چاوم نەڕۆی.
چەند توانا وتـی: ئـاخر کـەی حەسـامەوە هـەر دەبـێ بـڕۆم، ئـەو وەخـت دەڕۆم، زۆر مـەمنوون، تـۆ بـەکاری خۆتـەوە بـڕۆ، کـاری خۆت لەسەر من دوامەخە.
لێ سیمرخەکە موکوڕ بوو لەسەر ئەوەی هەر دەبێ ئەو لەپێشەوە بڕوات.
توانا بەناچاری لەجێوە هەستا، چـەند هـەنگاوێك پێـی هەڵێنا،لـە ڕۆیشتنەکەیدا، دەشەلی.
سیمرخەکە بەدەم پێکەنینەوە ڕووی تێکرد، وتی: توانـا وامەزانـە لەگوێی گادا نووستبم و هیچ نەزانم، هەر کە تامی دواکەلاکم کـرد، زانـیم ڕانـی خۆتـت بـۆم بڕیـوە، گۆشـتەکەم نـەخوارد، دەی شوێنەکەیم نیشاندە.

سیمرخ گۆشتەکەی دەمی خستە سەر برینەکەی توانا و چەند کەرەتێ لەپەڕەی باڵی خۆی هەڵسوویی، یەکسەر یەکیگرت و چاك بۆوە، ئەوجا وتی: ئێستا دەتوانی بڕۆی.
ئەویش ڕۆیشت، چەند شەو و ڕۆژێك ئەو ڕێگەی کوتایەوە تاوەکو گەیشتە نزیك شارەکەیان و لە ئاشێکی ئەو دەوروبەرەدا، لایدا، بە خاوەن ئاسیاوەکەی وت: قوربان ڕێبواری ڕێی دوورم، سەرم هەڵگرتووە، لێرە و لەوێ دەگەڕێم ،کارێ، کاسبیەك هەبێ بیکەم،ئەگەر ئیشێکت هەیە پێمی بسپێری، سوپاست دەکەم.
ئاشەوانەکە وتی: من، دەمێکە لەکەسێکی وەك تۆ دەگەڕێم بەردەستیم بکات، فەرموو وەرە لای مامی خۆت و دەست بەکاربە.
بەیەکەوە دانیشتن، توانا پرسیاری دەنگ و باسی شاری لێ کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە، وتی: بڵێم چی؟ بارودۆخی شار تەواو شڵەژاوە، فەرتەنەیەکە،کەس بەکەس نییە.
کە پرسی: ئاخر بۆچی؟ چی بووە؟
وتی: پادشاکەمان سێ کوڕی هەیە، ماوەیەك پێش ئێستا هەرسێ کوڕەکەی دەنێرێ بچن بولبولی خۆش ئاوازی بۆ بێنن بۆ ئەوەی باخەکەی بەربگرێ، دیارە باخێکی هەیە و باخەکەی بەر ناگرێ، لەو سێ کوڕەی وادەڕۆن، تەنها زانا و دانا دێنەوە،

بەقسـان توانـا تـاوەکو ئێسـتا بێسـەر و شـوێنە، کـەس نـازانێ چـووەتە کـوێ و چـی لـێ بەسـەر هـاتووە، جـا ئـەو دوو کـوڕەی دەگـەڵ دەسـتی خـۆدا بولبـولی خـۆش ئاوازیـان هێنـاوە و هاتوونەتـەوە، سـەیرەکەی لەوەدایـە ئـەو بولبولانـە نـاخوێنن، پادشـای ئـەو مەملەکەتـەی بولبولەکەشـیان لێـی هێنـاوە، لـەدوێنێوە بـەخۆ و سـوپایەکی زەبەلاحـەوە لەقـەراغ شـار سەنگەریان لێگرتووین،دەڵێن: دەبـێ بۆمـانی ڕوون بکەنـەوە ئـەو کوڕانە چۆن ئـەو بولبولانـەیان هێنـاوە؟ ئەگـەر ئیتقاتمـان هـات، ئەوە ئێمە لەکوێوە هاتووین، بۆ ئەوێ دەگەڕێینەوە.. کوڕەکـانی پادشا هەرجارە لە ئاوازێ دەخوێنن، جارێـك دەڵـێن: بولبولـەکان لەسەر دارێکی زۆر زل خەوتبوون و لەشیرنی خەودا بوون، ئێمەش هـەردوکمان بەهێواشـی بۆیـان چـووین، بولبولـەکانمان بەئاسـانی گـرت، کەچـی جـارێکی دیکـەدەڵێن: نـا، وانـەبوو، ئـەو بولبولانـە لەسەر ئەو زەویە دەیانخوێنـد، خۆمـان لـێ مەلاسـدان، بەدزیـەوە لێیان چووینە پێش و وا دەمـانبینن هێناومـانن، کەچـی پادشـای ئەو مەملەکەتـەی دیکـە دەڵێـت: نـەخێر ئـەم قسـانە وانییـە و لـە ڕاسـتیەوە دوورن، ئەگـەر هەقیقـەتی بردنـی ئـەو بولبولانـەمان پێدەڵێن باشە، وەئـەگینا شـەڕتان دەگـەڵ دەکـەین، جـا ئەوەیـە بارودۆخی شار.

توانا بەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو، وتی: مامەگیان بۆ ناچی شتێ بۆ کوڕی خۆت بکەی؟

ئاشەوانەکە وتی: شتی وەك چی؟

وتی : من تەگبیرێ دەزانم، بەو تەگبیرە لەلایێ تۆ لەکۆڵ ئاشەوانی دەبیەوە وادەکەم نانت چەوربێ، لەلایەکی دیکەوە منیش لەم گەڕان و سووڕانەم ڕزگار دەبێ و دەحەسێمەوە، کاکڵەی قسان دەمەوێ سبەی بۆ برای خۆت بچیە خزمەت پادشا و پێی بڵێ: من شاگردێکم هەیە،دەڵێ: دەتوانم قەناعەت بەو پادشایە بێنم چۆن بولبولی خۆش ئاواز هاتووە، نەهێڵم شەڕ بەرپابێ.

بابای ئاشەوان بەکەیف و سەفاوە وتی: جا تۆ بتوانی ئاوێ بەو ئاگرە داکەی، قەت خێری لەوە باشترت دەست ناکەوێ.

کابرای ئاشەوان بۆ شەوسو خۆی گۆڕی، چووە دەربار، باسی ئەو کوڕژگەی بۆ کرد، ئەویش ناردیە دوای، وەلێ کەس نەیناسیەوە، باوکی بەتاسەوە وتی: ئەی گەنج، تۆ لە خۆت ڕادەبینی قەناعەت بەو پادشایە بێنی شەڕمان دەگەڵ نەکا؟

توانا چاوەکانی هەڵگلۆفت و وتی: بەڵێ قوربان لەخۆم ڕادەبینم وابکەم شەڕتان نەکەن و بۆشیان بسەلمێنم ئەو بولبولانەی کوڕەکانت هێناویانە، ئەو بولبولانەلە کوێ بوونە و چۆنیش

هاتوون، بەڵام پێش وەختە من مەرجی خۆم لەگەڵت هەیە،من کاتی خۆی دوو خانەزام هەبوون، بێ پرس، ڕایان کردووە و هەلآتوون، زانیاریم وەرگرتووە ئەو دووکەسە هاتوونەتە دەربار و تۆ داڵدەیانت داوە، دەمەوێ پێش هەر شتێ، ئەو خانەزانەم ڕادەست کەیەوە.

پادشا چاوئەبڵەق بوو، بە سەرسامیەوە پرسی: جا ئەوانە کێن؟ ناویان چییە ؟

توانا سەری لێ بادا، وتی: زۆر بەتەواوی نازانم ناویان چییە، ئەوەندەی بیزانم، ئەوانە خانەزا و خزمەتکارم بوونە، بەڵگەشم بۆ ئەو قسانە ئەوەیە مۆری خۆمم لە ڕانیان داوە.

پادشا لە سەر و سیمای توانا ورد بۆوە، هەستی کرد لەشوێنێکی بینیووە، چەند بیری هێنا و بیری برد، ئامانجی نەپێکا..کات بەری ئاوڕدانەوە ناگرێ، بەپەلە فەرمانی دا هەرچی خانەزای دەربار هەیە، کۆیان بکەنەوە تاوەکو ئەو کوڕە گەنجە بیانبینێ.. هەموویان هاتن، ئەویش بەدیقەتەوە لە یەکە یەکەیان ڕاما، کە ڕووی بەلای پادشا وەرگێڕا، وتی: قوربان ئەمانە هیچان هەو نین.

پادشا بەپەرۆشەوە وتی: جگە لەمانە، کەسی ترم نین خانـەزابن، ئـــەوەی مـــاوە و نـــەماوە تـــەنها دووکـــوڕی خـــۆمن، خـــۆ نـــاڵێی کوڕەکانتم بۆ بێنە.

توانا خۆی شێڵوو نەکرد، وتی: ئێ دەبـانگی ئەوانیشـم بـۆ بکـە، کێ دەڵێ ئەوان هەو نین.

پادشا شڵەژا، بەکەساسیەوە وتی: ئاخر ئەوانە کوڕی منن، ئەوانە بـــەژیانی خۆیـــان خانـــەزا و بەردەســـتی کەســـیان نـــەکردووە، بەهەرحاڵ بۆ دڵنەوایت، وا دەنێرمە دوایان.

ناردیە دوایان، کاتێ هاتن، توانا لە دوورەوە دەسـتیانی بـۆ درێـژ کـرد و بەهەڵپەیەکـەوە وتـی: ئەوانـە ئـەو خانەزایـەن، عەیامێکـە بەدوایاندا وێڵم، عەیامێکە بەدوایانا دەگەڕێم.

پاداشا بە حیرسەوە وتی: ئاخر ئەوانـە کـوڕی مـنن، چـۆن شـتی وادەبێ؟

توانا دایە قاقـای پێکـەنین، وتـی: ئـەوجا بـا هـەر کـوڕی تـۆ بـن، ئەوانەخانەزای من بوونە، ئەگەر باوەڕ ناکـەی، فـەرموو تەماشـای ڕانیان بکە بزانە درووغی دەکەم یان لەسەر هەقم.

بـۆ ڕاسـت و دروسـتی ئـەو قسـەیە، بـەکوڕەکانی وت: دەی هـەر ئێستا شەرواڵی بەرتانم بۆ داکەنن، ڕانتان ببینم.

زانا و دانا هەندێ خۆیان هێنا و برد بابەتەکە بە ئاقارێکی دیکە ببەن، شەرواڵی بەریان دانەکەنن.. کە باوکیان بەسەریدا نەڕاندن، ئەوجا بە ناچاری شەرواڵی بەریان داکەند، دەق قسەکەی توانا دەرچوو.

توانا وەکو لەوە زیاتر نەتوانێ بەرگەی ئەو بارودۆخە بگرێ، خۆی لێ ئاشکرا کرد، وتی: بابەگیان من توانام، کاتی خۆی لەسەر راسپاردەی تۆ لەگەڵ ئەو دوو برایەم چووین بولبولی خۆش ئاواز بێنین، من بولبولەکەم پەیداکرد و چوومە ئەو شارەی ئەوان لێی بوون، یەکێکیان بووبووە شاگرد کەبابچی و ئەوی تر شاگرد چایچی، لەپیاوەتی خۆم، ڕزگارمکردن، بەهانایانەوە چووم و لەلای خۆمدا کۆم کردنەوە، تەنانەت مۆری خۆشم لە ڕانیاندا، سەرباری ئەو چاکەیە، ئەوجا لێم بەفێڵ بوون، ویستیان بمفەوتێنن، بەس خودا فریادرەسم بوو، ئێستاش کێشە نییە، وا دەڕۆم ئەو پادشایە دەبینم، بزانم چی دەوێ تا حەل و فەسڵێکی دەگەڵدا بکەم.

بەخۆی و چەند وەزیر و چەند قەرەول و یاساوڵێکەوە ڕۆیشت، دوو بە دوو، خۆی و پادشاکە کۆبوونەوە.

پادشاکە دەم وچاوی خۆی دەمامك دابوو، وتی: تۆ دەڵێی من بولبولی خۆش ئاوازم هێناوە ؟

توانا وتی: بەڵێ، من بولبولی خۆش ئاوازم هێناوە.
لێی پرسی: ئەی باشە نیشانەت چی یە ؟
توانا وتی: نیشانەم ئەوەیە، من چوومە نێو کۆشکەکەت، کچێکی لێبوو زۆر ناسك و نازدار بوو، دەمە دەمی نیوەڕۆ، کەنیزەکانی نانیان بۆ هێنا، چونکە من کڵاوی سەخرەجنم لەسەربوو، ئەو منی نەدەبینی، دەگەڵێدا کەوتمە نانخواردن، بەجۆرێ هەتا ئەو پارووێکی لێدەخوارد، من سێ چوار پارووم لێیدەخوارد، نانەکە تەواو بوو، کچەکەت دووبارە داوای نانی کردەوە، نانیان بۆ هێنایەوە، هەمدیس نانەکەم لەگەڵی خوارد، ئەوجارەیان زۆر تووڕە بوو، شەقێکی لەقاپەکەی بەردەمی هەڵدا و لەخەفەتان لە جێوە لەسەر تەختەکەی ڕاکشا، سینگ و بەرۆکی بۆ بولبولەکان کردەوە،پرچی بۆ دەرخستن، بولبولەکان دەستیان بەخوێندن کرد، ئەویش خەوی لێ کەوت، نیشانەشم بۆ ئەو قسانە ئەوەیە کچەکە خاڵێك لەبەینی هەردوو مەمانی بوو. پاشان هەردوو بولبولەکەم هێنا و هاتمەوە.
پادشاکە دەمامکەکەی لادا و خۆی لێ ئاشکرا کرد، وتی: تۆ مادام ئەو نەوعە جوامێرەبی، منیش ئەو کچەم کە تۆ نانەکەت دەگەڵ خواردم، پەیمانبێ ئەوە منیش خۆم لێ مارە کردی.

بانگی مەلاو ئەملاو ئەولایان کرد، کچەکەی مارەکرد .حەوت ڕۆژ و شــەوان گۆڤەنـد و شــایی گێـڕدرا، بەمــەش توانـا بـووە پادشـای ئەملایـە و پادشـای ئەولایشـی کەوتـە دەسـت، تـاوەکو مردیشـن بەخۆشی ژیان.

*     *     *

# ئەحمەدی دار فرۆش

دەگێڕنـــەوە، دەڵــێن: لـــە ڕۆژگــارێکی زوودا، کابرایـــەك هـــەبوو ئەحمەدی ناو بوو، هەژار ودەستکورت، بژێوی ڕۆژانەی لەسەر ئەو دارە بـــوو کـــە لەچـــیا دەیکـــرد و دەیهێنایـــەوە دەیـــبردە شـــار، دەیفرۆشت.

لە ڕۆژێکی سەرماو سۆڵی زستـاندا، بـەفرێکی زۆر بـاری، ئـەویش لەبێ ئیشی خۆیدا بە دزە دزە چووە نێو باخی کۆشـکی پادشـا و هەندێ لق و پۆپی دارەکان لێکردەوە و هێنایەوە ماڵ سووتاندی.

کە کەش و هەوا خۆش بوو، باخەوانی پادشا چووە ناو باخەکە و تەماشـای کـرد ئـەوە چـەند لـق و پـۆپی هەنـدێ لـە درەختـەکان بڕاون، بەپەلە ئـەم هەواڵـە بەپادشـا دەگەیـەنێ، ئـەویش فـەرمان دەداتە یاساوڵەکان بگەڕێن بزانن کێ ئەو لـق و پۆپانـەی بڕیـوە و چووەتە چ ماڵێ، ئەو کەسە بگرن و دارکاری بکەن.

کاتێ ئەم قسەیە گەییە بەرگوێی ئەحمەدی دارفرۆش، لە ترسـان سەری کاسی هەڵگرت، ڕۆیشتە شـارێکی تر..چـووە مەیـدانی ئـەو شـارە، کـارێ کاسـبیەك بدۆزێتـەوە و بیکـات، کـە لـە دوورەوە کابرایەکی بەرچاو کەوت ئەوا هـات و هاواریـەتی: یـەڵلا وەرنـەوە، وەرنەوە، کێ هەیە یـەك مـانگ بەچـوار لـیرەی حـەلاڵ ئیشـم بـۆ

دەكات، با بێتە پێش ...كێ هەیە یەك مانگ بەدەلیرەی حەرام ئیشم بۆ دەكات، با بێتە پێش.

ئەحمەد لەنێوان چوار لیرە و دە لیرەكەدا، چوار لیرە حەلاڵەكەی هەڵبژارد، دەستی بە ئیش كرد، سەری مانگ داهات، چوار لیرەی خۆی وەرگرت، لەسەر ڕێی خۆیدا، چاوی بەیەك لە بازرگانەكانی شارەكەیان كەوت.. دوای چاك و چۆنی، كە پرسیاری ماڵ و منداڵەكانی لێ كرد.

وەڵامی دایەوە، وتی: ماڵ و منداڵەكەت سەرگەردان بوونە، گوێم لێبووە گوایە ئێستا لێرە و لەوێ سواڵ دەكەن.

ئەحمەد ئاخێكی پڕ بەسیەكانی هەڵكێشا و وتی: بێ زەحمەت لە گەڕانەوە خۆت ڕاسپاردەیەكم هەیە دەكرێ بە منداڵەكانمی بگەیەنی؟

بازرگانەكە وتی: من تاوەكو بەرە بەری نیوەڕۆ لێرەدام، هەرچیەكت هەیە بۆ ئەو وەختە ئامادەیكە، بەسەرچاو بە ئەمانەتەوە بۆتی دەگەیەنمە شوێنی خۆی.

ئەحمەد چووەوە ئەو خانووەی پیاوێكی لەخواترسی سەخی بەخێر بەبەلاش پێی دابوو، پشوویەكیدا، بەرەبەری نیوەڕۆ لیرەكانی هێنا و هاتەوە.

پیاسەیەکی بەناو بازاڕ کرد، کەوتە چاوگێڕان بەملا و بەولای خۆی، دیمەنی کابرایەك سەرنجی ڕاکێشا، کابراکە سندووقێکی لەپێش دەمی دانابوو، پڕ بەگەرووی هاواری دەکرد: دەی وەرنەوە، وەرنەوە بۆ ئەم سندووقە، نرخەکەی تەنها دوو لیرەیە، دوو لیرە و بەس، ئەوەی بیکڕێ، پەشیمانە، ئەوەی نەیکڕێ ئەویش هەر پەشیمانە.

ئەحمەد لە دەروونەوە بەخۆی وت: واچاکە ئەو سندووقە بکڕم، دەی پەنا بەخوا، کێ دەڵێ سوودی نابێ.

سندووقەکەی کڕی، جوان پێچایەوە، لەگەڵ دوو لیرەدا بەکابرای بازرگانی ناردەوە.

کابرای بازرگان گەڕایەوە، لەنیوەی ڕێدا، ختوورەی ئەوەی بە مێشك داهات، لێی بووە مەراق، بەخۆی وت: هیچ ماقووڵ نییە نەزانم ئەم سندووقە چی تیایە. ئەگەر نەزانم نهێنی ئەو سندووقە چییە، ڕەنگە ڕێك دڵم بتەقێ.

هەڵوەستەیەکی کرد،بەئاستەم سەری سندووقەکەی کردەوە، بینی ئەوە دوو بەچکە پشیلەی خرت و جوانی تێدایە، دایە قاقای پێکەنین، لەبەر خۆیەوە وتی: بەڕاستی ئەحمەد پیاوێکی بێ ئەقڵە، بڕۆنێ بڕۆنێ لەجیاتی هەموو دەست و دیارییەکی، بەچکە پشیلە بۆ ماڵ و منداڵی دەنێرێتەوە.

بۆ پشوودان، لایدایە شارێکی گەورە و بووە میوانی کەیخودای ئەو شارە، بەیەکەوە دانیشتن، کاتێ بازرگانەکە کەیخودای بینی ئەوە سێ چوار پاسەوان بەدارەوە لەپێش دەرگا وەستاون، بەئەدەبەوە لێی دەپرسێ: قوربان خێرە ئەوانە بەدارەوە لەبەردەرگا وەستاون؟

کەیخودا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، وتی: من تازە لە ڕاوەشکار هاتوومەتەوە، هێشتا نانی نیوەڕۆم نەخواردووە، مشك هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم کۆشکەی تەنیوە، هێندە چاوقایم و بێ شەرمن، سڵ لەهیچ ناکەنەوە، دێن و دەڕۆن، ئەوەی بیبینن و بەرچنگیان بکەوێ، پەلاماری دەدەن، دەیخۆن، ئەوانەش مشکەکان پاس دەکەن تا نانەکە بە ئیسراحەت بخۆم.

بازرگانەکە سندووقەکەی ئەحمەدی بیرکەوتەوە وتی: باشە من ئەگەر شتێکت بۆ بکەم ئەم مشکانە نەوێرن توخنت بکەون، چیم دەدەیتێ؟

کەیخودا قاقا پێکەنی، وتی: تۆ ئەگەر ئەوچاکەیەم دەگەڵدا بکەیت، وەعد پێنج سەد لیرەت بدەمێ.

بازرگانەکە سندووقەکەی هێنا، کردیەوە، بەچکە پشیلەکانی بەڕەڵڵای ئەوناوە کرد، پشیلەکان هەر ئەوەندە میاواندیان، ئیدی

یەك مشك چییە، لەم دەوروبەرە نەما،بەمەش ڕێ بۆ کەیخودا خۆش بوو بەئسراحەت نانەکەی بخوات.
کەیخوداکە پێنج سەد لیرەکەی پێدا، ئەویش پێنج سەد لیرەکەی خستە سندووقەکە و دوای خوداحافیزی، ئەوێی جێ هێشت.. چووەوە مەملەکەتەکەیان، دوولیرە و سندووقەکەی بە پێنج سەد لیرەوە ڕادەستی ژنەکەی ئەحمەد کرد، ئەویش بەو دەست و دیارییە هێندە کەیفساز بوو، خۆشیەکەی باس ناکرێ.
دوای مانگێك و چەند ڕۆژێکی دیکە، هەمدیس بازرگانەکە چووەوە ئەو شارەی ئەحمەدی لێ بوو، جارێکی دی یەکتریان بینی، ئەحمەد دوو لیرە و سندقێکی تری پێدا ناردەوە، ئەویش ئەو سندووقە بوو کابرایێ هاواری دەکرد: دەی وەرنەوە دەی، یەللا وەرنەوە بۆ ئەم سندووقە، نرخەکەی تەنها دوو لیرەیە، هەرکەسێك بیکڕێ پەشیمانە، ئەوەی نەیکڕێ هەر پەشیمانە.
کابرای بازرگان لەگەڕانەوەیدا لەنیوەی ڕێدا، ختوورەی ئەوەی بە کەلکەلە داهات، لێی بووە مەراق، بەخۆی وت: هیچ ماقوولێ نییە نەزانم ئەم سندووقە چی تیایە، ئەگەر نەزانم نهێنی ئەو سندووقە چی یە، ڕێك دڵم دەوەستێ.
بەئاستەم سەری سندووقەکەی کردەوە، بینی ئەوە سێوێکی سووری لوبنانی تێدایە، لەبەر خۆیەوە وتی: بەڕاستی ئەحمەد

کـەرپیاوە، برۆنـێ برۆنـێ لـەجیاتی هـەموو دەسـت و دیارییـەك، سێوی لوبنانی بۆ ماڵ و منداڵی دەنێرێتەوە.

کابرای بازرگان بۆ پشوودان دیسان لەسـەر ڕێـی خۆیـدا، بـووەوە میوانی کەیخودای ئەو شارە، بەیەکەوە دانیشتن، کاتێك تەماشای کرد ئەوە ماڵی کەیخودا مشەوەشن، پرسیاری ئەم شڵەژاویەی لێ کـرد، ئـەویش بەخەمباریـەوە وتـی: مـن لـەدونیای خـوادا، تاقـە کچێکم هەیـە، زۆر نەخۆشـە، حـەکیم و لوقمـان نـەماوە نەیهێنمـە سـەری، چـاك نابێتـەوە، دەڵـێن تـەنها سـێوی لوبنـانی چـارەی دەکات، ئەو سێوەشمان دەست ناکەوێ، بەقسـان ئـەو سـێوە لـە مەملەکەتێکی هێندە دوورە، کەس نایگاتێ، هەروەها کەسـێکیش نیە شارەزای ئەم ڕێگەیەبێ کە بەرەو لوبنان دەڕوات تاوەکو بچێ ئەو سێوەمان بۆ بێنێ.

بازرگانەکە بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە ڕووی کردە کەیخودا و وتـی: باشـە ئەگـەر مـن ئـەو سـێوەم بـۆ پەیـدا کـردی، چـیم دەدەیتێ؟

کەیخودا وتی: وەعد هەزار لیرەت بدەمێ.

ئەویش لە جێوە هەستا، سندووقەکەی هێنا و هاتەوە، سێوەکەی دەرکرد، سێویان دایە پەریزادە، ئەویش کـە لـەتێکی لـێ خـوارد، هێندەی نەبرد ئەلەمی لێ نەما و چاك بۆوە.

کـەیخودا هـەزار لیرەکـەی پێـدا، کـابرای بازرگـانیش لەتـەك دوو لیرەکەدا، هەزار لیرەکەی کردە نـاو سـندووقەکە و بەئەمانەتـەوە ڕادەستی کەس و کاری کردەوە.

ژنەکەی ئەحمەد بەو پارەیە خانووێکی جوانی پـێ کـڕی و چـووە ناوی.

پێش ئەوەی بازرگانەکە بڕواتـەوە، هاوسـەرەکەی ئەحمـەد خـۆی گەیانـدێ، پێیـوت: گـەر ئـەرك نـەبێ، ئـەمجارە لەسـەر خێـران ڕۆیشـتی و چـاوت بـە ئەحمـەد کـەوت، پێـی بڵـێ: ماڵـەوەتان گوزەرانیان زۆر خـۆش بـووە، لەهیچیان کـەم نیـە، دەڵـێن: دنیـا شامی شەریفە، با بێتەوە.

بازرگانەکـــە چـــووەوە هـــەمان شـــار و ئەحمـــەدی بینییـــەوە، ڕاسپاردەی خێزانەکەی پێڕاگەیاند، ئەویش بڕیاریدا بێتەوە.بۆیـە بارگـەی خـۆی تێکنـا، دوعاحـافیزی لـەخاوەن خانووەکـە کـرد و هاتەوە، نەیـدەزانی ماڵیـان کامەیـە، بەپرسـیار لـەم و لـەو، ماڵـە نوێیەکەی خۆیانی دۆزییەوە.

پێی نایە خانوەکە، نۆڕی ئەوە ژنێك لەخانووێکی گەورەی خۆش و قەشەنگ وا لەنێو باخچەیەکی ڕازاوەدا ڕاکشاوە و منالەکانیشـی لە تەکیدا درێژ بوونە، دەسـتی بـەدەم و چـاویەوە گـرت، وایزانـی ئەوە ژنە پادشایە، لە دەروونەوە بەخۆی وت: نا، نابێ ئەوە ژنـی

من بێ، نا، ماقوولْ نییە ئەوخانوەش هی بابایەکی هـەژاری وەکـو من بێ، دەستغەڵەتیان داوم، ئەمە ماڵی من نییە.

ڕووی وەرگێڕا، هەنگاوی هـەڵگرت، ویسـتی بـڕوا، خێزانەکـەی بـە بینینی، ناسییەوە، بانگی کرد: ئەحمەد ئـەوە بـۆ کـوێ دەڕۆی، ئەوە ماڵمانە و منیش بەگیسی خێزانتم.

ئەحمەد لەخۆشیان خەریك بوو باڵ بگـرێ، لێیـان چـووە پـێش و ئامێزیان بۆ یەك کردەوە، بەیەك شادبوونەوە.

بەگیسی مەسەلەی بازگانەکە و سندووقەکانی لەنووکەوە بۆ بـاس کر، ئەحمەدیش وتی:

یــەکێ بییــەوێ ئیشــێك بەحــەلاڵی بکــات، خــوای پــەروەردگار بەرەکـەتی تێدەخا،سـەری ڕزقـیش لـەبن گڵـە، خـوا سـەر بـدات، ڕزقیش دەدات. جا برایەکەم ئـا ئەوەیـە نـانی حـەلاڵ چـۆن زیـاد دەکا و پەرە دەسێنێ.

❊ ❊ ❊

# کچی پادشای قراڵ

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لـە ڕۆژگـارێکی زوودا،پادشـایەك سـێ کـوڕی هــەبوون (ســەرکێو و سەرچــیا و سەرســام ) کچــە ئامۆزایــەکیان هــەبوو (گوڵبــەهار)ی نـاوبوو، گوڵبــەهار تــابڵێی کچێکی ناسـك و نازداری شۆخ و شەنگ و زێبا و سەنگین بوو، ئەو سێ کوڕە هەر سێکیان حەزیان لێی کردبوو، لێیان بووبووە مقۆمقـۆ و مەرافـە و دەمەقاڵێیەك، ئەو دەیوت: دەبێ گوڵبەهار بۆ منبێ.

ئەویتر دەیوت: ئەو کچە تەنها شایستەی منە، لەمن بترازێ نابێ ببێتە حەلاڵی کەس.

ئەو کێشمەکێش و ململانێیە گەیشتە ئەوەی هەر یەکـە لەڕاسـت خۆیەوە شمشێر لەویتر هەڵکێشێ.

باوکیان بەو دیمەنـە قێزەونـە پەسـت و نیگـەران بـوو، بانگیـانی کـرد، بــێ پــەردە و ڕاشــکاوانە پێــی وتــن: مــن ئاگــادارم، دەزانم هــەمووتان چــاوتان لــەو کچــەی مامتــان بڕیــوە، خەریکــە لــەبێ ئەقڵێتان، سکی یەك هەڵبدڕن و یەکتری بکوژن، ســەرەنجام جگـە لە حەیا چوون و سەرشۆڕی، هیچتان بۆ نامێنێتەوە، بۆیە تاوەکو دڵتان ئاوبخواتەوە، ئەم کێشەیە بەکۆتابێ ، فەرموو ئەوە عەرد و ئــەوە گــەز، تاقیتــان دەکەمــەوە، دەرفــەتی ئــەوەتان پێــدەدەم هەتان سێ جاران بچنە تیجـارەت، دواجـار کامـەتان لـە هــەموان

پتری دەسکەوت هێنایەوە، ئـەوا مـن خـۆم گوڵبـەهاری لـێ مـارە دەکەم.

سەرکێو و سەرسـام کـە لـەدایکێ بـوون، پێکـەوە بـەخۆ و پـارەو پـــولێکی زۆر و زەبەنـــەوە کەوتنـــە ڕێ، لـــەنیوەی ڕێـــدا، لێـــك جیابوونەوە، هەریەکەیان ڕێیەکی گرتەبەر.. سەرچیا لەم نێوەندە بەتەنیا مایەوە، چووە لای بـاوکی، بەهەڵپەیەکـەوە ڕووی تێکـرد، وتـی: باوکە گیان منیش حەز دەکەم وەکو براکـانم بەشـداری ئـەو کێبڕکێیە بکەم.

باوکی وتـی: کوڕم ئاخر تۆ هێشتاکە مندالّی، کەڵکی ئـەوەت نیـە کاری بازرگانی بکەی، بۆیە خۆت لەقەرەی شتێك مەدە، ئەو شتە لەبارتەقات دانەبوو.

سەرچیا موکوڕ بوو کـە دەبـێ ئـەویش پێکبکـەن، بـاوکی بیسـت بزنانی پێدا، وتـی: دەبڕۆ ئەوە بیست بزنم پێدای، ئەوجا قامـك و مەقامت ببینم بزانم چی دەکەی!

سەرچیا، بیست بزنەکەی پێشدا، بە وەرزاخێکی لاچەپدا گوزەری کرد کە لەژیانیدا ئەوە یەکەم جاری بوو بەو شوێنەدا بڕوا، ڕۆیشت تـاوەکو گەیشـتە ئەشـکەوتێکی گـەورە، تووشـی دێوێـك بـوو، دێوەکە لەدوورەوە لێی داڕسا و مڕ بۆوە، وتـی: هۆ بـەنی ئـادەم، ئـەوە چ غیرەتێکـە، پێـت بەجـەرگی خۆتـەوە نـاوە وێـرای بێیتـە

ئێره، لەکاتێکدا تا ئێستا کەس زاتی ئەوەی نـەکردووە تەنانـەت بەم دەوروبەرەشدا، تێپەڕێ.

سەرچیا هەڵوەستەیەکی کرد، بە نیمچە ترسێکەوە زمانی گەڕاند: من شازادەم، باوکم ئەو بیست بزنەی پێدا ناردووم تا بەدیاری بۆ تۆی بێنم.

دێوەکە بـەو قسـەیە، نـەرمی نوانـد، بەشـێنەیی پێـی وت: یـاخوا بەخێربێی سەرچاوان، وەرە مەترسە، وەرە لێرە دانیشە، خـۆر وا بەرەو ئاوابوون دەڕوا، تازە ناهێڵم بەهیچ لایەکـدا بـڕۆی، تـۆ ئـەم شەو میوانی منی، بۆ بەیانیش دەچیە کوێ و بـەکام لادادەڕۆیـت، ئەوە خۆت سەربەستی.

کـە سـێ کلیلـی پیشـاندا، وتـی: مـن وادەچـمە شـوێنێ، هێنـدەم پێناچێ، بۆیە تا دێمەوە ئاگات لەم کلیلانەبێ، کـەس نـەیبا، ئـەو کلیلانەش هی سێ ژووری نێو ئەم ئەشکەوتەن، ئەگەر حەزت کرد دەتوانی ژووری یەکەم و دووەم بکەیەوە، بچی تەماشای ناوەوەی بکەی و بزانی چی تێدایە، هااااا، وریابە ژووری سێیەم نەکەیەوە.

سەرچـیا سـەری ڕەزامەنـدی بـۆ لەقانـد وەك هێمایـەك بـۆ پابەنـدبوون بەقسـەکانی.. دێوەکـە پێـی هـەڵێنا، بـۆ خـوارەوە ڕۆیی.. سەرچیاش قیچێ دانیشت تا مانـدوێتی حەسـایەوە،ئەوجا تەکانی دایەبەرخۆ و ڕاست بۆوە، خۆی گەیاندە کلیلەکان، بـەرەو

خوارەوەی ئەشکەوتەکە ڕۆیی، سێ ژووری بەدی کرد، بەهێواشی دەرگای ژووری یەکەمی کردەوە، تاسا کاتێ چاوی بەو ژوورە بەو ژوورە کـەوت، پـڕاو پـڕی لـە دووپشـك و مـاری زل زل بـوو، بەهەڵـەداوان دەرگاکـەی داخسـت و بەکلیلەکـەی تـر دەرگـای دووەمی کردەوە، دیسان تاسا کاتێ لەم ژوورەدا بینی ئەوە پـری لەژنە و ژنەکانیش، یەکێ بە قژی سەری، یەکێ بەمـەمکی، یـەکێ بـەزمانی، یـەکێکی دیکـە بەدەسـتی و یـەکێکیش بەقاچـیەوە بـە دارەوە کراون، بەم دیمەنە هێڵنجی هاتێ، خەریك بوو بڕشـێتەوە، هەسـتی بەناڕەحەتیـەکی زۆر کـرد، بـەخێرایی دەرگـای ئـەو ژوورەشی پێوەدا و ژووری سێیەمی لـێ بـووە مـەراق، نەیـدەزانی ئاخۆ بیکاتـەوە یـان لێیگـەڕێ؟ مـەلی ئەندێشـەی دوور هـەڵفڕی، بـەدەم ڕێـژگاوێکی قووڵـەوە بـەخۆی وت: دەبـێ لـەم ژوورەدا نهێنیەکی گەورە هەبێ، وەئەگینا دێوەکە قـەت بـەمنی نـەدەوت مەیکەوە، دیـارە ئـەو ماسـتە مـووێکی تێدایـە، دەی پـەنا بـەخوا ئەوەشیان دەکەمەوە، ئیتر چی دەبێ ، چی نابێ، چش.

ئەو ژوورەیشی کردەوە، وەلێ چاو ئەبڵەق بوو، کـاتێ تەماشـای کرد ئەوە ئەسپێکی ڕەخشی ڕۆستەمی جوانی لێیە.

ئەسپەکە زمانی هێنایە گۆ: وەرە پێش، وەرە بزانم چۆنت توانی بێیە ئێرە؟ ئەوە لێرە چ دەکەی؟ عەودالّی چی؟ لەچی دەگەڕێی؟

سەرچیا لەنووکەوە سەرگوزەشتی خۆی و براکانی بۆ گێڕایەوە، ئەسپە کحێلیەکەش پێی وت: مادامەکێ وادەڵێی، وەرە لەسەر پشتم تەڵە مووێکی سپی هەیە، ئەو تەڵە هەڵکەنە و هەڵیگرە، هەر کاتێ کەوتیە تەنگانە، هەر ناڕەحەتیەکت تووشی هات، ئەم تەڵە مووە بسووتێنە، من دەم و دەست دەگەمە لات، بەلاّم گوێڕایەڵی ئەم ئامۆژگاریانەشم بە: پێش ئەوەی لێرە بڕۆی، ئەگەر دێوەکە لێی پرسی: چیت دەوێ؟ چیت ناوێ؟ پێویستیت بەهیچ نیە؟ بڵێ: تەنها خۆشی تۆم دەوێ..ئەگەر لێی دووبارە کردییەوە: چیت دەوێ؟ چیت ناوێ؟ پێویستیت بەهیچ نیە؟ دیسان بڵێ: خۆشی تۆم دەوێ.. خۆ هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی داوایەکی لێبکەی، پێی بڵێ: مادام هەروا دەڵێی، من هیچم لێت ناوێ تەنها ئەم سفرەیەی خوانی خۆتم بدەیێ.

سەرچیا سوپاسی کرد، تەڵە مووە سپیەکەی سەرپشتی ئەسپەکەی لێکردەوە و ئەوێی جێ هێشت.

ئێوارە داهات، دێوەکە هاتەوە، یەکەم قسە کردی، وتی: سەرچیا ڕاستیم لێ مەشارەوە، دوای من خۆ دەرگای سێیەمت نەکردەوە؟

سەرچیا  وەکو ئاگای لە مەحموودی بێ زەواڵ نەبێ، شانێکی بۆ هەڵتەکاند و ورتەی لەدەمەوە دەرنەهات.
ئەو  شەوەی لەوێ بەسەربرد، بەیانی کە ویستی بڕوات، دێوەکە لێی پرسی: خۆ پێویستیت بە هیچ نییە؟
سەرچیا بەدەم بزەییەکی گەشەوە وتی: سوپاس، تەنها خۆشی تۆم دەوێ.
کە  هەمان پرسیاری  لێ  دووبارە کردەوە: دەبڵێ،دەی، قسەێك بکە، بزانم پێویستیت بەهیچ نییە؟
دیسان پێی وت: سوپاس پێویستیم بەهیچ نیە، تەنها خۆشی تۆم دەوێ.
دێوەکە بۆ سێ یەم جار کە وتی: ئاخر حەز دەکەم خزمەتت بکەم،  ئەگەر هەر داوایێکت هەیە، شەرم مەکە.
سەرچیا  ئەمەی بەهەلزانی، دەستی بۆ سفرەکە درێژ کرد و زمانی گەڕاند: هیچ ناوێ، تەنها ئەو سفرەیەم بدەرێ و بەس.
دێوەکە چەپەرۆکێکی بەسینگی خۆی کێشا، وتی: ئاااااخ، خۆزگە داوای هەر شتێکی دیکەت بکردایە، بەس ئەم داوایەت نەکردایە، ئێستاش قسەیەکە و کردوومە، لێی ژێوان نابمەوە.
سفرەکەی پێشکەش کرد..ئەویش  سفرەی نایە بن هەنگڵی، دوای ماڵئاوایی، ڕۆیشت، ڕۆیشت تا گەیشتە کەنار ڕووبارێ، کە لە

ڕۆخیــدا کۆشــکێکی گــەورە و خــۆش دروســت کرابــوو، گــاڤێ لەسووچـێکی ئـەو دەورو بـەرە، دانیشـت.. سـفرەکەی کـردەوە، لەچــاو ترووکانێکــدا ئــەو ســفرەیە پــڕ بــوو لــەو خواردنــەی دڵـدەیخوازێ، نهێنیەکەشـی لـەوە دابـوو چـەندت لـێ بخواردایـە، ئەوەندە زیادی دەکرد و لەبن نەدەهات.

دوو کــەنیزە کاخەکــە، لەســەر کاخەکــەوە چــاویان بــەو دیمەنــە کەوت، بەپەلەپرووزێ خۆیان گەیاندە کچی قڕاڵ و ئەو هەواڵـەیان پێیدا ئەویش پێیوتن: هەر بەپەلە بڕۆن مامەڵەی دەگەڵـدا بکـەن، بزانن بەپارە بە چەندی دەدات، سفرەکەی لێ بکڕن و وەرنەوە.

هەردوو کەنیزەکە خۆیـان گەیانـدێ، وتیـان: ئێمـە لەلایـەن کچـی قڕاڵــەوە هــاتووین ئەوســفرەی خۆتمــان پــێ بفرۆشــی و بــەپارە بەچەندی دەدەی، تاوەکو لێتی بکڕین.

سەرچـیا دایـە قاقـای پێکـەنین، وتـی: ئـەم سـفرەیەم زۆر لـەلادا ئازیزە، بەهەموو دوڕ و گەوهەری دونیـای نـادەم، تـەنها بەشـتێك نەبێ، فەرموو بڕۆنەوە، پێی بڵێن: ئەو پیاوە دەڵێ ئەگەر ڕازییـە و حلێبیتـی بچـمە لای، بۆخۆمـان ئەمشـەو تـا بـەیانی بەیەکـەوە قسەبکەین،ئەوە سفرەکەی بەدیاری پێشکەش دەکـەم، دڵنیاشـی بکەنــەوە بــا نەترســێ، دەســتی بــۆ درێــژ ناکــەم، هەریەکــەمان لەلایەکەوە، لەسەر جێیەك ڕادەکشێین و لێی دەخەوین.

کەنیزەکان بەغاردان چوونەوە کۆشك و ڕاسپاردەکەیان بەکچەکە گەیاند، ئەویش ناوچەوانی گرژ کرد، بەتووڕەییەوە وتی: ئەمە کەی قسەیە، ئەمە جگە لەقسەیەکی پڕوپووچ و بەتاڵ، هیچی تر نیە، نااااااا،مەحاڵە شتی وانابێ، چۆن دەبێ کابرایێکی نەدی و نەناسی ببەمە ژووری خۆم و بەتەنیا لەگەڵی بمێنمەوە، ئەی شەیتان بۆ کچ و کوڕی نامەحرەم کەسی سێیەم نییە تاوەکو لەخشتەیان ببات، هەموو شت لە بچووکیەوە سەر بۆ شتی گەورە دەکێشێ.

کەنیزەکان کەوتنە پیاهەڵدان بەشان و باڵی سەرچیا، دڵیان نەرم کرد، وایان لێی کرد بەو داوایە ڕازیبێ، وتی: دەبڕۆن دەی، بڕۆن بانگی کەن، بزانم چ تەرحە پیاوێکە وا ئێوە ئەوها وەسفی دەکەن.

کەنیزەکان گەڕانەوە،سەرچیایان پێشدا و هێنایان، بە کچی قڕاڵیان ناساند.. سەرچیا و کچی قڕاڵ ئەو شەوە بەیەکەوە لەیەك ژوور تا بەرە بەری بەیان مانەوە و هەر قسەیان کرد.. سپێدە کە سەرچیا لەخەو هەستا، قاوەڵتیان دایێ، پێش ئەوەی بەڕێی کەن، بەهێواشی سفرەکەیان لەدەست وەرگرت و لەکۆشکیان وەدەرنا.

سەرچیا بەدەست بـەتاڵی گەڕایـەوە مەملەکەتەکـەی خۆیـان، کـە پادشای باوکیشـی ئـەوی بینـی کـە هـیچ دەستکەوتێکی لەگـەڵ خـۆی دا نەهێناوەتــەوە، بەسەرسـوڕمانەوە پرسـی: کـوڕم کـوا بزنەکان؟ ئەی کوا ئەو دەسکەوتەی بەتەمابووی بەدەستی بێنی؟

سەرچیا سـەرەتا دەمـی تێـك ئـالاً، نـەیزانی چ درۆیێکـی بـۆ بکـا، لەناکاو بیرۆکەیەکی خێرای بەمێشك داهات، وتی: باوکە گیان بڵێم چی، دەستکەوتێکی ئەوەنـدە زۆرم چـنگ کـەوت، ئەفسـووس لـە هاتنەوەمــدا، دز و جــەردەم لــێ پەیــدابوو، دەدوانــزە کــەس دەبـوون، منــیش بەتــەنیا هیچـم پێنــەکرا، بــەخورتی ئــەوەی هێنـابووم، هـەموویان لێسـەندم، هـەر باشـیش بـوو نەیانکوشـتم، ئێستاش کات بەبەریەوە ماوە، دەرفـەت هەیـە، نەچووە و بچـێ، بەڵێنبێ ئەوجارەیان تۆڵەی ئەم دەستکەوتە بکەمەوە.

باوکی هەرچـەند لەدڵـەوە حـەزی نـەدەکرد ئـەو ئەرکـە قورسـەی بخاتـە ئەسـتۆ و ژیـانی بخاتــە مەترسـیەوە، کەچـی بـێ دڵێشـی نەکرد، وتـی: کـوڕە شـیرنەکەم، تـۆ لـە نێـو چاوانت دیـارە هـیچ بەهیچ ناکەیت و کوڕی ئەو کارە نی، لێ قەیناکە بـڕۆ پـانزە سـەر بزنی دیکە ببە، بزانم ئەو جارەیان چی دەکەی!

سەرچـیا پـانزە بزنـی دیکـەی بـرد و هـەمان ڕێـی گرتـەوە، هـەر ڕۆیشت تا چووەوە هەمان ئەشکەوت و دێوەکـەی لـێ دەرکـەوت، پێیوت: هاااا، سەرچیا، ئەوجارەیان چ خێرە هاتییەوە؟

سەرچیا وتـی: گونـاهی مـن نییـە، بـاوکم بـەخۆی بـەڕێی کـردم، ناتوانم قسە لەقسەی بکەم، زۆر سڵاو و ڕێزی بۆت هەبوو، دیسـان منی ڕاسپارد وەکو دیارێکی بچووك ئەم بزنانەشت بۆ بێنم.

دێوەکە سەری لێ بادا، وتی: وەرە پـێش، مەترسـێ، تـۆ میـوانی منـــی، یــاخودا بـــەخێربێی، وا خـــۆر بـــەرەو ئـــاوابوون دەکشـــێ، لێناگەڕێم بەهیچ لایەکدا بڕۆی، بۆ بەیانیش دەچییە کـوێ، ئـەوە کەیفی خۆتە و خۆت ئازادی.

دێوەکە دیسان ئەو سێ کلیلەکەی پێنیشاندا، کە لـەناو تاقەکـەی دانابوو ، وتی: من وا دەچمە شوێنێك، هێندەم پێناچـێ دێمـەوە، بۆیە ئاگات لەم ئاچەرانە بێ، ئەگەر حـەزت کـرد دەتـوانی ژووری یەکـەم و دووەم بکەیـەوە، هـاااا وریابـە، نەکـەی ژووری سـێیەم بکەیتەوە،باشە کوڕی قۆز؟

سەرچیا سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند: چاو.

دێوەکـە پێیهـەڵێنا، بـۆ خـوارەوە شـۆڕبۆوە، سەرچـیا قـەیرێ چوارمەشقی دانیشت، ئەوجا بەرەو قـوڵایی ئەشـکەوتەکە ڕۆیـی، یەکسەر دەرگای ژووری سێیەمی کردەوە، ئەسپەکە وتـی: ئـەوە

هاتییەوە؟ دەڵێی مەرگ یەخەی گرتووی، ئەوجارەیان چۆن وێرات بێیەوە، ئەی چۆنە دێوەکە نەیکوشتی، بڵێ: بزانم بۆچی هاتییەوە؟

سەرچیا بەسەرهاتی خۆی و سفرەکە و کچی قرِاڵی لەسیرێ تا پیوازێ بۆ گێڕایەوە، ئەوجا وتی: ئێستاش وا هاتوومەتە لات بەڵکو بەفریام بکەویت و لەو گێژاوەم قوتارکەی!

ئەسپەکە وتی: جارێ وەرە لەسەر پشتم تەڵە موویێکی سوور هەیە، ئەو تەڵە مووە هەڵکەنە و هەڵیگرە، وابێ هەر کاتێ کەوتیە تەنگانە و تووشی نارِەحەتی بووی، ئەم تەڵە مووە بسووتێنی، بەمەش دەموو دەست دەگەمە لات، بەلأم گوێڕایەڵی ئەم ئامۆژگاریانەمبە: ئەگەر دێوەکە لێی پرسی: چیت دەوێ؟ چیت ناوێ؟ پێویستیت بە چییە؟ بڵێ: تەنها خۆشی تۆم دەوێ..ئەگەر لێی دووبارە کردیەوە، دیسان بڵێ: تەنها خۆشی تۆم دەوێ.. خۆ هەر موکورِ بوو لەسەر ئەوەی بۆ شتێ ڕووی لێنێی، بڵێ: دەی مادام هەروا دەڵێی، هیچم لێت ناوێ تەنها ئەم ئەنگوستیلەزێڕەی دەستی خۆتم بدەیێ.

سەرچیا تەڵە مووە سوورەکەی سەرپشتی ئەسپەکەی هەڵکێشا و سوپاسی ئەو بەدەمەوەچوونەی کرد و جێی هێشت.

ئێـواره داهـات، دێوەکـه گەڕایـەوه، لـەدوورەوه وتـی: سەرچـیا، هەپـەم لـێ مەکـە، ڕاسـتیم لـێ مەشـارەوه، پێمبڵـێ: دەرگـای سێیەمت کردەوه یان نا؟

سەرچیا شانێکی بۆ هەڵتەکاند و ورتەی لەدەمەوه دەرنەهات.

ئەو شەوەی لەوێ بەڕێ کرد، بەیانی کاتێ ویستی بڕوا، دێوەکـه وتی: خۆ پێویستیت بە هیچ نییە؟

سەرچـیا بـەدەم بزەییـەکی پـڕ لـە ئارامیـەوه وتـی: سـوپاس پێویستیم بەهیچ نیە، تەنها خۆشی تۆم دەوێ.

کە هەمان شتی لێدووبارە کـردەوه: ئـاخر دەبڵـێ، قسـەێك بکـە، بزانم پێویستیت بەهیچ نییە؟

دیسان پێیوت: سوپاس پێویستیم بەهیچ نییە، تەنها خۆشی تۆم دەوێ.

کـە هـەر نەیبڕیـەوه، وتـی: حـەز دەکـەم خزمەتتکـەم ئەگـەر داوایەکت هەیە، شەرم مەکە.

سەرچیا بەزەردەیەکەوه وتی: ئەو ئەنگوستیلە زێـڕەی پەنجـەتم بدەیێ ، لەوه بترازێ هیچم لێت ناوێ.

دێوەکـە دیسـان چـەپەرۆکێکی تونـدی لەسـینگی خۆیـدا و وتـی: خۆزگـە داوای هـەر شـتێکی تـرت بکردایـە، بـەس ئـەم داوایـەت نەبوایە، نهاش قسەیەکە و کردوومە، لێی پاشگەز نابمەوه.

ئەنگوستیلە زێڕەکەی لە پەنجە دەستی کردەوە و پێشکەشی کرد.. ئەویش سەرچیاش سوپاسی ئەو میوانداریەی کرد و ڕۆیشت.. ڕۆیشت تا چووەوە لێواری هەمان ئەو ڕووبارەی لە ڕۆخیدا کۆشکی کچەکەی قڕاڵی لێبوو، لە کونجێکی ئەو دەورو بەرەدا گاڤێ ڕونیشت، بۆ تاقیکردنەوەی ئەو نهێنیەش، دەستی بەسەر ئەنگوستیلە زێڕەکە داهێنا، پڕتاو بوو بە تەپ و هۆڕ و زورنا و شاییێك، سەر و بنی دیارنەبێ، کە دەستی بەسەر ئەنگوستیلەکە داهێنایەوە، دەنگەکان چوونە ناو ئەنگوستیلەکە.

دوو کەنیزەی نێو کۆشکەکە کاتێ چاویان بەم بەزم و ڕەزمە کەوت، بە هەلەپەلە کچی قڕاڵیان لەو شتە سەیرە ئاگادار کردەوە، ئەویش فەرمانی پێدان خێرا بچنە لای، چەندی ویست، بە پارە لێی بکڕن.

دوو کەنیزەکە خۆیان گەیاندێ و وتیان: کچی قڕاڵ ئێمەی ناردووە، هاتووین بەپارە ئەنگوستیلە، بە چەندی دەدەیت، تاوەکو لێتی بکڕین.

سەرچیا دایە قاقای پێکەنین، وتی: ئەم ئەنگوستیلە بەهەموو دوڕ و گەوهەری دونیای نادەم تەنها بەشتێك نەبێ ئەویش ئەوەیە ئەگەر کچی قڕاڵ ڕازیبێ ئەمشەو تا بەیانی بەیەکەوە لەسەر یەك

تەختە بخەوین و دوور و نزیك دەستی بۆ نەبەم، ئەگەر ڕازییە، ئەوە لەمنەوە ئەو ئەنگوستیلەی پێشکەشبێ.

کەنیزەکان بە ڕاکردن گەڕانەوە، داواکەیان پێگەیاند، ئەویش ناوچەوانی تێکنا،بە تووڕەییەوە وتی: ئەوە چ قسەیێکی قۆڕە دەیکات، نااا، مەحاڵە شتی وانابێ، من بۆ ئەنگوستیلەیەك چۆن حەیا و ناموسی خۆم دەبەم، دەزانم، لەچاویڕا دیارە، دیسان وەکو جاری پێشوو تەوحی دەستلەملانێیە.

کەنیزەکان بەکلۆجێ وەسفی ئەنگوستیلەکەیان بۆی کرد، سەرنجیان ڕاکێشا بەو داوایەش ڕازیبێ، وتی: دەبڕۆن بانگی کەن با بێ.

کەنیزەکان بەپەلەپرووزێ چوونەوە لای، هێنایانە کۆشك و ئەوشەوە هەردووکیان لەیەك ژوور، لەسەر یەك تەختە درێژبوون.

بۆ بەیانیش کە شەبەقیدا، خۆر وردە وردە بەرەو چەقی گەردوون هەڵدەکشا، کەنیزەکان بەرچاییان کرد، نانیان پێیدا، بەبێ دەنگی ئەنگوستیلەیان لەپەنجەی کردەوە و بەڕێیان کرد.

ئەویش زەلیل و داماو، بەدەستی بەتاڵ، ڕێ و ڕێ هاتەوە، کە باوکی بەم چەشنەی بینی،بە سەرسوڕمانەوە تێیڕاما، وتی: کوڕم ئەوجارەیان کوا ئەو دەسکەوتە بێشومارەی بەتەمابووی بەدەستی بێنی؟ دەستکەوتەکانت چی لێهات؟

سەرچیا دووبارە بابەتەکەی بۆ بارێکی دی ئاوەژۆ کرد، وەکو یەکێ نەبای دیبێ نە باران، وتی: بابەگیان چی شاراوەبێ؟ ئەگەر باوەڕت هەیە، ئەوجارەیان بەبەراورد لەگەڵ جاری پێشوو، دەستکەوتێکی ئەوەندە قەبە و زەبەلاحم چنگ کەوت، وەلێ دیسان لەبێ یەغباڵیمدا، داوم بەداوی هەندێ ڕێگر و دز و جەردەوە بوو،هەلاّتن دادی نەدام، ڕابکەم، ئەوەی خڕم کردبۆوە، بە ئاسانی لێیان سەندم، هەر باشبوو قوتارم بوو، نەیانکوشتم، ئێستاش دەستم دامێنت، ئەو دەرفەتەم وەك دوا دەرفەت بدەیێ، پەیمانت پێدەدەم بەزیادەوە تۆڵەی ئەو دووجارە بکەمەوە.

باوکی وتی: کورد دەڵێ: شەرتی پیاو سێ جارە..ئەگەر بەقسەم دەکەی، وەرە دەست لەو گەمەیە هەڵگرە و ژیانت مەخەرە مەترسیەوە، تۆ لەناوچەوانتڕا دیارە یەغباڵت ئیقبال نییە و بێ چارەی، بەڵام قەیناکە ئەم جارەش بڕۆوە، بڕۆ لە هۆلی حەیوانان بیست سەر مەڕ ببە و چیتر بۆ هیچ شتێك ڕووم لێ مەنێ، خۆ گوێت لێمە؟

سەرچیا پەلاماری دەستی باوکیدا، ماچی کرد، بەخۆشحاڵیەوە وتی: بابەگیان هەموو قسەکانتم قبووڵە، ئەگەر لەو گرەوەدا دۆڕام قەت بۆ یەك شتی دیکە، گوێم لێ مەگرە.

بیست سەرمەڕی برد و پێشیدا، هەمان ڕێی گرتەوە بەر، ڕۆیشت تا چووەوە هەمان ئەشکەوت و دێوەکەی لێ پەیدابۆوە، وتی: هاااا سەرچیا، ئەوە دیسان هاتیەوە؟ بەڕاستی ماڵێکی قەڵپی، دەڵێی بەدەستی من ئەجەلت هاتووە بەداریێ بە بەردێکت دابدەم و لەکۆڵێ دنیات بکەمەوە، خێرە بەبێ ترس دێیتە ئێرە و ئەم سەر و ئەو سەر دەکەی؟

سەرچیا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: جا گوناهی من چییە بەپێی خۆم بێمە لات، بمکوژی؟ ئاخر ناکرێ قسە لەقسەی باوکمان بکەین، ئەی ئەوان خزمەتیان نەکردوین و گەورەیان نەکردووین؟،باوکم سڵاو و ڕێزی بێ پایانی بۆت هەبوو، بەتەمابوو، هەر حەزی دەکرد بتبینێ، بەڵام لەبەر نەخۆشی پێی نەکرا بێ، ڕووی لێنام ئەوجارەش بێمەوە خزمەتت، وەکو دیاریەکی بچووك ئەم بیست سەر مەڕەت بەدیاری بۆ بێنم، منیش هەتا جارێ قسەی باوکم بشکێنم، هەزاران جار ملی شەیتان دەشکێنم، بۆیە قسەکەیم نەشکاند و ئەوە مەڕەکانیم بۆ هێناوی، تۆش دەمبووری، لە سەرم دەدەی، نادەی، کەیفی خۆتە.

دێوەکە وتی: هەی غەددار، بۆ حاڵی خۆت گەلێ زیرەکی، یاخودا بەخێربێی، تازە ناهێڵم بەهیچ لایەکدا بڕۆی، ئەم شەو میوانی

منی، بۆ بەیانیش دەچییە کویێ و بەکام لادا دەڕۆی، ئـەوە خـۆت سەرپشکبە.نهاش دەچمە شوێنێ، هێندەم پێناچێ دێمەوە، بۆیـە ماڵ ماڵی خۆتە و ئاگایەکت لـەم کلیلانـەبێ، ئەگـەر حـەزت کـرد دەتوانی ژووری یەکـەم و دووەم بکەیـەوە و تەماشـای نـاوەوەی بکەیت، بزانی چی تیایە، هـاااا ا، وریابـە، نەکـەی ژووری سـێیەم بکەیەوە.

سەرچیا سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند وەك ئاماژەیێ کە ئەو ئیشـە نەکات.. ئەو پێی هەڵێنا، ڕۆیی.. ئەویش نەختێ لە ئەشکەوتەکە پاڵیدایەوە، ئەوجا لە جێوە خۆی گەیاندە کلیلـەکان و کلیلـەکانی دەستدایێ، چووە قولأیی ئەشکەوتەکە، یەکسەر دەرگـای ژووری سێیەمی کـردەوە، چـووەوە لای ئەسـپەکە و سەرگوزشـتەی ئـەو ڕۆژەی خـۆی و ئەنگوسـتیلە زێڕەکـە و کچـی قڕاڵـی لـە ئـەوەلێن جـارەوە تـا کۆتـایی بـۆ گێڕایـەوە، ئـەوجا وتـی: ئێسـتاش واهاتوومەتەوە، بەڵکو بەهانامەوە بێیت و چارەیەکم لێبکەی.

ئەسپەکە زۆر بە شێنەیی پێیوت: جارێ وەرە پێش، وەرە لەسەر پشتم تەڵە موویێکی زەرد هەیە، هەڵیکەنە و هـەڵیگرە، وابـێ هـەر کاتێ کەوتیە تەنگەتاوی و تووشی هەر ناڕەحەتیـەك بـووی، ئـەم تەڵە مووە بسووتێنە و هەقت نەبێ، مـن دەم و دەسـت دەگەمـە لات و بەفریات دەکەوم، دیسان لێـرەوە ڕێنوێنیـت دەکـەم ئەگـەر

دێوەکە لێی پرسی: چیت دەوێ؟ چیت ناوێ؟ بڵێ: تەنها خۆشی تۆم دەوێ..ئەگەر لێی دووبارە کردیەوە، دووبارە بڵێ: تەنها خۆشی تۆم دەوێ .. خۆ سوور بوو لەسەر ئەوەی داوایکی لێ بکەی بۆتی جێ بەجێ بکا، ئەوە بەدەرفەت بزانە، بڵێ: چەترە ڕەشەی خۆتم بدەیێ.

سەرچیا تەڵە مووە بۆرەکەی سەرپشتی ئەسپەکەی هەڵکێشا و سوپاسی کرد.

دێوەکە بەرەبەری ئێوارە گەڕایەوە،لە دوورەوە وتی: هاااااااااا، خۆ دەرگای سێیەمت نەکردەوە؟

سەرچیا وەکو کەسێکی بێ ئاگا، تەنها شانێکی بۆ هەڵتەکاند و هیچی نەدرکاند.

ئەو شەوەی لەوێ بەڕێکرد، بەیانی کاتێ ویستی بڕوات، دێوەکە پێی وت:  خۆ پێویستیت بە هیچ نییە؟

بەدەم بزەیەکی سازگارەوە وتی: سوپاس بۆ خوا، لە هیچم کەم نییە، تەنها خۆشی تۆم دەوێ.

کە  لێی  دووبارە کردەوە: ئاخر دەبڵێ، قسەیێك بکە، بزانم پێویستیت بەهیچ نییە؟

دیسان پێیوت:  سوپاس پێویستیم بەهیچ نییە، تەنها خۆشیەکی تۆم دەوێ و تەواو.

دێوەکە هەر وازی لێنەهێنا: ئێ تۆ ئەوەندە نەجیبزادەبی، حەز دەکەم خزمەتتکەم، ئەگەر داواییێکت هەیە شەرم مەکە و بێژە.

سەرچیا بەدەم خەنینەوە وتی: هیچم ناوێ، تەنها چەترە ڕەشەکەتم بدەیێ.

دێوەکە چاوەکانی هەڵگلۆفت و سەرو ڕوخساری ڕەش داگەڕا، بە زەلیلیەوە وتی: بریا هەموو شتێکت داوا بکردایە، بەس ئەو داوایەت نەبوایە، ئێستاش قسەیەك بیکەم، ئەگەر سەری خۆشمی لەسەر دانێم، لێی پاشگەز نابمەوە، فەرموو، لەمنەوە ئەو چەترەشت پێشکەشبێ.

چەترە ڕەشەکەی پێدا..ئەویش سوپاسی کرد و ڕۆیی.. ڕۆیی چووەوە کەناری هەمان ڕووبار کە لە ڕۆخیدا کۆشکە گەورەکەی کچی قڕاڵی لێ بوو، گاڤێ لەبەردەم ڕووبارەکە دانیشت، کە چەترە ڕەشەکەی کردەوە، سوپایەکی گەورەی ڕێك و پێك دروست بوو کە نەسەری هەبوو نە کۆتایی. واقی وڕما، هەر زوو چەترەکەی پێوەدا و هێنایەوە بار یەك.

دوو کەنیزەکە وەکو چاویان بەم دیمەنە کەوت، بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە کچی قڕاڵ و ئەو هەواڵەیان پێدا، ئەویش وتی: دەبڕۆن بزانن بەپارە ئەو چەترە بەچەند دەفرۆشێ، مامەڵەی دەگەڵ بکەن و لێی بکڕن.

دوو کەنیزەکە هاتنە لای سەرچیا و وتیان: کچی قرالْ ئێمەی ڕاسپاردووە، ئەو چەترەت لێ بکڕین، ئەو چەترە بەچەند دەدەی؟

سەرچیا بە پێکەنینەوە وتی: نرخی ئەم چەترە ڕەشە بەهیچ تەواو نابێ، بۆیە بەهەموو خشلْ و گەوهەری دونیای نادەم تەنها بەشتێ، ئەگەر کچی قرالْ ڕازیبێ ئەم شەو تا بەیانی لەگەڵیدا بخەوم و لەگەڵی جووتبم،ئەوە بەبێ پارە، لەمنەوە پێشکەشیبێ.

کەنیزەکان ئەو داوایەشیان پێ گەیاند، کچی قرالْ تەواو تێکچوو، شڵەژا، بەڕق و کینەیەکی زۆرەوە، وتی: کەی ئەمە قسەیە؟ ئەم داوایە جگە لەقسەیێکی پڕوپووچ و بێ مانا، هیچی تر نییە. مەحاڵە شتی وا، هەرگیز شتی وانابێ، ئەوەیان شتێکی ئەوەندە بچووك نییە بتوانم پەردەپۆشی بکەم و بیشارمەوە، یانی ڕیسوابوونی خۆمە.

کەنیزەکان وەها مەدحی گەورەیی چەترە ڕەشەکەیان بۆی کرد، وتیان: شەوێك بۆ ئەو چەترە هیچ نیە، وەکو ئاو خواردنەوەیە، بەقسەمان بکەی، ئەو گەنجینە لەکیس نادەی.

ئەویش لەپێناو دەستگرتن بەو چەترە، دەسبەرداری شەڕەف خۆی بوو، وتی: قیرووسیا لەشەوێ، گەنجینەیەکی پڕ بەها بۆ

شەویٚ چییە؟ دەبڕۆن بانگی کـەن بـا ئەمشـەو لـەلام بمێنێتـەوە، دەمی بەو هەنگوێنە خۆشکەم و لەدەریای خەیالٚ نقومی کەم.
کەنیزەکان چوونەوە، لەگەلٚ خۆیاندا هێنایانە کۆشك و ئەوشـەوە لەگەلٚ کچی قرالٚ نووست و لەگەڵی دا کۆبۆوە.
بەیانی نانیان پێیدا، کە چەترەکەیان لێـی سـەند، بـە پـەرۆش و غەمناکیەوە ڕیٚ و ڕیٚ گەڕایـەوە، بـاوکی سـەری لـیٚ بـادا، لەبـەر خۆیەوە وتی:
من مۆخی کوڕی خۆم خوێندبۆوە، دەمزانی، ئاخر یـەکێك دەسـت و پیٚ سپییەو هیچی لیٚ چاوەڕوان ناکریٚ.
سەرچیا وتی: باوکەگیان ئەگەر بەخت نووسـت، تـۆش لەگـەڵی دا بنوو، نـازانم ناوچـەوانم سـێنزەیە، یـا هـەر ئـەوە چـارەنووسمە و دەبیٚ پێی ڕازیبم؟ چیبکەم دز و پیـاو خـراپ ڕووتیـان کردمـەوە، ئەوەی بەدەستم هێنابوو، هەموویان لیٚ سەندم، بەتالآنیان برد.
باوکی دەهری بوو، بەرچاوی تاریك داهات نەیزانی نـە شـەوە، نـە ڕۆژ، بڕیـاری دا سـیٚ مێخـەکی بکێشن..شـالیارەکان لەبـەری پاڕانـەوە ئـەو کـارە نـەکات: خاوەنشـکۆ تکایـە بـە بڕیارەکـەتا بچۆوە، چۆن دڵت دیٚ کوڕێژگەیەکی جوانکیلە لە پێناوماڵی دونیا بکوژی، تکایە ئارام بەرەوە و شەیتان بەنەعلەتکە.

پادشا کەمێ هێور بۆوە، وتی: ئاخر من ئەوەندە گێل و دەبەنگ نیم، وا بەئاسانی ئەو شتانەم بەسەر تێپەڕن، تازە قسەیەکە و کردم، کوڕ با هەر کوڕی منبێ، بۆ ئەوەی ببێتە پەند و عیبرەت بۆ ئەوانەی لەمانای ژیان ناگەن، ئەوا لەبەر تەکلیفی ئێوە، تاوەکو قەدری عافیەت بزانێ چییە، دەبێ بەند بکرێ.

سەرچیا خرایە زیندان، بێجگە لە دایکی، کەس بۆی نەبوو، سەردانی بکات، هەموو جەمێ دایکی بەدەستی خۆی خواردنی بۆ ئامادە دەکرد و بۆی دەبرد.

ماوەیەکی باش تێپەڕی، نامەیەك لە قڕاڵەوە ئاڕاستەی باوکی سەرچیا کرا کە دەبێ خۆیان بەدەستەوە بدەن یان ئەوەتە خۆیان بۆ شەڕێکی سەرتاسەری ئامادە کەن.

باوکی سەرچیا وەڵامی نامەکەی بۆ ناردنەوە کە ئەوان بێ ئاگان، ئاگاداری هیچ نین، جەنگیش دژ بە یەك ماڵکاولی و مردن و کوشتنە.

قڕاڵ پێی نەنگ و شوورەیی بوو لەو نامەیدا ڕاشکاوانە بۆی بنووسێ کە کوڕی تۆ کچی منی ئەتك کردووە، بەهەمان زمانی پێشووی پڕ هەڕەشەوە نامەێکی تری ناردەوە.

باوکی سەرچیا شارەزای تەواوی سوپای قڕاڵ ببوو، دەیزانی دەرەقەتیان نایێ،چونکە سوپاکەی قڕاڵ زۆر لە سوپاکەی ئەو پڕ

چەك و بەهێزترە، بۆیە حەزی نەدەكرد شەڕێك بەرپا بكات، تیایدا بدۆڕێ، لە خەفەت و مەراقاندا دونیای لێ وێك هاتبۆوە، ترسی لێ نیشت،نەیدەزانی چیبكات، كاتێكیش زانی بۆ ئاشتی هیچ لەو قڕاڵە هەڵناكڕێ، ناچارما فەرمان بدات سوپایەكەی لەدەرەوەی شار، لەجێگەیەكی تەختانی، بەرامبەر بەسوپاكەی قڕاڵ بوەستێ. سەرچیا كە ئەو هەواڵەی لەدەمی دایكیەوە بیست گوایا، بڕیاردراوە كاژێر هەشتی بەیانی جەولەیێك لەم شەڕە ئەنجام بدرێ.

ئەو بەیانیە، بەچارەگێ پێش وادەی شەڕی دیاریكراو، تەڵە مووە سپیەكەی سوتاند، لەچاوترووكانێكدا ئەسپە كحێلیەكەی لێ پەیدابوو، لە گرتووخانەی دەركرد، سەراپای جلەكانی بەری بوون بەڕەنگی سپی و كڵاوێكی سپی ئەوتۆی لەسەر بوو، كەس نەیدەناسیەوە، بەرەو تەختایی گۆرەپانەكە، هەپێی لێ كرد، لەپێشەوەی سوپاكەدا لەتەنیشت باوكی وەستا، بە هەڵپەیەكەوە بە باوكی وت: من پێتان دەڵێم لەشوێنی خۆتان مەبزوێن و هەقتان نەبێ، خۆم دەچم بەریان پێدەگرم و بەرەنگاریان دەبمەوە.

باوكی نەیناسیەوە، زۆریش سەرسام بوو، حەزی دەكرد بزانێ ناوی چی یە؟ لەكوێوە هاتووە؟.

سەرچیا ڕووبەڕوویان بـووەوە، دەسـتەی پێشـەوەی تێکشـکاند، ئـــەوجا بـــەبێ دەنگـــی و نهێنـــی چـــووەوە ژووری زینـــدان و لـــە سووچێکەوە خۆی گرمۆڵە کرد.

نیوەڕۆ داهات، دایکی خواردنی بۆ بـرد، سەرچـیا خـۆی لەخـەتی گێلـی دا، کـە ڕووی بـەلای دایکـی وەرچـەرخاند، وتـی: دایـەگیان ئەرێ دەنگ وباسی ئاکـامی ئـەم جەنگـەی بڕیـاربوو ئـەم بەیانیـە ئەنجام بدرێ، چی بەسەر هات و بەکوێ گەیشت؟

دایکی پێیوت: بڵێم چی؟ ئەمڕۆ ئەو ناحەزانـە خۆیـان بـۆ جـەنگ ئامادەکردبوو، خوا دەست بەباڵیەوە بگرێ، دەڵـێن: کابرایـێك لـە ناکاوێکـــدا بۆمـــان پەیـــدابوو، ســـەراپای ئـــەو جلـــەی پۆشـــی بووی،جلـەکانی بـەری، تەنانـەت کڵاوەکەیشـی، هـەموو سـپی بوون، کابرا ئەوەندەی قوم لە جگـەرەیێ بـدەیت، هـەر ئەوەنـدە ڕوو بـــەڕوویان بـــۆوە، چـــۆکی پێـــداادان، دەســـتەی پێشـــەوەی تەفروتونا کرد، ئێستاش کەس نازانێ ئەو کەسە فریشتەبوو، دێـو بوو، چۆن هات و چۆن پەیدابوو؟ ئەوە مەتەڵێکـە و هـەموو لایـێ بـە سەرسـوڕمانەوە باسـی دەکەن،بـەیانیش بڕیـارە لـەو کاتـەدا جەولەی دووەمـی شـەڕەکە دەسـت پێبکاتـەوە، جـا ئـەو کابرایـە ئەگـــەر بـــەیانی نـــەیێ بەهانامانـــەوە، باوکـــت زۆر دڵواپـــەس و نیگەرانە، چونکە ئەو سوپایەی نییە بتوانێ بەرەنگاریان بێتەوە.

سەرچیا بەدەم بزەیەکەوە وتی:  دایەگیان جا کێ دەڵێ تا بەیانی دەژێین، بۆ بەیانی خوا گەورەیە.

بۆ سبەینێ، سەرچیا نان و چا و پێخۆری خوارد، بەچارەگێك پێش دەسپێکی جەولەی دووەم، مووە سوورەکەی سوتاند، لەناکاوێکدا ئەسپە کحێلیەکەی لێ پەیدابوو، لە زیندانی  دەرکرد، تێکڕای جلەکانی بەری بوون بەڕەنگی سوور و کڵاوێکی ئەوتۆی سووری لەسەر بوو، کەس  نەیدەناسیەوە، بوێرانە هاتە مەیدان و لەپێش سوپاکەی باوکی وەستا، وتی: ئێوە لێرە مەجووڵێن، من چاریان دەکەم، دەبێ دەرسێکیان بدەمێ قەت لەبیری نەکەن.

باوکی، لێی بووە مەراق، پێی سەرسام بوو ، نەیدەزانی ئاخۆ ئەو جوانخاس و ئەسپسوارە سوور پۆشە کێیە و لەکوێوە هاتووە؟ قسەشی نەکرد.

سەرچیا بەرەنگاری  دەستەیەکی دیکە لەشکرەکە بووەوە کە لە بەرەکانی پێشەوەدا وەستابوون، هەمووانی تێکشکاند، ئەوجا بەبێ دەنگی، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ و درکی پێبکا، چووەوە ژووری زیندان.

نیوەڕۆ داهات، دایکی خواردنی بۆ برد، سەرچیا دیسان ڕووی کردە دایکی و خۆی وا نیشاندا، ئاگای لەهیچ نییە، وتی: دایەگیان

ئەریٚ دەنگ وباسی ئەنجامی ئەم شەڕەی بڕیاربوو بکریٚ، بـەکویٚ گەیشت؟
دایکی پێیوت: بلێیم چی؟ دەك خوا دەست بەباڵی ئەو چـاونەترس و جوامێرەوە بگریٚ، وەکو دەڵێن: ئەمڕۆ جلێکی سـەراپا سووری لەبەربوو،لەناکاو وەك ڕۆستەمی زاڵ دەرکەوت و لەچـاونووقانێکدا ڕوو بەڕوویان بۆوە، تێك و پێکیدان، سـەیرەکەی لەوەدایـە کـەس نازانیٚ ئەو مێرخاسە فریشتە بـوو، دێـو بـوو، چـۆن هـات و چـۆن پەیدابوو، ئەم نهێنییە بووەتە وێـردی سـەر زاران، بڕیـارە سـبەی لەهەمان شوێن جەولەی سێیەمی ئەو شەڕە و کۆتا شەڕ بەرپابیٚ، خۆجـا ئەگـەر ئـەو قارەمانـە ئـەوجارەیان بـەفریامان نەکـەویٚ و نەبێتە فریادڕەسی ئێمە و شارەکە، بەهەلاکەت دەچین.
سەرچیا  وتی: دایە خەم مەخۆ، بۆ بەیانی خوا کەریمە.
بۆ بەیانی دوای قاوەڵتی، تەڵـە مـووە زەردەکـەی  سـوتاند،پڕتاو ئەسپەکەی گەیشتیٚ، لەو گرتووخانەی  دەرکرد، هەموو جلـەکانی بەری بوون بەڕەنگی زەرد،  کلاوێکـی زەردی لەسـەر بـوو، کـەس نەیناسیەوە، هات لەپێشەوەی سـوپاکە وەسـتا، بـەباوکی وت: وا ئەمجارەش بەهاناتانەوە دێـم، ئێـوە لێـرە بووەسـتن، مـن دەچـم بەرەنگاریان دەبمەوە و خۆم بە فیداکاری جەنابتان دەزانم.

باوکی خەریك بوو مێشکی بتەقیٚ، سەیری پێدەهات ئـەو کابرایـە کیٚ یە و بۆ خۆی دەکاتە قۆچی قوربانی؟ باشە ئەی بۆ نایناسیٚ؟ حیکمەت چییە هەر ڕۆژەی  بە ڕەنگێکـەوە بۆیـان دێتـە مەیـدان، نهـێنی ئـەو مەتەڵـە وەهـا کـاری تێکـرد، خـۆی دەخیلـی کـرد و بەهێمنیەوە لێی پرسی: توخودا پێم بڵیٚ تۆ کێی؟

ئەویش تەنها ئەوەندەی وت: هێشتا کاتی ئـەوە نـەهاتووە و لـیٚ، پادشای موعەزەم پاشان ڕوون دەبێتەوە من کێم و چ کارەم.

سەرچیا لێیان هاتەدەست، شکستی بە سوپاکەی قڕاڵ هێنا، لـەم شـــەڕەدا  کچــی قــڕاڵ و چــەترە ڕەش و ســفرە و ئەنگوســتیلە زێڕەکەی هێنا و هاتەوە.

خۆشی و شـادی سـارتاپای ئـەو مەملەکەتـەی گرتـەوە، سەرچـیا بڕیاری دابوو، ئەویٚ جێبهێڵیٚ و بەرەو مەملەکەتێکی دیکە سـەری هەڵگریٚ، باوکی لێی چووە پێش، ئەملا و ئەولای ماچ کـرد، داوای لێکرد لەویٚ بمێنێتەوە.

سەرچـیا  وتــی: باوکــە، مــن نــاتوانم بمێنمــەوە، تــۆ ســتەمێکی گەورەت لێکردم، بەو دەردەت بردم لە کاتێکدا بـیٚ ئـەوەی بزانـی تاوانبارم یان نا، تـازە دڵـم شـکا، دەمـەویٚ ئەگـەر بـۆ ماوەیـەکی کەمیش بێت، لێرە بڕۆم.

باوکی خستییه باوەشی و وتی: تۆ کوڕی منی، ئەگەر بەوای تۆوە نەبوایە، ئێمە بەهیلاك دەچووین، ئێستاش یان خۆم دەکوژم، یان ئەوەتە نابێ ئێرە جێبێڵی، ئەگەر هەر مکوڕیشی لەسەر ڕۆیشتن تا نانێکم لەگەڵدا نەخۆی، ناهێڵم بۆ هیچ لایێك بچی.

سەرچیا وتی: مادام وایە، قەیناکە چونکە تۆ باوکی منی، قسە لەقسەت ناکەم، جارێ بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە دەمەوێ پێش ئەوەی داوەتتبم، حەز دەکەم لەسەر شەرەڤی من، تەواوی ئەم مەملەکەتە بەگەورەو بچووکەوە داوەتی من بن.

باوکی بەبیستنی ئەو قسەیە، چاوی ئەبڵەق بوو، وتی: ئاخر کوڕی خۆم، نانی ئەو هەموو خەڵکە چۆن دەدرێ ؟

سەرچیا وتی: تۆ هەقت نەبێ، ئەوەی من لەتۆم داوایە، بانگەوازێك جاڕدە، هەرچی خەڵکی ئەم مەملەکەتەیە هەموویم بۆ لەدەرەوەی شار کۆکەرەوە.

هەر لەگەڵ ئامادەبوونی خەڵکەکە و دانیشتنیان بەشێوەیەکی بازنەیی، سەرچیا سفرەکەی کردەوە و ڕایخست، لەچاوتروکانێکدا سفرە پڕبوو لە خواردنی جۆراوجۆر، ئەو خواردنەی دڵ دەیخواست، لەسەری بوو، خەڵکەکە تاوەکو زێتر لێیان بخواردایە، خواردنەکە زێتر دەبوو..کاتێکیش تێریان خوارد و ڕەباس بوون، لێی کشانەوە، دەستیان هەڵگرد.

سەرچیا بەخۆشحاڵیەوە ڕووی کردە باوکی، وتی: باوکەگیان دوای ئەوەی هەموومان تێربووین، ئێستاش بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەی بەسەر دوژمنان بەدەستمان هێنا، کاتی ئەوە هاتووە بیکەین بە گۆڤەند و ئاهەنگ گێڕان.

لەجێوە دەستی بەسەر ئەنگوستیلە زێڕەکەی پەنجەی داهێنا، بوو بە زوڕنا و دەنگێکی خۆشی لێوەهات، دەهۆڵیش دەکوترا، خەڵکەکەی ئەوێ کردیانە شاییەك، نەسەری دیاربوو نە کۆتایی، خەڵکەکە لەخۆڕا دەرەقسان.

خۆ کاتێکیش کۆتایی بە شاییەکە هات، ئەوجا بەباوکی وت: باوکەگیان پێمخۆشە سوپایەکی پڕ چەك و سیلاح و تۆکمەت هەبێ، ئەو ئەرکەش بە کوڕی خۆت بسپێرە.

باوکی وتی:چۆن؟

وتی: هەر لەو خەڵکە، ئەوانە هەڵدەبژێرین، کە ئارەزوو دەکەن بێنە ڕێزی سوپا.

کە ئەو هاواڵەیان ڕاگەیاند، خەڵکێکی زۆر ئامادەیی خۆیان نیشاندا و سەرچیا بەکردنەوەی چەترە ڕەشەکە، لەچاو تروکانێك ئەو خەڵکە خۆیان بەجلی سوپا و دەستی چەکەوە بینی.

باوکی کە ئەو دیمەنەی بینی، دەستی کردە گریان، سەرچیای لەئامێزنا و کەوتە ماچ کردنی.

ئـەویش بەهەسـتێکی پـڕ لـە سـۆز و میهـرەوە وتـی: بـۆ ئـەوەی ڕاستیەکانت لێ نەشارمەوە، دەستکەوتەکانی هەر سێ جارەکـە، ئـەو سـێ شـتە بەنرخـە بـوون، هەرسـێ جارەکـەش بـەهۆی ئـەو کچـەوە شـتەکانم لەدەسـت دەدا و هەسـت بەپەشـیمانی دەکـەم نەدەبوو ئەو بێخوابیە بکەم، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا، دەروازەیەکم بۆ مەترسیەکانی هەر ڕوو بە ڕووبوونەوەیەك دانـابوو کـە بەچـاوی خۆتان بینیتان، چیم کرد.

سەرسـام و سـەرکێو بـۆ دواجـار بـە خـۆ و هەنـدێ دەسـتکەوتی کەمەوە، هاتنەوە، کاتێ باوکی سـەیری دەسـتکەوتەکانی کـردن کە لەچاو ئەو دەستکەوتەی سەرچیا چی وا نەبوو، وتی: چـونمە سەرچیا لەهەردووکتان پـتر دەسـتکەوتی هـەبوو، بۆیـە لـە تـەك کچی قرالێ دا، گوڵبەهاری ئامۆزاشتان هەر بۆ ئەو دەبێ.

هەر لەو ماوەیەدا کچی قـڕاڵ و گوڵبـەهاری ئـامۆزای گواسـتنەوە، جا، دەڵێن: هەرسـێکیان بەخۆشـی ژیـان، تـا ئـەو کاتـەی مـەرگ لێکی کردن.

*  *  *

# پادشا و جوامێری خزمەتکارێك

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، پادشایێ کوڕێکی هـەبوو ناوی ئەحمەد بوو.. ڕۆژێکیان ئەحمەد لەگەڵ مـەحموودی خانـەزا و خزمەتکاریدا، بەیەکەوە دەچنە ڕاو.

لەو ڕاوەدا تووشی ئاسکێك دەبن، دەکەونە دوای، ها لێرە و لەوێ تا لە گەروویەکەوە ئاودیو دەبن، وەکـو دەنـۆڕن ئـەوە ئاسـکەکە دەچێتە ژێر ڕەشمـاڵی ماڵـە ڕەوەنـدێك، ئـەوانیش بـە هێمنـی لـە گەرووەکە دادەبەزن و بەهێواشی لە ڕەشماڵەکـە نزیـك دەبنـەوە، لە دەنگی حیلە حیلی ئەسپەکەیاندا، کچـێك لـە ژێـر ڕەشماڵەکـە دێتـە دەر، لغـاوی ئەسـپەکانیان بـۆ دەگـرێ تـاوەکو دادەبـەزن، تەماشا دەکەن ئەو کچە ئەو ئاسکەیە کە ئـەوان کەتبوونـە دوای، ڕاوی بکەن، کچەکە بەخێرهاتنێکی گەرمی کـردن، تـاوێ مانـەوە، ئەحمـەد ئاشـقی بـوو، پێیـوت: مـن شـازادەم، باوکـت لەکوێیـە حەزدەکەم داخوازی  تۆی لێ بکەم.

کچەکە بـەدەم زەردەخەنەیەکـەوە وتـی: بـاوکم لای باوکـت بەنـد کراوە، بڕۆ ئازادیکە و وەرەوە، ئەوجا داخوازیم کە.

ئەحمەد ڕاوەکەی بەتاڵ کرد و گەڕایەوە، چووە خزمەت باوکی و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە، داوای لێ کرد کە باوکی ئەو کچەی بۆ ئازادکا.

باوکیشی دڵی نەشکاند، فەرمانی بە یاساوڵەکاندا ئەو کابرایە ئازادکەن، ئەوانیش ئازادیان کرد.

ئەحمەد کاتێ چووە خوازبێنی کچەکە..باوکی کچەکە پێی وت: شازادە بەڕێزەکەم جارێ تا چەند ڕۆژێك لێمگەڕێ نەختێك بێمەوە سەرخۆم، بۆ ئەم دەمانیش خوا گەورەیە، دوو قسەی لەبارەوە دەکەین.

ئەحمەد بەدڵتەنگی، ڕێ و ڕێ گەڕایەوە ماڵ و چاوەڕوانی تەواوبوونی ئەو چەند ڕۆژەی دەکرد، وەلێ، ڕۆژی لێ نەدەڕۆیشت، دوای تەواوبوونی ئەو چەند ڕۆژە، بەشەوق و زەوقەوە، بەخۆ و نیمچە لەشکرێکەوە چووەوە هەمان شوێن، بەلأم چی بینی؟ سەیری کرد، ئەوا کچە و باوکی کچەکە بەخۆیان و ماڵەوە ڕەشماڵیان پێچاوەتەوە و لەو شوێنەدا باریان کردووە، ئەوەی سەرنجی ئەحمەدی ڕاکێشا، کچەکە لەدوای خۆی ئەنگوستیلەیێك و نووسراوێکی لەبن بەردێکی ئەم شوێنەدا بۆ جێهێشتبوو، ئەحمەد کە نامەکەی خوێندەوە، فەرمانی بەسوپادا بگەڕێنەوە، خۆشی بەتەنیا لەگەڵ مەحموودی خزمەتکاری

مایەوە، بەیەکەوە ڕۆیشتن تـا گەیشـتنە شـارێ، تەماشـایان کـرد ئەوە دەنگی دەهـۆڵ و زوڕنـا، ڕۆژەڕێیـەك دەڕوا، دەچـنە مالـە پیرەژنێك و دەبنە میوانی، کە پرسیاری ئـەو دەهـۆڵ و زوڕنایـەی لێدەکەن، پیرەژنەکـە بەزەردەیەکـەوە وتـی: ڕۆڵـەگیان چـبڵێم؟ دەڵـێن مالـە ڕەوەنـدێ چـەند ڕۆژێکـە هاتوونەتـە ئـەم شـارە، شـازادەی ئـەم شـارە تـەماحگیری بـووە، چـووەتە داخـوازی، بەتەمایيە سپێدە بیگواسێتەوە.

ئەحمەد چوار لیرەی دایێ، وتی: نەنە دەستم دامێنـت، مـەمنوون دەبم گـەر بتـوانی ئـەم ئەنگوسـتیلە و ئـەم نوسـراوە بگەیەنیتـە دەست ئەو کچە و پێی بلێی: ئەحمـەد درەنگـانی شـەو دێتـە نـاو باخی پادشا، لوێ دەتبینێ.

پیرەژنەکـــە لەخۆشـــی لیرەکـــان، خـــۆی گەیانـــدە کچـــەکە و ئەنگوستیلە و نامەکەی پێدا، ئەوجا وتی: ئەم شـەو، ئەحمـەد لـە باخی پادشا چاوەڕوانتە، دەیەوێ بتبینێ.

شـەو داهـات، ئەحمـەد بەرەبـەری دوانـزەی شـەو خـۆی گەیانـدە باخچەکەو لەپـەناو پەسـێری دار و دەوەنـەکانی ئـەوناوەدا خـۆی مات کرد، خـەو بـەرۆکی گـرت، بـەهۆی شـەکەت و مانـدوێتی ئـەو ڕۆژەوە، نەگەیشتە دوانزەی شەو، خەوی لێکەوت.

کچەکە لەوادەی خۆیدا هاتە ئەو شوێنە و زۆر وەستا، چاوی گێڕا بەملاو بەولای خۆی، ئەحمەدی نەبینی، بەنائومێدی چووەوە شوێنی خۆی و لێی خەوت.

بۆ شەوی داهاتوو مەحموودی خانەزا لەخەمان، بە ئەحمەدی وت: ئادەی بێنە سەیری دەستی چەپتکەم.

ئەحمەد دەستی بۆ درێژ کرد، لەپی چەپەی نیشان دا و پێیوت: فەرموو، سەیریکە.

مەحموود چەقۆیەکی پێدا هێنا، بریندار کرد، ئەوجا نەختێ خوێی پێداکرد بۆ ئەوەی لە باخچەکەدا لەتاو ئێش و ژانی برینەکەی، خەوی لێنەکەوێ.

ئەحمەد چووەوە جێژووان، لەبەر ئێش و ژانی برینەکەی، خەوی لەچاوان تۆرا، کەوتە ماتڵ و چاوەڕانی تا کچەکە هات و بەدیداری شاد بۆوە.

کچەکە وتی: تۆ دەزانی هیچ ڕێگە چارەیەکمان لەبەردەمدا نیە ئەوە نەبێ خانەزاکەت بچێتە ئەو خانووەی نێو قەبرستان، من دەڵێم: گۆڕی دایکم لەوێیە، حەزدەکەم سەردانی کەم، ئیدی کە چوومە ژوورەوە، با خانەزاکەت جلی من لەبەرکا و منیش جلی ئەو لەبەر دەکەم، تۆش دوای ئەوان وەرە، بەیەکەوە بۆی دەردەچین.

ڕۆژی دوایی، کچەکە وتی: دەمەوێ سەردانی گۆڕی دایکم بکـەم..
بــەجلی بــووکێنی هاتــە گۆڕســتان، لــەوێ چــووە ئــەو ژوورەی دەستنیشانیان کردبوو، دەگەڵ مەحموود جلی یەکیان گۆڕیـەوە، مــەحموود جلــی بــوکێنی لەبــەرکرد، هاتــە دەرەوە، چــونکە سەرپۆشی لەسەربوو، کەس نەیناسیەوە، چۆوە کۆشك، لەوێ بە شازادەی وت: ئێمە داب و نەریتی خۆمان هەیە نـابێ تـا دەڕۆژان زاوا تخونمــان کــەوێ و لێمــان نزیــك بێتــەوە، بۆیــە پــێم باشــە خوشکەکەت شەوانە بێتە لام و لەلامدا بخەوێ.
شازادە ناردیە دوای خوشکەکەی، پێیوت: کە ئەو ماوەیە شـەوانە لەلایدا بمێنێتەوە..ئەویش ڕازی بوو.
شــــەوانە مــــەحموود دەگــــەڵ کچــــی پادشــــا تــــا درەنگــــانێ، دەستگەمەیان دەکرد و بۆ خەوتنیش پێکەوە لەسەر یەك تەختـە دەنووستن.
خوشکی زاوا نەیدەزانی بووکەکە پیاوە و مەحموودی ناوە، وتــی: براژن خۆزگە تۆ کوڕ دەبووی، وەعد دەکەوتمە دوات و مێردم پێ دەکردی.
مــەحموود وتــی: دەی کەوایــە، وەرە بــا ئــەم شــەو هیچــمان نەخــەوین، تــاوەکو بــەیانی نــزا و دوعــا کــەین، لەبــەر خــودا بپاڕێینەوە یان تۆ بکاتە پیاو، یان من.

هەردووکیان کەوتنە دوعا و پاڕانـەوە ..خوشـکی زاوا، نـاوە نـاوە دەیوت: ئەرێ براژن هیچ پەیدا نەبوو؟

مـەحموود بـەدەنگێکی ژنانـەوە دەیـوت: لەزگینـە، بـەلاّم هێشـتا ماویەتی تەواوبێ.

بەرە بەری بەیان مەحموود وتی: کچێ ڕاستبەوە، خـودا نزاکـەی قبوولّکردین، من بوومە پیاو، بەڵام دەبێ تۆ شتێکم بۆ بکەی، بڕۆ بەرگی شازادەی براکەتم بۆ بێنە بیپۆشم تاوەکو کـەس گومانمـان لێنەکا، بۆخۆمـان بەیەکـەوە سـەری خۆمـان هەڵدەگرین و لێـرە دەڕۆین.

شـەوی پاشـتر کـاتێ جلـی شـازادەی بـرای بـۆ مـەحموود هێنـا و ئەویش لەبەری کرد، بەیەکەوە بۆی دەرچوون.

لەولایشــەوە ئەحمــەد و کچــی کــابرای ڕەوەنــد تــەواوێ دوور کەوتنــەوە، پرتــاو لــە شــوێنێ هەڵوێســتە دەکــەن، ئەحمــەد بەسەرسامیەوە ڕووی دەکاتە کچـەکە و دەڵـێ: تـۆ دەزانـی ئێمـە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەپێشە، لەبیرمان چوو خواردن بێـنین، لێرە چاوەڕێبە، بەخێرایی دەچمە شار ە دێمەوە، ووریابە، ئاگات لەخۆتبێ، ئەوەندەم پێناچێ، دێمەوە.

ئەحمەد گەڕایەوە شار، خواردنی هێنـا و هاتـەوە، تەماشـای کـرد کچەکە لەو شوێنە نەماوە، تومەز دێوێك هاتۆتە ئەو دەڤەرە، کـە ئەوی بینیووە، یەکسەر پەلاماری داوە و بردوویەتی.

ئەحمەد وەك ڕیسەکەی لێ بێتـەوە خـووری، لەخەفـەتان دەکاتـە شین و چەپەرە  و لەخۆدان و واوەیلایێ، لەتاوا نازانێ سـەری بـۆ کـوێ هـەڵگرێ، هـەر لـەم سـاتەوەختەدا مـەحموود و خوشـکی شازادە بەیەکەوە دەردەکەون، کە چـاویان بـە ئەحمـەد دەکـەوێ ئەوە دەگرییێ و دڵتەنگ دیارە و کچە ڕەوەندەکەی دەگەڵدا نییە، مەحموود بە تاسەوە پێی وت: گەورەم ئەوە بۆ دەگری؟چیبووە؟

ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە.

مـەحموود وتـی: دڵپەرێشـان مەبـە و ئـەو کـارە بـۆ مـن لێگـەڕێ، ئاگایەکت لەم ژنە بێ، ئەوە ڕۆیشتم، ئەگەر تـاوەکو دە ڕۆژی دی نەهاتمەوە ئەوە مانای وایە منیش شتێکم لێ بەسەر هاتووە.

دوعاخوازیان کرد، مەحموود ملی ڕێی هات و نەهاتی گرتـە بـەر.. ها لێرە بۆ ئەوێ، گەیشتە ناوچەیێکی ئەوتۆ، وەرزاخ و پـڕ چـەم و جەنگڵستان، پـەیتا پـەیتا هـەنگاوی هەڵدەنا، لـەناکاو چاوی بـە دێوێك کەوت ئەوە خەوتووە و کچـە ڕەوەندەکـەش هێـدی هێـدی باوەشـێنی دەکـات، بــە ئەسـپایی لێــی نزیـك بـۆوە، کچـەکە بـەدەنگێکی نزمـی ناسـکەوە وتـی: کـورە لێـرە مەوەسـتە، دەی

ڕاکە، بەو خوایەی وا لەسەرسەرە، ئەم دێوە بتبینێ، هەپروون بە هەپرووننت دەکات و دەتکوژێ.

مەحموود شمشێرەکەی لەکالان دەرێنا، بەهەموو هێزێکیەوە لەسەر دڵی دێوەکەی چەقاند، دێوەکەی تۆپاند.. ئەوجا کچەکەی دەگەڵ خۆی هێنا و دەستی خستە نێو دەستی ئەحمەد، وتی: فەرموو ئەوەش ئەو کچەی بۆی عەودال بووی، فرمێسکت بۆی دەڕشت.

چوار قۆڵی کەوتنە ڕێ، بگەڕێنەوە، قۆناغێکی باش ڕۆیشتن، بۆ پشوودان لایاندایە ژێر سێبەری درەختێك و لێی دانیشتن، بەهۆی دووری و شەکەتیەوە، هەمووان خەوتن، تەنها مەحموود بێداربوو، دیقەتی دا ئەوە دوو مەل هاتنە سەر چڵی دارەکە، یەکیان بە ئەوی دیکەی دەوت: خوشکم چما نازانی ئەوانە کێن؟ ئەوی دیکە وەلامیدایەوە: نەوەللا بەچی بزانم؟ ئەویش وتی: ئەوەیان ئەحمەد پادشایە و ئەوەی دیکەیان مەحموودی خانەزایەتی، گوێم لێبگرە، ئەو ئەحمەدە دەگەڕێتەوە، باوکی بەبیستنی ئەم هەواڵە ڕۆحێکی شەڕانگێزی لەناخدا دەڕسکێ، ماینێکی جوانی بۆ دەنێرێ، شمشێرێکی ژەهراوی دەنێتە نێو زینی ماینەکە، وابێ هەرکاتێك نووکی شمشێرەکە بەلەشیدا چوو، یەکسەر بیکوژێ، ئەگەر ئەو پیلانەی سەری نەگرت و لێی

قوتار بوو، ئەوجارە داوەتی نانخواردنی دەکات و ئەو خواردنەی بۆی دادەنێ، ژەهری تێدەکەن، ئەحمەدیش ئەوەندەی بەسە تەنها ئەگەر بۆ تامێشبێ، خواردنەکە تام بکا، دەمودەست دەیکوژێ، نازانم ئێستا بەخەبەرە یان خەوتووە.. خۆ ئەگەر لەوەشدا ڕزگاری بوو، داوەتی ژوورێکی دەکات کە ئەژدیهایەکی لەسەر دەرگاکە داناوە، ئەگەر هاتە ژورەوە، بەملیەوە بدات و بیکوژێ، هەرکەسێك ئەم قسەیەی من کردم، ئاشکرای بکات، ئەوە دەبێتە بەرد.

دوای ئەو قسانە، هەردوو مەلەکە لەشەقەی باڵیاندا و فڕین، کاتێك ئەحمەد و دووکچەکە لەخەو ڕابوون، نانیان خوارد، بارگەیان تێکنا و کەوتنە ڕێ.. پێش ئەوەی بگەنەجێ، خەبەر گەیشتە پادشا.

پادشا پیلانەکانی دارِشت، یەکەمین کاریَ ئەنجامیدا، ماینێکی بۆ نارد، شمشێرێکی ژەهراوی خستە نێو زینی سەر پشتی، کە ماینەکەیان گەیاندیَ، ئەحمەد ویستی سواربێ، مەحموودی خانەزا لەجێوە شمشێرەکەی لەکالآن هەڵکێشا، ماینەکەی کوشت.

ئەحمەد وتی: ئەوە لەبەرچی ئەو کارەت کرد؟

مەحموود جوابی نەدایەوە، چونکە ئەگەر قسەی مەلەکانی بۆ بکردایە،دەبووە بەرد، تەنها سەری بۆ بادا و هیچی نەگوت..ئەحمەد هەستی کرد ئەو کارەی مەحموود بێ هۆ نیە، بۆیە بێدەنگی نواند.

لەسەر ڕۆیشتنەکەیان بەردەوام بوون، گەیشتنەجێ، پادشای باوکی بۆ لەناوبردنی ئەحمەدی کوڕی، پەنای بردەی بەر پیلانی دووەم، داوەتی کۆشکی کرد، خوانیان بەجۆرەها خواردن ڕازاندەوە، خواردنە تایبەتیەکەیان لەبەردەمی ئەحمەد دانا، دیسان مەحموود ڕووبووە خواردنەکەی بەردەمی و هەمووی لێ ڕشت.

ئەحمەد ناوچەوانی گرژ کرد، وەلێ بەسەر نەفسی خۆیدا زاڵ بوو، دیسان هیچی نەدرکاند.

باوکی ئەحمەد لەو پیلانەشیاندا شکستی خوارد، پیلانی سێیەمی داڕشت، وتی: کوڕم بچووە ژوورەکەی سەرەوە، هەندێ کاری تایبەتیم پێتە.

ئەحمەد وتی: بەسەرچاو ، هەر ئێستا دەچمە ژوورەکەی سەرەوە.

کاتێك ڕۆیی، چووە سەرەوە بچێتە ئەو ژوورەی باوکی بۆی دیاری کردبوو، دەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا، ئەژدیهاکە سەر

دەکێشیٚ ئەوەی هاتە ژوورەوە، یەکسەر پێیەوە بدات، بیکوژیٚ، بەڵام کە بینی ئەوە یەکیٚ(محمود)شمشێری لیٚ بەرزکردۆتەوە، سەری دەربێنیٚ، سەری فتکات و سەری بپەڕێنیٚ، بەهێواشی سەری کێشایە دواوە.

ئەحمەد ئاوڕی دواوەی دایەوە، کە مەحموودی بەو ڕەنگ و بۆیە بینی ئەوە شمشێری لیٚ هەڵکێشاوە، بە تووڕەییەوە لێی چووە پێش، توند بەرۆکی گرت و وتی: وەرە بزانم، ئەوە بەتەمای چ بووی؟ بەتەمابووی بمکوژی؟

مەحموود وتی: نە بەخوای، چۆن دڵمدیٚ بتکوژم، قەت ئەوە لە ڕیشی من ناوەشێتەوە.

ئەحمەد وتی: ئەوجارەیان لێت نابوورم و وا بەئاسانی لەبن دەستم قووتارت نابیٚ، فەرموو، جاری یەکەم باوکم ماینی بۆ ناردم، دوو چاوی ساغت پێی هەڵنەهات، ماینەکەت لێکوشتم و قسەم نەکرد، بۆجاری دووەم باوکم داوەتی کردم، لەوەشدا ئیرەیت پێبردم لەو خواردنە زۆر و خۆشەی بۆیان دانام، خواردنەکەت لێرژاندم، هەمدیس قسەم نەکرد، بۆ ئەمەیان هیچ پاساویٚ نیە تا خۆتی لیٚ بدزییەوە.

مەحموود وتی: ئاخر ئەمانە هەر هەموویان نهێنین، بەئاشکرا کردنی، دەبمە بەرد، ئێستا تێگەیشتی چی دەڵێم؟

ئەحمەد بەبێباکانە هەڵیدایێ: ئـەوجا دەبیـە بـەرد، نابیـە بـەرد، وەی خـەم و فلقـیر، ئەگـەر ئێسـتا ئـەو نهێنیـەم پێنـەڵێی،ژیانت بەکۆتادێ وخۆت بەزیندوویێتی نابینیەوە.

مەحموود لەبەری پاڕایـەوە لەکـەلی شـەیتان بێتـەخوار، شـەیتان بەنەعلەتکا، کەچی ملی دانەدا و هەر لەسەر ڕایەکەی سووڕ بوو.

بەناچاری مەحموود سەرگوزشتەی دوو مەلەکەی بـۆ بـاس کـرد و لەگەڵ تەواوبوونی قسەکانیدا، یەکسەر بووە بەرد.

کچە ڕەوەندەکە وتـی: ئەحمـەد مادامـەکی ئـەو پیـاوە ئەوەنـدە بۆت بەپەرۆش و دڵسۆز بوو، تۆش ئاوات لێ بەسەر داهێنا، وەعد تاوەکو دەرمانی ئەم کوڕەم بۆ نەدۆزیەوە، قسەت لەگەڵ نەکەم و لێت نزیك نەبمەوە، تۆ لەمن حەرامبی.

ئەحمەد هەستی بە پەشـیمانی کـرد، گـەلێ بـۆی گریـا، بڕیاریـدا هەتا دەرمانێ نەدۆزێتەوە و چاکی نەکاتەوە، نەگەڕێتەوە..سەری کاسی هـەڵگرت، کەوتـە گـەڕان وسـووڕان بـەم شـار و ئـەم شـار، هانای دەبـردە بـەر خـەڵك و ڕووی لـەم و لـەودەکرد،دەیوت: کـێ دەتوانێ بەرد بکاتە ئادەمیزاد؟ کێ هەیە  ئەو پیاوەتیەم دەگەڵدا بکات، مەمنوونی دەبم.

خەڵكانێك شۆخیان پێیدەكرد، ڕۆژێكیان بەڕێكەوت لەبەر شەكەت و كەیلی خۆیدا، لەبن دارێك خەوت، دوو پەریزادە هاتنە سەری، یەكیان بە ئەوی دیكەی وت: ئەریٚ دەزانی ئەوە كێیە؟

ئەویتر وتی: ئەدی چۆن، باشی دەناسم، ئەوە ئەحمەدە گەمژە و بیٚ ئەقڵەیە كە مەحموودی خانەزای كردە بەرد.

ئەویتر وتی: ئەی چارەی چییە؟

ئەویش وتی: تەنها ڕێیەكی لەپێشدایە، ئەگەر ژنی هێنا ومندالٚی بوو،بچیٚ مندالٚەكەی سەرببڕیٚ و خوێنەكەی بكاتە سەر بەردەكە، چاك دەبێتەوە،هۆۆۆۆۆ ئەحمەد، ئەگەر بەخەبەری، گوێت لیٚ بوو چیمان وت، ئەگەر خەوتووی، ئەوە بێتە خەوت.

ئەحمەد كە لەخەوەكەی بێدار بووەوە، گەڕایەوە، بەسەرهاتەكەی بۆ كچە ڕەوەندەكە گێڕایەوە، كچە ڕوەندەكە بۆ دروستی ئەو خەونە، خۆی لیٚ مارەكرد و ئەویش گواستیەوە، زۆری نەبرد، ژنەكە سكی پەیداكرد، دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ دەقیقە و نۆ چركە، خودا كوڕێكی جوانی پێبەخشین.. دوای تێپەڕبوونی حەوت ڕۆژ، ژنەكەی وتی: ئەحمەد دەی ئێستا كاتی ئەوە هاتووە مندالٚەكەمان سەرببڕین و خوێنەكەی بكەینە سەر بەردەكە، بەڵكو مەحموود چاك بێتەوە و بێتەوە سەر دۆخی جاران.

ئەحمەد وتی: ئاخر دەستم ناچێتیٚ ئەو مەلۆتكەیە بكوژم.

ژنەکەی  بەحیرسەوە وتی: دەڵێی قسەکانمت لەیادچوو، چیم وت؟ نەموت: ئەو پیاوە چاك نەکەیەوە، قسەت لەگەڵ ناکەم و ناهێڵم لێم نزیك ببیتەوە، ئەوەی کردووشمە لەبەر خاتری خەوەکەت بوو، ئەوجا قسەی خۆت ببە سەر و لە قسەکردندا ڕاستگۆبە .

ئەحمەد بەناچاری و لەتاوا  کوڕەکەی سەربڕی ، کە خوێنەکەی ڕژاندە سەر بەردەکە، مەحموود  بووەوە پیاوەکەی جاران.

مەحمودیش ئەو پەلکەدارەی لەبن باڵی مەلەکاندا بەربۆوە، پەلکەدارەکەی کردە تۆز و بەسەر برینی منداڵەکەی داکرد و دوعای بۆ کرد، منداڵەکە چاك بۆوە، بەمە جارێکی دی هەموویان بەدیداری یەکدی شاد بوونەوە و تا مردن بەخۆشی ژیان .

*   *   *

# شاخەوان و میری ماران

دەگێڕنەوە، لەدێر زەمانەوە و لەنێو خۆماندا پیاگەك هەبوو نێوی شاخەوان بوو، لەناو خانویەکی سادە و ساکار ژیانی بەسەر دەبرد.

ڕۆژێکیان بەخۆیی و تفەنگی شانیەوە چووە ڕاوشکار..تەواویَ دوور کەوتەوە،گەیشتە دارستانێکی چڕوجەنگەڵی ئەوتۆ، بەزمان وەسف ناکریَ، لەناکاو چاوی بەمارێکی هێندە جوان کەوت کە لە ژیانیدا ماری ئەوها جوانی نەدیبوو،سەری سوڕما کاتێك بینی ئەو مارە جوانە  خۆی لەقەد و باڵای مارێکی گەڕ و پیس ئاڵاندووە.. مارە جوانەکە هاوسەری میری ماران بوو... شاخەوان بەو دیمەنە دڵتەنگ بوو، بەلایەوە سەیر بوو: ئاخۆ چۆن دەبیَ مارێك هێندە جوانبیَ ئەوجا بچیَ لەگەڵ مارێك گەڕ وپیس جووتبیَ، لەڕقان تفەنگی شانی داگرت، لوولەی لە مارە گەڕەکە کرد بکوژیَ، گوللەی تێگرت، گوللە بەر مارە جوانەکە کەوت و زامداری کرد..مارمێیەکە بەڕاکردن دەرپەڕی، سکاڵای خۆی گەیاندە میری ماران، وتی: ئەی میری ماران، کابراێك هەیە ڕاوچییە، هاتۆتە ئەو دەڤەرە، بە گوللە زامداری کردم.

میری ماران  دڵتەنگ بوو، ناردیە دوای (ماری تەتەر)..کە  مارێکی زەردە، خەتی ڕەش ڕەشی لەسەرە و بۆ لای خوارەوەی

شۆڕبۆتەوە، داوای لێ کرد هەرچی ماری ئەو مەملەکەتە هەیە، هەموویان کۆبکاتەوە، پەیامێکی هەیە، بڵاوی دەکاتەوە..بەم هەواڵە هەرچی ماری ئەو مەملەکەتە هەبوو لە گۆڕەپانی تەنیشت ماڵی میر کۆبوونەوە.

میری ماران بەگڕو تینەوە ڕووی تێکردن و وتی: کێ لە ئێوە تا ئەم تاوە، ئاوی نەخواردۆتەوە؟

هیچ مارێك بەجواب نەهات، ماری تەتەر وتی: قوربان، من تاوەکو ئێستا ئاوم نەخواردۆتەوە.

میری ماران ڕووی تێکرد و وتی: تۆ چونکە ئاوت نەخواردۆتەوە، لەکاتی پێوەدان، بەهەرشتێکەوە بدەیت، ئازاری تۆ بۆ ئەو شتە پڕ سوێ و بە ئازارترە، پێوەدانت مەرگی پێوەیە، بۆیە دەڕۆی بە شاخەوانی ڕاوچیەوە دەدەیت و دەیکوژی.

مارەکە ڕۆیی شاخەوان بدۆزێتەوە، هەر ڕۆیی تاوەکو بەدزیەوە چووە ماڵیان، خۆی لەبنمیچی خانووە قوڕەکەیان شاردەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی کرد کە هاتەوە ڕێك لەدواوە بەپشتی ملییەوە بدات و بیکوژێ.

شاخەوان لەگەڵ دوو سێ لەهاوڕێکانی هاتەوە ..لەگەڵ خۆیدا سێ چوار هاوڕێی هێنایەوە.

شـاخەوان لـەجێوە چـوار مەشـقی دانیشـت،بەپێکەنینەوە ڕووی کردە هاوڕێکانی و وتی: هاوڕێیان، ئـەمڕۆ شـتێکی سـەیرم بینـی، تووشـی مـاریێ بـووم لەژیانمـدا مـاری ئـەوها جـوان و قەشـەنگم نەدیووە.

یـەك لـەهاوڕێکانی پرسـی: ئێێێـی، چـیت بینـی؟ جـا ئەمـە کـەی سەیرە!.

شـاخەوان درێـژەی بەقسـەکانی دا: دەزانـی سـەیرەکەی لەچـی دابوو؟ سەیرەکەی لەوەدابوو، ئـەو مـارە جوانـە خـۆی لـەمارێکی گـەڕی پـیس و ناشـیرین ئالآنـدبوو، منـیش ویـژدانم قبـوولّی نەکرد،لـەجێوە لوولـەی تفـەنگم لـە مـارە گەڕەکـە کـرد بیکـوژم، کەچـی گوللەکـە بـەر مارەجوانەکـە کـەوت، مەبەسـتم لـەوەدا کوشـتنی ئـەو مـارە نـەبوو، زۆریشـم پێنـاخۆش بـوو، کەچـی شتەکەم لەدست دەرچوو.

ماری تەتەر کە لەبنمیچی دارەکە خۆی مەلاس دابـوو، گوێبیسـتی ئەوقسـەیە بوو،لەبـەر خۆیـەوە وتـی: وەللآهـی مـادام مەبەسـتت کوشتنی هاوسەری میری ماران نەبووە، بەلێنبێ پێوەت نـەدەم و ئەو قسانە بەئەمانەتەوە بەمیری ماران بگەیەنم.

مارەکـە گەڕایـەوە لای مـیری مـاران و ئەوقسـانەی پـێ ڕاگەیانـد، میری ماران، تەتەری ڕاسپارد بچێتە لای شاخەوانی ڕاوچـی داوای لێبکا بێ بۆلای،خەمی ئەوەی نەبێت ناهێڵێ هیچ مارێك پێوەیدا.

ماری تەتەر خۆی گەیاندە لای شاخەوان و پێیـوت: مەترسـە، مـن فەنیم و دوژمنت نیم، لەلایـەن مـیری مارانـەوە ڕاسـپێردراوم بێمـە خزمـەتت، ئـەو داوەتـی کـردووی بچـیتە سـەردانی، حەزدەکـەم ئەوەت پێبڵێم کە میری ماران نەدار نییە، نەخێر،خاوەنی دەیەها گەنجینەی دانسقەیە، بۆیە بەچوونت بۆ لای جەنابی میر، دەرگای خێر و بەرەکەتت لێدەکرێتـەوە، بـەجۆرێ مفـا و قـازانج دەکـەیت تاوەکو ئەو ڕۆژەی سەردەنێیتەوە، بەکورتیەکەی نـازانی هـەژاری مانای چییە.

شاخەوانی ڕاوچی بەو هەواڵە کەیفساز بوو،خۆی لـەگوورە نـەبرد، بەتاسەوە پرسی: من هێشتا لێتحاڵی نیم، مەبەسـتت لـەم قسـانە چین؟

ماری تەتەر ئاخێکی هەڵکێشا، وتی: قسـەکانم ڕوون و ئاشـکرایە، بـەپێچ و پـەنا قسـەم نـەکردووە تـاوەکو تێمنەگـەی، دیسـان ڕێنوێنیت دەکەم ئەگەر هاتیە لای میری ماران و وتی:بخوازە ماڵی دونیا..بڵێ هیچم لێتناوێ تەنها یەك تفی دەمـی خـۆتم بـۆ بخـەرە نێـو زارمـەوە و بـەس، بـەم کـارە ئەوەنـدە ئاسـودە و بـەختیار

دەبیت، هەر مەپرسە، قسەش لەو سەرە خۆشە،کوڕە ئەمە نهێنیەکە لەنێوان من و تۆدا، ئەو نهێنیە بدرکێنی، یەکسەر دەمری.
شاخەوان سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند، وتی: تەواو،تەواو.. تێگەیشتم، فەرموو بابڕۆین.
بەیەکەوە کەوتنەڕێ، گەیشتنە لای میری ماران، هەر ئەو کاتە میری ماران فەرمانیدا هەرچی مارێك لەو مەملەکەتە هەیە بێتە گۆڕەپانی بەر ماڵی میر و هەر هەموان کۆم ببنەوە.
بەماوەیەکی کەم، هەرچی ماری ئەو مەملەکەتە هەیە، لەو گۆڕەپانەدا کۆبوونەوە، میری ماران ڕووی کردە شاخەوان و وتی: سەیری ئەو مارانەم بۆبکە، بزانە کامەیان دەستی دەگەڵ هاوسەرەکەم تێکەڵ کردبوو؟
شاخەوان بەناو مارەکاندا سووڕایەوە، تەماشای یەکە یەکانی کرد بەڵام مارە گەڕ و پیسەکەی نەدۆزیەوە، وتی: قوربان ئەو مارانە هیچیان هەونین و یەکەم جارە چاویانم پێدەکەوێ.
میری ماران ڕووی کردە ماری تەتەر، وتی: تەتەرگیان، ئایا لەم مەملەکەتە، هیچ مارێك ماوە نەهاتبێ؟!
ماری تەتەر وتی: گەورەم باوەڕ ناکەم هیچ مارێك مابێ، هەموو مارەکانمان ئاگادار کردۆتەوە تەنها مارێکی گەڕی نەخۆش نەبێ،

ئەویش چونکە توانای نەبوو بڕوا، ئـەومان ئاگـادار نەکردەوە،کـە ئێستا لەبن ئەو بەردەی نزیك خۆمانە.

میری ماران وتی: بڕۆن ئێستا ئەگەر بیخەنە سەر پشتی خۆتـان، بڕۆن یهێننە ئێرە.

مارە گەڕەکەیان هێنا، شاخەوان کە چاوی پێ کەوت، لـەدوورەوە هاواری لـێ هەسـتا: قوربـان، قوربـان ئـەوە خۆیـەتی، ئـەوە ئـەو مارەیە خۆی لەهاوسەرەکەت ئالأندبوو.

مـیری مـاران وتـی: ئێسـتادەمەوێ بەدەسـتی تـۆ ئـەو دووانـە، هاوسەرەکەم و ئەو مارە گەڕە بکوژی.

شـاخەوان سـەرەتا زۆر ترسـا، بـەلأم کـە زانـی هـیچ ڕێگەیـەکی لەبەردەمـدا نییـە بـۆ ئـەوەی هـەڵبێ و خۆیـانی لـێ دەربازکـات، بەناچاری هەردوو مارەکەی کوشت.

ئەوجا میری ماران پێیوت:دەرهەق بەو چاکەی دەرهەقت نوانـدم، چیت دەوێ،داواکـە بـۆتی جـێ بـەجێ بکـەم، مـن گەنجینـە لـەبن نەهاتووم هەیـە، شـەرم مەکـە، بێـژە ئـەوەی دڵـت دەیخـوازێ، چ ئاواتێکت هەیە بەس دەم بکەوە و بخوازە تاوەکو بۆتی بێنمەدی.

شـاخەوان وتـی: سوپاسـت دەکـەم، مـن پێویسـتیم بـەهیچ نییـە، تەنها یەك داوام هەس،ئەویش ئەوەیە تفی دەمت خۆتم بۆ بخەیتە ژێر زمانمەوە.

میری ماران وتی : دەك خوا ئەوە بگرێ ئەو تـەگبیرەی بـۆکردی، منیش قسەیەك بکەم، لێی پاشگەز نابمەوە، دەی دەمت بکەوە.
ئەویش دەمی هەڵپچڕی، مارەکەش تفی دەمـی خـۆی خسـتە ژێـر زمانیەوە، بـەم کـارە، شـاخەوان تووشـی دۆخـێ هـات، لەوسـاتە وەختەوە لێرە و لەوێ هەر گیانـەوەرێ قسـەیەکی بکردایـە، تێـی دەگەیشت، دەیزانی چی دەڵێ!
شاخەوان گەڕایـەوە مـاڵ ...ئێـوارە داهـات، نـانی خـوارد، چـووە کادینەکە و کـای بۆئاژەڵـەکان ڕووکرد،سـەیری پێهـات کەرەکـەی دەستی بـەخواردنی کایەکـە کرد،نەیهێشـت دوو گاجووتەکـە لێـی بێنەپێش و بەشیان بدات.
گوێی قولاغ کرد، بینی گاجووتەکان لەبەری پاڕانەوە: بۆ بەشمان نادەی خەرۆکە،خۆ ئێمە زۆر لەتۆ ماندووترین، خاوەنەکەمان بـەو ڕۆژگارە هەر جووتمان پێدەکات و لێناگەڕێ پشوویەك بدەین.
خەر خۆی شێلوو نەکرد، وتی: ئاخر ئـەم کایـە تـەنها شایسـتەی منـە بیخـۆم، ئێـوە هـی ئـەوەنین نزیکـی ببنـەوە، بـەڵام قـەینا چاوەڕوانبن کەنگێ ئەو کایـەی لـێ زیـاد بـوو، ئـەو کایـەم لەبـەر مایەوە ئەوە دەدەمە ئێوە.
گوێدرێژەکە وەرگەڕایە سەر کایەکە، هـەمووی خـوارد، هیچـی بـۆ نەهێشتنەوە.

شاخەوان گوێی لـەم گفتوگۆیـە بـوو، تابـەیانی ڕۆژی پاشـتر هـیچ قسەیەکی نەکرد..ڕۆژی پاشتر گاسن و کەل و پەلەکانی، یەك لـەو دوو گاجووتەی هێنا، لە گوێدرێژەکەی خسـت و بـۆ شـۆڤ و زەوی کێلاّنـی بـرد، گوێدرێژەکـە بـەزۆر شـتەکانی ڕادەکێشـا، لەبـەر خۆیەوە دەیوت: بۆچی ئەو گایانە نایەن زەویەکە بکێڵن، خـۆ مـن گاجووت نیم؟

شاخەوان بەتووڕەیەوە وتی: تۆ دەبێ ئەمڕۆ لەجیاتی ئەو گایانە، ئەم زەویە بکێڵی.

تـا ئێـوارە جـووتی پێکـرد، کـە هێنایـەوە، چـوو بەبـەر چـاویەوە هەندێك کای هێنا، لەبەردەم هەردوو گاجوتەکەی دانـا و ئەویشـی فەرامۆش کرد..یەك لـەو دوو گاجووتـە فـەرموویان لەگوێدرێژەکـە کرد، بێ کایەکەیان دەگەڵدا بخوات.

گوێدرێژەکـە وتـی: ئـەم کایـە تـەنها شایسـتەی ئێوەیـە، نۆشـی گیانتانبێ.

شاخەوان دەستی نایە ملی گوێدرێژەکە و پێکەنی..گاجووتـەکان تێر و پڕ لەکایەکەیان خوارد.

شاخەوان ئێوارەیەکیان لەماڵـەوە لەسـەر پشـت ڕاکشـابوو،کاتێك گفتوگۆکەی نێـوان گوێدرێـژ و گاجووتـەکانی بـیر کەوتـەوە، دایـە

قاقای پێکەنین، کەیبانووەکە ئەو پێکەنینـەی لێدەبێتـە مـەراق و سینەی دەگریێ: پیاوەکە پێمبڵێ چیبووە،ئەوە بەچی پێکەنی؟

شـاخەوان وتـی: ئـافرەت بڕوابکـە هـیچ نیـە، هـەروا بـە هـەوەس پێکەنیم.

کەیبانووەکە وازی لێ نەهێنا: من گێلمەگێلم نازانم چیە، ئەوە هی سوحبەتکاری و هەوا و هەوەس نییە، دەبێ بۆمی بگێڕیەوە، بزانم بەچی پێکەنی.

ماری تەتەر بە شاخەوانی وتبوو: دەبێ ئەو نهێنیە بپارێزی و هەر ئەوەندە نهێنیەکەی درکاند ئەوە دەمری، بۆیە وتی: ئـافرەت مـن دەڵێم نێرە، تۆ دەڵێی بیدۆشە، لێرەدا نهێنیەك لەقسەکانمدا هەیە ناتوانم ئاشکرایکەم، چونکە بەئاشکراکردنی دەمودەست دەمرم.

ژنە بێباکانە وتی: دەنا بمری، نەمری، ئەوە کێشەی خۆتە، دەبێ ئەو نهێنیەم پێبڵێی.

شاخەوان دنیای لێ وێکهاتبۆوە، نەیدەزانی قوڕی کێ بکاتە سـەر خۆی؟ دەیزانـی ژنەکـەی وەك قـیڕ و بنێشـت وایـە هـەر ئەوەنـدە بەشـتێکەوە نووسـا، لەزگەیـە و بـەرینادات، بۆیـە وتـی: خـوا گەورەیە، ئەمشـەو بـا بـڕوا، بـەڵێنبێ سـبەی هـەموو شـتێکت بـۆ بگێڕمەوە، ئەوجا دەمردم، نامردم، قیڕیسیاە.

بەیانی کە لەخەو ڕابوو، کای بەگوێدرێژەکەدا و جۆشی لەپێش دەمی گاجووتەکان ڕووکرد.

گوێدرێژەکە کایەکەی نەخوارد، بەگاجووتەکانی وت: وەرن من ئەو کایە ناخۆم، ئێوە بۆخۆتان بیخۆن.

گاجوتەکانیش مانیان لەخواردن گرت، ئەوانیش بانگی مریشکەکانیان کرد و وتیان: ئێوە وەرن بۆخۆتان ئەو جۆیە بخۆن، ئێمە نایخۆین.

مریشکەکانیش وەکو ئەوان غەمبار بوون، خەفەتیان دەخوارد، وتیان: چونکە خاوەنەکەمان دەمرێ و ژنەکەشی خزمەتمان ناکا، ئێمەش هیچ ناخۆین.

کەسیان دەمی لەهیچ نەدا، تەنها مریشکێك نەبێ، چوو دەنك دەنك، دەستی بەخواردنی جۆیەکەکرد..مریشکەکانی دیکە سەریان سوڕما، وتیان: ئەوە چیت لێ قەوماوە؟چۆن دڵت خواردن دەبا، لەکاتێکدا خاوەنەکەت ئەمڕۆ دەمرێ؟.

مریشکەکە بەدەم خواردنی جۆکەوە وتی: هاوڕێیان ئەگەر بەقسەم دەکەن ئێوەش وەرن، وەکو من جۆی خۆتان بخۆن و گوێی مەدەنێ، بۆ گوێی دەدەنێ ئەگەر خاوەنەکەمان هێندە بێئەقڵ بێ و قسەی دڵی خۆی بۆ ژنەکەی بکا، لەکاتێکدا سوور دەزانێ بەو قسەکردنەی دەمرێ، ئاخر چۆن دەبێ پیاو ئاوابێ،

ئەگـەر بـەخۆی دەڵـێ: پیـاو، فـەرموو بابچـێ دارکاریـەکی باشـی بکات، وای پێدەڵێم:

دەستکە داریێ

بکوتە هاریێ

کە کەوتە بەهاریێ

بچێتە شاریێ

بکڕێ کراسان

خۆی دێتە باریێ

ژن هەیە، ژنۆکە

فەرقی نیە لەگەڵ جنۆکە

شـاخەوان گـوێی لـەو قسـانە بـوو، لەدەروونـەوە بـەخۆی وت: وەللاهی واباشە بەقسەی ئەو مامرە بکەم، قسـەکەی زۆر ڕاسـتە، ئەگەر ژنەکەم خەمی منی نەبێ بمرم، ئەوە چ ژنێکە، قەت لـەوە باشتر نییـە دارکاریـەکی خاسـی کـەم، بەحـەیاتی خـۆی نـەتوانێ زمانی بەخراپ بگەڕێ.

بانگی ژنەکەی کرد، وتی: ئافرەت وەرە با نهێنی ئەو پێکەنینـەی ئێوارەت بۆ بگێڕمەوە.

ژنە بەخۆشحاڵیەوە لێی چووە پـێش، وتـی: دەئەوهابـە، فـەرموو ئەوە گوێم هەڵخست، بێژە.

شاخەوان وتی: ژنەکە تۆ خاوەنی ئـەو ئەقڵـەبی مردنـی منـت پـێ چاکتربێ لەوەی تەنها نهێنیەك بدرکێنم، یەك دەقە بۆم بووەستە. چووە حەوشە و کوتەکێکی هێنا، هاتەوە، وەرگەڕایـە سـەری تـا سفت و سۆی نەشـکاند، دەسـتی لێهەڵنەگرت..بـەقوربانی مردنـی کرد، تۆبەی پێکرد تا لەژیاندایـە جـارێکی دی هەڵـەی وا دووبـارە نەکاتەوە، لەژێر ئەمر و فەرمانی سەردارەکەی بێـت و تـا ماویشـە خۆی لەقسان نەسوێ!

★ ★ ★

## دوو تووتی و بازرگانێك

دەگێڕنەوە و دەڵێن: لە ڕۆژگـارێكی زوودا، شـابازێك هـەبوو، سـێ ژنـی هـەبوون، ئـەو كاوڕایـە گوایـە لەبـەرخراپی خـۆی، ژنـەكان هیچیان بەدیاریەوە دانانیشن و خۆیان بەتەلاَقدان دەدەن.

ڕۆژێكیان پیرەژنێكی دراوسێیان چووە لای، پێیوت: دەڵێن كچـێك هەیە لەجوانیدا بێ وێنەیە، لـەڕەفتار و كرداریشـیدا، كـەس خـۆی لەقەرەی نادات، بەقسان دەست و داوێن پاكە، بەڕاستی ئەو كچە شایستەی ئەوەیە ببێتە هاوسەرت.

كابرای بازرگان بەو پێهەڵدانـە، بـێ ئـەوەی لەژیانیـدا ئـەو كچـەی بینیبێ، ئاشقی دەبێ، لەجێوە چەند لیرەیـەكی لەمسـت دەنـێ و پێی دەڵێ: لەئێستا زووتـر نییـە، بـڕۆ ماڵیـانم بـۆ بـدۆزەوە، بـۆم بچووە خوازبێنی، جا ئەگـەر خـوا قەڵـەمی لێـدا، ئیشـەكە سـەری گرت، مەمنوونت دەبم و خەلاَتێكی باشت دەكەم.

پیرەژنەكـە بەپرسـیار كـردن مـاڵی كچـەی دۆزیـەوە، چـووە لای، كەوتە پیاهەڵدان بە شان و باڵ و خانەدانی كابرا، كچەش لـەپێناو تـەماحی خرێـول و پـارە و پـوول، ڕەزامەنـدی دەربـڕی، شـووی پێبكا.

كچەی گوازتـەوە، ڕۆژێكیـان ویسـتی تاقیكاتـەوە: ئـاخۆ ئـەویش وەكو ژنەكانیتر دەردەچێ یان نا؟ بەهەڵپەیەكەوە تەماشای كرد،

وتی: ئافرەت نیازم وایە بۆ کەیف وسـەفا، بـۆ هـەواگۆڕین، بچـمە ڕاوشکار، ڕەنگە چەند ڕۆژێکم پێبچیٚ، ئەوجا دێمەوە.

مـاڵێی جێهێشـت، ژنەکـە چـووە سـەر بـان، لـەوئان وسـاتەدا شـازادەیەك بـەو کۆچـەیە گـوزەر دەکـات، لـە سـەیرکردنێکدا هەردووکیان حەز لەیەك دەکەن.

شازادە کاتیٚ چووەوە ماڵ، هێندەی بیر لەجوانی وشۆخ وشـەنگی ئەو ئافرەتە کردەوە، نەخۆش کەوت، پێیان وت: چارەی تـۆ لای کەس نییە، مەگەر ئەو پیرەژنەی دراوسـێیان بتـوانیٚ شـتێکت بـۆ بکا، بچووە لای، بەپارە ڕازیکە.

شـازادە ناردیـە دوای، پێیـوت: دایـەژن، زارت بکـەوە: چـەندت دەویٚ، تـا پـارەت بـدەمیٚ، بـەس بـڕۆ دڵـی ژنـی ئـەو بازرگانـەی هاوسێتانم بۆ نەرمکە بێتە لام.

لەگەرمـەی ئەوقسـانەدا بـوو، کیسـەیەك لـیرەی پێـدا، ئـەویش لەخۆشی لیرەکان دەمی کەڤ چنی، بەبزەیەکـەوە وتـی: گـەورەم ئەوە خەمی منە، ئەو خەمە بۆمن لێگەڕیٚ.

پیرەژنەکە خۆی گەیاندە لای هاوسەری بازرگانەکە، وەکو نـۆڕی، ئەوە لەبن جیٚ کـەوتووە و نەخۆشـە، بەتالووکـەوە لێـی پرسـی: کچم ئەوە چ خێرتە؟! پێدەچیٚ نەخۆشبی؟

ئەویش وەڵامی دایەوە: بڵێم چی؟ ئـەو ڕۆژەی پیاوەکـەم بـۆ ڕاو ڕۆیشت،چـوومە سـەر بـان تەماشـایەکی دونیـا بکـەم، لەوکاتــەدا کـوڕێکی تـۆلاز و جوانخاسـم بینـی بـەوناوەدا گـوزەری دەکـرد، جوانیەکەی سـەرنجی ڕاکێشـام، ئاشـقی بـووم، ئێسـتاش چـونکە لەدەستم چوو، چـونکە بایـەخم پێـی نـەدا، وادەمبینـی لەخـەمان کەوتومەتـە نێـو جێگـە و نـەخۆش کـەوتووم، یـانی دەردی مـن، دەردە ئیشقە و دەردە دڵە.

پیرەژنەکـە وتـی: مـن ئـەو تـۆلازە بـاش دەناسـم، لەبـەردڵی تـۆ وادەکەم هەردوکتان بەیەك بگەن.

ژنەکە خۆی دەخیلی کرد: وەی دەبەرتمرم،دەبێ وابکەی دڵی ئەو کوڕەم بۆ نەرمکەی ، ژوانێکمان بۆ رێکخە، بچمەلای.

پیرەژنەکە ڕۆیـی، لـەدووەم ڕۆژ هاتـەوە،پێی وت: خاتوونەکـەم، ئەگەر ئامادەی ئـەوە هـاتووم بـا بەیەکـەوە بـۆی لای ئـەو کـوڕە بڕۆین، دڵ لەدڵ مەدە، تکام لێی کـردووە تـۆی قبـووڵبێ و بـەتۆ ڕازی بێت.

دولبەرەکە وتـی: سوپاسـی مانـدووبوونت دەکـەم، بـەلاّم مـن دوو تووتیم هەنە، ئەگەر ئیجازە هەبێ، دەچم پرسـێکیان پێدەکـەم و پاشان پێکڤە بۆی دەردەچین.

ڕووی وەرگێــڕا، هــەنگاوی هــەڵگرت، چــووە دیــار تووتیــەکان و پێیوتن:

من وادەچمە لای یارم

لەدووری یار بێ قەرارم

خەمبار و لێو بەبارم

گەر بچم چیە چارم

تووتیە نێرەکە بەجواب هات، وتی:

ئاخر ئەگەر دەچییە لای یارت

شلۆق دەبێ بارت

کەی ئاغام هاتەوە

بەو سات و کاتەوە

ئەو شتەی لێ ناشارمەوە

هەر زوو بۆی دەگێڕمەوە

دوڵبەرەکە بەم قسەیە دەهری بوو، لەتووڕەیان، توند پەلاماری دا و بەچــەقۆیەکی تیــژ، ســەری بــڕی، لــەو کارەیــدا هەســتی بەپەشیمانیەکی زۆر کرد، گەلێ غەمی خوارد، لەداخان کە هاتەوە لای پیرەژنەکــە، بــە خەمناکیــەوە وتــی: ببــووره نەنــەگیان ژانەسەرێکی توندم لێیە، خەریکە مێشکم دەتــەقێ، بۆیــە ئــەمڕۆ ناتوانم بێم، با ژوانەکە بۆ ڕۆژێکی دیکە دواخەین.

پیرەژنەکـە وتـی: مـن زۆرت لێناکـەم هـەر دەبـێ بچـین، مـادام بێتاقەتی و سەریشت دێشێ، ئەو ئیشە بەدەستخۆمانە، ژوانەکـە بۆ بەیانی دوادەخەین.

لەسێیەمین ڕۆژدا، پیرەژنەکە هاتـەوە، وتـی: هـاااا، کچـم چـۆنی؟ ئێستا ئامادەی  بەیەکتریتان شاد کەم؟

دولْبەرەکە وتی: حەزدەکەم پرسێ بەتووتیە مێیەکە بکـەم، بـزانم بیروڕای ئەو چییە؟

ڕووی وەرچەرخاند، چووە لای، وتی:

تووتیە خۆشەویستەکەم

من بەتەمام برۆمەلای یارم

لەتاو یارم بێقەرارم

جا نازانم چۆن دەبێ کارم

تووتیە مێیەکە وتی:

ئەگەر بڕیارتداوە بچییە لای یارت

ژواننی لە قەرارت

دەچی ناچی کەیفی خۆتە

بەلاّم ئاغام لەگەڵ تۆ جۆتە

لەگەڵ دووان حەرامە

بۆ تۆ بەسە یەك هەرامە

بچی وەکو پادشای سێ ژنە پەشیمان دەبیەوە.

دوڵبەرەکە بەتەوسەوە وتی:

من سەرگوزشتەی پادشای سێ ژنەم نەبیستووە، بەسەرهاتی پاشای سێ ژنە چییە؟

تووتیە مێیەکە تووڕی هەڵدا: دەگێڕنەوە دەڵێن: پادشایەك هەبوو، سێ ژنی هەبوون، لەنێو ژنەکانیدا تەنها دوو ژنیانی بێشومار خۆشدەویست و خۆشەویستی ئەوی دیکەیان لەچاو ئەوانیتر کەمتر بوو، سەرەنجام لێی کەوتە هەنجەت پێگرتن، لەماڵەوەی دەرکرد..ڕۆژێکیان پادشا دەچێتە لای یەك لە دوو ژنە هەرە خۆشەویستەکەی، ژنە پێی وت: پیاوەکە چەند دەقەیەك لێمگەڕێ بۆهەندێ پێویستی تاوەکو دەرەوە دەچم، ئەوەندەم پێناچێ، دێمەوە.

ئەویش لێی کەوتە گومان ، ختوورەی لابەلای بەدڵ داهات، بەدزیەوە کەوتە دوای، ئاخۆ بزانێ چی دەکا و دەچێتە کوێ؟ لەناکاو بینی ئەوە ژنەکەی چووە لای قولەڕەشێکی خانەزایان و خەریکە لەگەڵی دەست لەملانێیە، پادشا لەحەژمەتا خەنجەرت لێدابا خوێنی لێنەدەهات، لێ، هەڵنەچوو، دانی بەخۆی داگرت و دەنگی نەکرد، بەئەسپایی گەڕاوەیە، چاوەڕوانی هاتنەوەی

کرد،ئەوجا بێ خۆ شێلوو کـردن، بەتەوسـەوە لێیپرسـی: ئـافرەت ئەوە بۆ دواکەوتی؟چوویە کوێ؟

ژنەکەی خـۆی لـەگووره نـەبرد، وتـی: عەیبنـەبێ دوو ڕۆژە هیچـم دانەناوە، خەریکبوو سکم بتەقێ، چـوومە دەسـتاوێ، دەسـتم بـە ئاو گەیاند..پادشا ئەوەی هـەبوو، لـەدڵی خـۆی هێشـتەوە، بۆیـە سەری بۆ لەقاند و هیچی نەدرکاند..شەوی ئەولاتر چووە لای ژنی دووەمی،ئـەویش وەکـو ئـەویان دەرچـوو.. لەسـێیەمین شـەودا بەبێدەنگی چووە نزیك خانووی ئـەو ژنـەی خۆشـی نەدەویسـت و لەماڵـەوەی دەرکـرد، کـاتێ هەسـتی لێڕاگـرت ئـەوە خـەریکی نوێژکردنــە و لەســەر دووگــرد، هــەردوو دەســتی بــۆ ئاســمــان بەرزکردۆتەوە، لەخوای دەپاڕێتەوە، پیاوەکەی بێمزەڕەتکا، کـە پادشا لەخۆی وورد بووەوە، ئـەوجا بـۆی دەرکـەوت کامـە ژنیـان خراپە وکامەشیان باشە، هەر بـەو شـەوە فەرمانیـدا هـەردوو ژنـە خۆشەویستەکەی و قولە خانەزاکەی ببەنە دەرەوەی ئاوایی و بـێ هەست وخوست هەرسـێکیان بکـوژن و بەبێـدەنگی لـە شـوێنێکی چۆڵ و دوورەدەست، لەشوێنێکی لاچەپیان بنێـژن، ئیـدی پادشـا ئەو ژنەی دەریکردبوو، دەگەڵی خراپ بوو، جارێکی تـر هێنایـەوە کۆشك وتا مردن بێ ئەندازە یەکیان خۆشویسـت و ڕێـزی یـەکیان گرت . ئەوە بەسەرهاتی پادشا و سێ ژنەکە بوو.

دولّبەرەکـە بەگوێبیسـت بـوونی ئـەو بەسـەرهاتە، زۆری خەفـەت خوارد تا ئەو ڕادەی بەپیرەژنەکـە بلّـێ: ببـوورە ئـەمڕۆش دەردم گرانە، هێشتا بەتەواوی چـاك نەبوومەتـەوە، بێتاقـەتم، پێمنـاکرێ بکەومەڕێ، با سەردانەکەمان بۆسبەی دواخەین.

پیرەژنەکـە هـەر دەسـبەرداری دلّخـواز و دولّبەرەکـە نـەبوو، بـۆ دلّنەوایی کردن، وتی: دەی کەوایە، با بۆ بەیانی بمێنێ.

لەچوارەمین ڕۆژدا، کـە پیرەژنەکـە هاتـەوە، دولّبەرەکـە دەسـتی گرت، لـەجیاتی ئـەوەی هـیچ قسـەیەك بکـات، بردیـە لای تووتیـە مێیەکە، پێش ئەوەی ئەمان زاریان بکەنـەوە و بـدوێن، تووتیەکـە ڕووی کردە خانمی مالّ و وتی:

ئەگەربچیەلای یارت

شپرزە دەبێ مالّت

پاشان پەشیمانە حالّت

وەکو ئەو پادشایەی، بازێکی هەبوو.

وتی: چیرۆکی ئەو پادشایە چۆن بوو؟ بیگێڕەوە.

تووتیەکە وتی: دەگێڕنەوە ئەو پادشایە بازێکی هەبوو، بێئەندازە خۆشی دەویست، بچووبایە هـەر شـوێن و جێگەیـەك، بـێ بازەکـە یـەك هـەنگاوی نـەدەنا..ڕۆژێکیان دەڕوا، دەڕوا تـاوەکو دەگاتـە جێگـەیێ، کـە لەسـەرووی ترۆپکـی شـاخێکی بـەرزەوە، ئـاوێکی

سـازگار  تـك تـك دەهاتەخوارەوە،پادشـا گـەلێكی تێنـوو بـوو، بازەكەی سەرشانی پێیوت: پادشای سەروەرمان، هـااااا، نەكـەی ئەو ئاوە بخۆیەوە، ئەو ئاوە پاك نییە.

پادشـا وتـی:  ڕاسـت ناكـەی، چـونكە دەزانـی تێنوومـە بۆیـە وادەڵێی، مادام واتوت: ئەگەر بشمرم هـەر لێـی دەخۆمـەوە، خـۆ لەتوێنان خۆم ناخنكێنم.

پادشا پەیتا پەیتا لەئاوەكە چووە پـێش، بازەكـەش لەپەرۆشـی خۆشەویسـتی پادشـا، كەوتـە باڵـەفڕە، ویسـتی  بـەو كـردارەی، پادشا لە خواردنەوەی ئاوەكە دوورخاتەوە، پادشـا ڕقـی هەڵسـا، لەجێوە شمشێرەكەی لەكالان دەرهێنا و سەری بازەكـەی پەڵـدا، بەو كوشتنە دڵتەنگ و ناڕەحەت بوو، داما، لەدەروونەوە بـەخۆی وت: واچـاكە سـەربكەومە سـەرەوەی شـاخەكە، بـزانم بۆچـی خواردنەوەی ئەم ئاوە بۆ خواردنەوە ناشێ و نابێ لێی بخۆمەوە؟ بە چیا سەركەشەدا هەڵزنا تـا گەیشـتە ترۆپـك، كـە سـەیری كـرد ئەوە حەزیایەكی گەورە و ناقۆڵا كوژراوە و لاشـەكەی كەوتووەتـە ئەو كەمە ئاوەی بەو ناوەدا دەچۆڕێ و لاشـەكەی بۆگـەنی بـووە، هەر بۆیەش بازەكە ناڕەحەت بوو لەخواردنەوەی پادشا لەم ئاوە، زۆرپەشیمان بۆوە، وەلێ ئەفسووس پەشیمانی دادی نەدا.

دڵخوازە جوانەکە هەمدیس بەبیستنی ئەو بەسەرهاتە، هەستی بەخەم وپەژارەیەکی زۆر کرد و بەپیرەژنەکەی وت: ببوورە ئەم بەسەرهاتە هەست و نەستی ڕاتەکاندم، مووچڕکەیەکم بەلەش داگەڕا، بۆیە دەبێ ئەمڕۆش لێم ببووری ناتوانم لەگەڵت بێم.

پیرەژنەکە لە ڕۆژی پێنجەمدا بەتوڕەییەوە دەرکەوت، لەخانەی ترساندن و هەڕەشەوە زمانی گەڕاند: بۆ ئەمڕۆ بڕوبیانووم بۆ مەدۆزەوە، باپڕۆین، ئەگەر نێی، ئەو کوڕە وا هەستدەکات پێتڕابواردووە، ڕەنگە بەبەر نەفرتی ئەو بکەوی و ڕقی لێت بێتەوە، ئەوە پێموتی: لەقە لەبەختی خۆت مەدە، چونکە یەغبالت ئیقبالە.

دوڵبەرەکە وتی: لەو بەسەرهاتانە دڵم بەرایی نادات بڕیاری بەپەلە بدەم، وا دەچمەوە لای تووتیە مێییەکە بزانم ئەمجارەیان چ شەکرێك دەشکێنێ؟ بزانم قەت قسەیێکی خۆشم بۆ ناکا.

چووەوە لای، وتی:

تووتی گیان دڵم خۆشکە،
قسەی جوانم بۆ نۆشکە
من بەتەمام،بەنیازم
دەمەوێ بچمەلای یار و ڕازم
تا هەڵگرێ نازم

لەدووری ئەو بیٚ قەرارم

کوشتمی دووری یارم

تووتیەکە وتی:

تۆ هەر مکوڕی لەسەر ڕۆیشتن، دەبڕۆ خاتوونی مەکرۆ، دەترسم وەکوسەلیم وسالمت لیٚ بەسەربیٚ، ئەودوو برایە ژنەکانیان لەیەك کات سکیان پەیداکرد، هەردووکیان پەیمانیان بەیەکدا ئەگەر خودا کوڕ و کچێکی پێبەخشین، ئەوا لەیەکیان مارە بکەن...دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆسەعات و نۆ دەقیقە هەردوو ژنەکە منداڵیان بوو، ژنی سەلیم کوڕێکی بوو ناویاننا(تەکش) کچی سالمیشیان ناونا (گوڵئەندام) هەرلەسەر بێشکەدا لەیەکیان مارەکردن، ئەو کچ و کوڕە هەراش بوون .میرۆ هەبوو، ڕۆژێکیان بەهەڵکەوت چاوی بەگوڵئەندام کەوت، ئاشقی بوو، ناونیشانی وەرگرت، چووە لای دایکی و پێیوت: حەزدەکەم ئەو کچەتم بدەیتیٚ، بۆ ماڵی دونیا چیت دەویٚ، بخوازە و من لەخزمەتی تۆ دام.

دایکی گوڵئەندام وەڵامی دایەوە، وتی: تۆ میری و میریش دەبیٚ دەوڵەمەندبیٚ، فەرموو کیسەێك زێرم بۆ بێنە و وەرەوە، وەرە دەستی کچم بگرەو بەکراسی بەرییەوە پێشکەشتبیٚ.

میرۆ لەخۆشیان دەمی ئاوی کرد، خزمەتکارێکی هەبوو سمکۆی ناوبوو،پێیوت: سمکۆ خۆت مەگنخێنە، بچووە لای باوکم و بۆحاڵ ومەسەلەیەکی لەو بابەتە کیسەیەك زێرم بۆ بێنە و بەخێرایی وەرەوە.

سمکۆ ڕۆیشتەوە، شەوی بەسەر داهات، لەڕێگە تووشی لەشکری دوژمن بوو، دەستگیریان کرد، ئەویش لێیان پاڕاییەوە کە شەڕکەخواز نییە، بەڵکو بیبوورن و نەیکوژن.

کردیانە جەلادباش ...دوو سێ ڕۆژ بەسەر ئەو ڕۆیشتنەی شاخەوان تێپەڕی، هیچ دەنگ و باسێکی نەبوو، میرۆ کەوتە جموجۆڵ بەملا و بەولا تاوەکو بزانێ چارەنووسی سمکۆ بەکوێ گەیشتووە؟ بۆ ڕۆیشت و نەگەڕایەوە؟

کە بەرەو مەملەکەتەکەیان هاتەوە، بەسەر شەڕ داهات، بەخۆ و ئەسپەشێکەوە گورزێکی کەمەرشکێنی لەدوژمندا و لەو ناوچەی دەرپەڕاندن، تەپڵی شادیان لێدا، وەلێ نەیارەکان دەستەوسان نەمانەوە، هەر ئەو شەوە پیلانیان دانا، تەگبیریان کرد ، بۆ ئەو مەبەستە چاڵێکی قووڵیان هەڵکەند، سەریان بەپوش و پەڵاش داپۆشت...بۆ بەیانی جوابیان نارد ئەو سوارچاکەی ئەو گورزەی لێوەشاندوون، با بۆیان بێتە مەیدان ..میرۆ خۆی لێ ئاشکرا کردن، لێیان چووە پێش، بێئاگابوو لەوەی چاڵیان بۆی

هەڵکەنــدووە، کەوتـــە چـاڵەکەوە، گرتیــان، قۆڵبەســتیان کــرد، سەریان نایە کیسێك و بردیانە بەردەم سمکۆی جەلادباش تاوەکو کەلەوپاچـە بیکـوتن..سمکـۆ کیسـەکەی سـەری لادا، بینـی ئـەوە میرۆیە، بەدیدەنی یەك شاد بوونەوە، دانیشتن، پێکـەوە پیلانیـان دارِشت چۆن بەرەنگاری ئـەو لەشـکرە ببنـەوە و تـەفر و تونایـان بکەن و ئەو ناوە جێ بێڵن.

سمکۆ و میرۆ کەوتنە نێو لەشکرەکە، بـەرەنگاریان بوونـەوە، کـە دەرفەتیان وەرگرت، بۆی دەرچوون و گەڕانەوە.

باوکی میرۆ کیسەیێکی بۆ پڕ لە زێڕ کرد، ئەویش دەگـەڵ سمکـۆ و چەند یاساوڵێکەوە چـوونە مـاڵی گوڵئەنـدام و کیسـە زێڕەکـەیان دایە دایکی، ئەویش کچەکەی پێشکەش کرد.

گوڵئەنـدام بێپـەروا بـە مـیرۆی وت: تکـا دەکـەم شـەرع ڕێنـادا و خوداش هەڵناگرێ من لەئامۆزایەکی خۆم مارەکراوم ناوی تەکشە و تـۆش بـۆ خـۆتم دەبـەی، دەسـتم دامێنـت تـا ماوەیـەك تـوخنم مەکەوە، ئەگەر تەکش لەدونیا مابوو، بێگومانم دێ بە شـوێنم دا، بەمە من حەرامی تۆ و حەڵاڵی ئامۆزاکەمم.

میرۆ دڵنیایی کردەوە: بێخەمبە تاوەکو ئەو مابێ، تۆ خوشکی من و منیش برای تۆم، ئیتر گلەیت ما؟

تەکش دوای بزربوون و گەڕانـەوەی بـۆ مەملەکەتەکـەیان، لەگـەڵ بیستنی هەواڵی بێ سەروشوێن بوونی گولئەندامدا، زۆر دڵبەبار و پەرێشان بوو، کە پرسی: ئایا دەبێ لە کوێ بێ؟

دایکـی گوڵئەنـدام ڕاسـتیەکانی لێشـاردەوە، پێـی نـەگوت: مـن کچەکەم لەپێناو پارە و پوول داوەتـە مـیرۆ، بـە پۆزێکـەوە وتـی: لەبێ خەبەران قوڕ وەسەرم، کـێ بـەبیری دێ ئـەو کچـەمان کـەی مردووە، تازە بەبیرت دێتەوە.

تەکش بەو قسەیە وەکو ئاگری ئاو پێداکراوی لێهات، دەمی بـەش بـۆوە، چـاوئەبڵەق بـوو، زۆر گریـا، زۆر نووزایـەوە، فرمێسـك لەچاوانیدا فوارەی بەست.

گوڵئەندام لەلای خۆیەوە بەدزیی دایك و باوك و مـیرۆوە، نامەیـەك بـۆ تـەکش دەنوسـێ و ئەمانـەتی دەسـتی دەستەخوشـکێکی دراوسێیان دەکا، بە ئومێدی ئەوەی ئەگەر تەکش سەروسۆراخی بوو، کەی هاتـەوە، ئـەو کاغـەزەی بداتێ...دەستەخوشکەکەشـی لەدەرفەتێکا تەکشی بینی و نامەکەی گولئەندامی پێدا.

ئەویش خۆی پێچـایەوە، سـەری کاسـی بـەرەو مەملەکـەتی مـیرۆ هەڵگرت،چـونکە کابرایـەکی نـامۆ و غـەوارە بـوو، یاسـاوڵەکانی سەرسنوور گومانیان لێیکرد بەوەی ڕەنگە سیخوڕبێ و بۆ کاری سیخووری هاتبێتە ئەو دەڤەرە، دەستگیریان کرد...میرۆ دەگەڵی

دانیشــت، نەیناســی، نــەیزانی کێیــە؟ بــە تامەزرۆییــەکی زۆرەوە لێیپرسی:  براله، خێرە ڕێت غەڵەت کردووە؟ بۆیە بەبێ ئـازاردان ڕاستیەکانم بۆ بدرکێنە، خۆت تووشی هەلاکەت مەکە، وەرە بـزانم ڕاز و نیازت لەو هاتنە چییە و بۆچی هاتووی؟

تەکش وتی: من نەدوژمنم، نەسیخووڕم بەسـەر کەسـەوە، ئـەوەی ڕاســتیبێ، ئامۆزایــەکم هەیــە نــاوی گوڵئەندامــە و لەمنداڵیــەوە مارەبڕمە، دەڵێن: میرۆی ئەو مەملەکەتە زەوتی کردووە و بۆخۆی بردووە.

مـیرۆ بـەدەم زەردەخەنەیـەکی گەشـەوە وتــی: دەبـا  مژدەیـەکی خۆشت بدەمێ، گوڵئەندامی ئامۆزات چۆن کچ بوو، ئێستاش هــەر کچە و منیش ئەو میرۆیەم، بۆیە دڵنیات دەکەمـەوە دوور و نزیـك، توخنی ئەو کچە نەکەوتووم.

بــانگی گوڵئەنـدامی کـرد، کـە گوڵئەنـدام هاتــە ژوورەوە، لەگــەڵ تەکش یەکیان بینی، لەخۆشیان کۆڵێ کەیفساز بـوون،میرۆ وتــی: فەرموو ئەوەش ئامۆزاکەت، ئێوە شیاوی یەکترن، پیرۆزی یەکبن.

تەکش وتی: قوربان مادام تۆ ئـەو تەرحـە پیـاوەبی، خـاوەن ئـەو ڕەفتــار و کـردار و جوامێریــەبی، لێـرەوە دەسـت لـە گولئەنـدام هەڵدەگرم.

هـەر لـەویٚ دەسـتی لێکـردەوە، ڕیٚ و ڕیٚ بـەنامورادی گەڕایـەوە، گەلیٚ مەراقی خوارد، دوو ڕۆژ نەژیا، گیانی سپارد.

تووتیەکە تاوەکو ئەو بەسـەرهاتەی تـەواو کـرد، کـابرای بازرگـان هاتەوە.. تووتیەکە ئـەو چـەند بەسـەرهاتەی بـۆ کـابرای بازرگـان گێڕایەوە، ئەویش بۆی دەرکەوت کە ئـەو ژنـەش بەکـەڵکی نـاییٚ، ئەویشی تەڵاقدا و لەدڵی خۆیدا وتـی: چـونکە خـۆم خـراپم، بۆیـە ژنەکانیشم خراپ دەردەچن.

هەر بۆیەش بڕیار یدا:

چیتر خۆی لەکاری خراپە نەسویٚ و هەتا لەژیان ماوە ڕێچکەیەکی موسـتەقیم بگرێتـە بـەر و لـەلای خـودای گـەورە و خـەڵکیش تـا مەحبوب بیٚ، تا ماوە ڕێڕەوی پیاوەتی ڕێبازی بێت.

❊ ❊ ❊

# پادشای ڕەش پۆش

نەنکم وتی: با ئەوجارەیان بۆ نەوەکانم، چیرۆکێ بگێڕمەوە کە واسی کچێکی قەشەنگی زێبا دەکا کە پێی دەوترا: پادشای ڕەشپۆش، وەرنە نزیکی نەنکی خۆتان، گوێم لێڕاگرن، هەر وەکو باسکراوە دەڵێن:

ڕۆژپکیان محەمەدپادشا لەدیوەخان ڕاکشابوو،بەشەوق و زەوقەوە گوێی بۆ ئەو سەرگوزشتانە هەڵخست کە خەڵکەکە بۆیان دەگێڕایەوە.

ئەو بەسەرهاتەی سەرنجی ئەویان ڕاکێشا، سەرگوزشتەی ئەو پیاوە بەتەمەنەبوو کە بەپەرۆشەوە هەڵیدایێ:

جەنابی پادشا، بەندە وەکو بابایەکی گەڕیدەی بەساڵاچوو، ئەوەندەی ئێرە و ئەوێم کردوە، هێندەی مەملەکەتانم کوتاوەتەوە، زۆر شتم بیستووە، لێ بڕواناکەم قەت بەسەرهاتێ لەوە سەیرترهەبێ کە ئێستا بۆ مەقامی عالیتان باس دەکەم، دەلێن: پادشایەك هەبوو ناوبانگی بەپادشای ڕەشپۆش ڕۆیشتبووە. هەر وەك لێی دەگێڕنەوە، لە بنەڕەت دا ئەو پادشایە ئافرەتێکە شۆخ وشەنگ، لەجوانیدا وەسفی نەدەکرا ،هەر وەکو دەڵێن: حەسیبەێك بوو بۆ خۆی، دیارە باوکیشی هەر پادشا بووە و لەگەڵ بێسەروشوێن بوونی باوکیدا، دەمامکی خۆی

دەدا وسەرتاپای جل وبەرگی ڕەشپۆش دەکات، جا هەر کەسێکی غــەوارە و نــامۆ کــاتی پــراڤین و چێشــت بچــووبایەتە مــاڵی و بمابایەتــەوە،خواردنێکی خــۆش وبەلــەزەتیان دەرخــوارد دەدا و کــاتێکیش بیەویسـتایە بـڕوات، ئـەوە کەوچـك و قـاپێکی زێویـان پێیـدەدا ...نهێنـی ئەومەتەڵـەش لەوەدایـە، عەیامێکـە و تـاوەکو ئێستا کـەس نـەیتوانیوە بۆگەیشـتن بەوپەرییـە جوانـە، درك بـەو نهێنیــە ببــا...زۆر پادشــا و سوپاســالاری مــەزنیش لــە دوورەوە هاتوون و قۆناغێکی زۆریان لە پێناو گەیشتن بەم ئافرەتە بڕیـوە، خۆزگــەی ئــەوەیان خواســتووە تــەنها بــۆ شــەو ڕۆژێکــیش بــێ دەگەڵیدا جووت بن، بەڵام کەسیان بـە مـراز نەگەیشـتوون و هـەر بەم داخەوە سەریان ناوەتەوە.

محەمەدپادشــا ئــەو ڕۆژە لــەدیوەخان دەرنەچــوو، مێشــکی بــەو باسەوە کاس بوو..ڕۆژی پاشتر دەگەڵ کازیوەی بەیاندا، بـەخۆ و ئەسپە ڕەخشییەوە کۆشکی بـەجێ هێشـت، دەرچـوو، ملـی ڕێـی گرتەبــەر، بــەرەو مەملەکــەتی پادشــای ڕەشــپۆش کەوتــەڕێ، قۆنــاغێکی زۆری بڕی،بەپرسـیار کـردن لـەم و لـەو گەیشـتە ئـەو شوێنەی مەبەستی بوو ..جەمی نیوەڕۆ بوو، وەکو ڕێبوارێ خـۆی نیشــاندا و لایدایــە دۆدمــانی پادشــا و لێــی دانیشت..پادشــای ڕەشپۆش ڕێزێکی زۆری لێنا. خوانیان بـۆی ڕاخسـت، خواردنیـان

بۆی دانا، ناوی خوای لێهێنا، دەستی گەیاندە خواردنەکە، سکی تێرکرد و چایەکی خەستی هەڵقۆڕاند، کە هەستا بڕوات..یەك لە کەنیزەکانی کۆشك، قاپ و کەوچکێکی زێوی هێنا و بۆی ڕاگرت : فەرموو قوربان ئەمە دیاری پادشایە بۆ جەنابتان.

محەمەدپادشا بەبزەیەکەوە وتی: ئەوە چییە؟!من پێویستم بەقاپ وکەوچکتان نییە، ئەگەر لەوەدا نهێنیەك هەیە، تاوەکو نهێنی ئەوقاپ وکەوچکەم پێ نەڵێن، وەریناگرم.

کەنیزەکان کەوتنەپاڕانەوە: بیکە ڕاهی خوا، ئیشمان زۆرە، ڕامان مەگرە و لێمانی وەرگرە، بابچین بەدوای کاری خۆمانەوە.

محەمەد پادشا وتی: ئەوە من چەند مەملەکەتانم بڕیوە تا گەیشتوومەتە ئێرە و بۆ ئێرە هاتووم..بۆ من هێندە ساویلکەم وا بەئاسانی ئێرە جێ بێڵم؟

لەو مقۆ مقۆ و قسانەدابوون، پادشای ڕەشپۆش بەدیارکەوت، بەتەوسەوە ڕووی کردە محەمەد و پرسی: ها برا، ئەو دەمەقاڵێ و مشتومڕەتان لەسەر چییە؟

محەمەدپادشا تیلە نیگایەکی لە چاوە ئەفسوناویەکەی کچەدا..دوای قەیرێ ئەوجا وتی: من لەڕێیەکی دوورەوە بەسۆراغ کردن هاتوومەتە ئێرە بەخزمەتت بگەم، بۆیە وا سووك و سانا لێرە ناڕۆم تاوەکو نهێنی ئەوقاپ وکەوچکەم پێنەڵێی.

پادشای ڕەشپۆش وتی:  تۆ گەنجێکی جوانخاس و جوانکیلەی، خوا هەڵناگرێ لەوتەمەنەدا سەری خۆت بەفەتارەت بدەی، ڕێنوێنیت دەکەم لەکوێ هاتووی، ڕێ و ڕێ بۆ ئەو شوێنە بگەڕێوە.

محەمەدپادشا وتی: لەپێناوی تۆدا، تێچوونی خۆم ئەوەندە بە گرنگ نازانم.

پادشای ڕەشپۆش قاقا پێکەنی، وتی: باشە جوان گوێم بۆ هەڵخە بزانە چی دەڵێم، تۆ ئەگەر هێندە پەرۆش و تامەزرۆی ، فەرموو بۆ زانینی ئەو نهێنیە، ئەو وەرزاخە دەبینی، بڕۆ ئەو ڕێچکەیە بگرە...دەڕۆی، هەر دەڕۆی تا دەگەیتە دووڕیانێك، پیاوێکی کوێرت بەرچاودەکەوێ، لەسەرگاشەبەردێك دانیشتووە..هەر یەکێك بەبەردەمیدا تێپەڕێ، ڕایدەگرێ و تێر تێر ئاوی دەداتێ، پێش ئەوەی بەڕێیکات،لیرەییەکی دەداتێ، فەرموو بڕۆ ئەگەر توانیت نهێنی ئەو لیرەیەم بۆ ئاشکراکەی، ئەوا بەڵێنت پێدەدەم ئەو نهێنیەی خۆمت بۆ ئاشکرا بکەم.

محەمەدپادشا وتی: گەر من، من بم، دەبێ ئەو نهێنیەی کۆرەت بۆ دەرخەم.

پادشای ڕەشپۆش: مادام وایە، ئەوا منیش چاوەڕێی تۆم.

محەمــەد پاشــا وەرزاخەکــەی گرتەبەر..ڕۆیشت..ڕۆیشــت، تــا گەیشتە ئەو دووڕیانەی پادشای ڕەشپۆش بۆی وەسف کردبوو.
کابرای نابینا لە خشپەی پێیەکدا، لەدوورەوە دەنگی دا: فەرموو، کاکە فەرموو.
محەمەدپادشا چووە لای، سلاڵوی لێ کرد، لـە تەکیـەوە دانیشـت، بەهۆی دووری ڕێگاکەوە، هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو، کابرای نابینا لە گۆزە ئاوەکەی بەردەمیدا جامێکی بۆ پڕ کـرد و بـۆی ڕاگـرت : فەرموو ، نۆشی گیانتبێ.
جامە ئاوەکەی لەدەست وەرگـرت، بەچـەند قـومێ، ئاوەکـەی فـڕ کرد..کـە پشـوویدا، هەڵسـایە سـەرپێ، ویسـتی بـڕوات، پیاوەکـە لیرەیەکی بۆ ڕاگرت: کاکی خۆم ئەو لیرەیەت پێشکەشبێ.
محەمەدپادشا وتی: من نەهەژارم و نەپێویستیم بەوەیە پارەی تۆ وەربگـرم، لـەخوای بـەزیادبێ پـارەم زۆر و زەوەنـدە.خۆ ئەگـەر نهێنییەك لە پێدانی ئەو لیرەیە هەیە، نهێنیەکەم پێ بڵـێ تـاوەکو لێتی وەربگرم، وەئەگینا وەریناگرم و پێویستم پێی نییە.
پیاوە نابیناکە وتی: تا ڤێگاڤێ کـەس وەك تـۆ سـووڕ نـەبووە بـۆ زانینی پێـدانی ئـەو لیرەیـە، ئەگـەر دەتـەوێ ئـەو نهێنیـە بزانـی، فـەرموو ئـەو ڕێیـەی پێیداهاتی،بەدەسـتی ڕاسـت پـێچ بکـەوە ، دەگەیتـە دارچـنارێکی نـاقۆڵا و بـەرز، لەژێرسـێبەری ئـەو دارەدا،

پیـاوێکی لێیـە،دەڵێن: شـووژن و داوێکـی بەدەسـتەوەیە.هەموو ڕۆژێ لەبەیانی زووەوە تا ئێوارەیـەکی درەنـگ، کورتـان دروسـت دەکات و پاشان هەڵی دەوەشێنێتەوە، دووبـارە کورتـان دروسـت دەکاتەوە و دیسـان هـەڵی دەوەشـێنێتەوە و بـەو شـێوەیە ڕۆژی خۆی لەو شوێنە بەو کارە بەسەر دەبات، جا ئەگەر توانیت نهێنی دروستکردن و هەڵوەشاندنەوە و دروستکردنەوەی ئـەو کورتانـە و هەڵوەشـاندنەوەیم بـۆبێنی، بـەڵێنبێ نهێنـی خۆمـت پـێ بڵـێم ،ئەگەرچی بەئاشـکراکردنی، ژیـانم دەکەوێتـە مەترسـی و کۆتـایی بەژیانم دێ.

محەمەدپادشا لیرەکەی لێوەرگرت، خستیە گیرفانی، خواحـافیزی کـرد و ڕۆیشــت، بەدەســتە ڕاســت ئــەو ڕێگــەی گرتەبــەر کــە دەیگەیاندە بەردەم دارچنارەکە، سەیری کرد ئەوە پیاوێـك لـەژێر دارە چنارەکە، چوارمەشقی دانیشتووە،خەریکە کورتـان دروسـت دەکات..لێی نزیك بـۆوە، وتـی: ئـەرێ خاڵـەگیان ناونیشـانی تـۆم وەرگرتووە گوایـا هـەموو ڕۆژێ لـە بەیانیـەوە تـا ئێـوارە کورتـان دروست دەکەیت و پاشان هەڵی دەوەشێنیەوە، من بـە تەوحـەوە هاتوومەتـــە دیـــدەنیت بـــۆ ئـــەوەی نهێنـــی دروســـتکردن وهەڵوەشانەوەی ئەوکورتانەم پێ بڵێی.

پیاوەکــە نــەختێ دامــا، کــە ســەری هــەڵبڕی و ڕووی بەلایــدا وەچـــەرخاند: کـــوڕم مەســـەلەی ئـــەو کورتـــان دووریـــن و هەڵوەشـــاندنەوەی، بەســـەرهاتێکی دوور و درێـــژە، باســـکردنی زۆرهەڵدەگرێ، بۆیە گەر دەتەوێ ئەو نهێنیەت پـێ بڵـێم، فـەرموو بەو ڕێگەیەدا ڕاستە و ڕاست برۆ دەگەیتە ئاوەدانیەکی ئەوتۆ،لـەو شارەدا شابەزێکی گەورە هەیە، تەیرێکی ڕیزپەڕ و شازی لەقەفەز ناوە، تەیرەکە سیفەتێکی عەنتیکەی هەیە، جارێ گـەورە گـەورە دەبێ و جاریش هەیە وردە وردە بچووك دەبێتەوە، ئەگـەرتوانیت نهێنی گەورە بوون و بچـووك بوونـەوەی ئـەو تـەیرەم بـۆ بێنـی ، ئەوە ئامادەم نهێنی خۆمت بۆ ئاشکرا کەم.

محەمەدپادشــا ماڵئــاوایی لــەکابرای کورتانــدروو کــرد و ڕۆیشــت، قۆنــاغێ دوانــی بــڕی، گەیشــتە ئــەو شــارەی شــابەزەکەی لێ بوو..بەســۆراغ و هەواڵپرســین ،مــاڵی دۆزیەوە،چــووە ماڵیــان، وچانێکی کورتیـدا، ئـەوجا لـە نووکـەوە سەرگوزشـتەی خـۆی بـۆ کابرای بازرگان گێڕایەوە،ئەویش بەهەڵپەیەکـەوە وتـی: پـێش تـۆ خــەڵکێکی زۆر لــە پادشــا و سوپاســالارێکی زۆر بــەو باســەوە هاتوونەتــە لام.بــەلاَم هیچــیان لەدەســتم قورتاریــان نــەبووە، هــەموویانم کوشـتوون، چـونکە درکانـدنی ئـەو نهێنیـە پـەیوەنـدی

بەناموسی خۆمەوە هەیـە، ئەگـەر بـۆتی بـاس کـەم، دوای ئـەوە دەبێ بە شیمشێر لەسەرت بدەم و بتکوژم.

محەمەدپادشا بەپێکەنینەوە وتی: تۆ نهێنی ئەو تەیرەم بـۆ بـاس کە،دواتر لەسەرم دەدەی، دەمکوژی یـان لێمخـۆش دەبـی، ئـەوە خۆت سەرپشکبە و من ئامادەم بۆ فەرمانی جەنابتان.

شابەزەکە بە ئحـم ئحمـێ قـوورگی سـاف کردەوە،وتـی: مـن لـەم شارەدا کەسێکی دیار و بازرگانێکی گەورە بـووم...وەختی خـۆی کچە ئامۆزایەکی خۆم بەخۆشەویستی هێنـا، بێئەنـدازە یەکـدیمان خۆشدەویست، تەنانەت بـۆ ئـەوەی بـۆ تـاوێ لەیـەك دانـەبڕێین و لەیــەك دوورنەکەوینــەوە، لەســەرجێدا کەمەنــدی زێــڕم هــەبوو، هــەردووکمان خۆمــان دەکەمەنــدی دەنا..مــاوەی چەندســاڵێك بەخۆشــی و کامــەرانی دەگــەڵ یــەك ژیایین..شــەوێ لەشــەوان، خەوتبووم کاتێك خەبەرم بۆوە، هەستم کرد ئەو تەنیشتـەم سـارد و ســڕە،خۆم ســووڕاند، دیقەتمـدا، تەماشــام کـرد هاوســەرەکەم لەتەنیشتم نەماوە،بەئەسپایی هاتمە نێو حەوشـە و سـەرنجم بـەو دەوروبـەرە گێـڕا، هیچـم بـەدی نـەکرد، لـەجێوە خـۆم مەلاسـدا، بەهێواشــی لـە خشـەخش و دەنگـودۆی نێـو تەوێڵەکـەدا، چـوومە پێش، سـەرم بـۆ نـاو تەوێڵەکـە شـۆڕکردەوە، خێزانەکـەمم بینـی ئــەوە خەریکــە یــەك لەئەســپەکان دەردێــنێ و بــۆ دەرەوە

دەڕوات..بەپەلە خۆم پێچایەوە، بەدزە دزە دوای کەوتم بزانم ئاخۆ بەو شەوە ئەنگورە و ئەنگوستە لەچاوەدا بۆکوێ دەڕوا؟ گەیشتمە دیار شێوێکی کاکی بەکاکی، خۆم لەپەنا شاخێکی گەورە حەشاردا، سەرم بۆ ناو دۆڵەکە شۆڕکردەوە، سەیرم کرد ئەوە ژنەکەم کراسێکی ئەتلەسی کتانی لەبەرە، هەموو لەشی بەدەرەوەیە و وا لەناوەڕاستی سێ دێودا ڕاوەستاوە، سەمایان بۆ دەکا و دەڕەقسێ...دێوەکان سەروو گۆزەیەك ئارەقیان بەدەستەوە بوو،هێدی هێدی مژیان لێدەدا. کە خومار و سەرمەست بوون، خێزانەکەمیان لەسەر زەویەکە درێژکرد، یەکە یەکە کەوتنە سەری و لەگەڵیدا جووت بوون، وەکو جندە هاتە پێش چاوم..سەری پڕ لەداخ و خەفەتم لێی بادا، تووڕە بووم، وەلێ دانم بەخۆما گرت، ڕێ و ڕێ گەڕامەوە ماڵ، خۆم دەکەمەندێنا، کە خێزانەکەم هاتەوە بەتیلە نیگایەکەوە سەیری کردم تا بزانێ ئایا بێدارم یا هێشتا نووستووم، بەبێدەنگی خۆی دەکەمەند بەستەوە، منیش ئەوها خۆم نیشاندا ئاگام لە هیچ نییەو خەوتووم.

بۆ شەوی دواتر، پێش خەوتن بەجۆرێ خێزانەکەمم خافلاند بۆ ئەوەی لەکات وساتی خۆیدا نەڕوات و کەمێك دواکەوێ، لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ، پاشان بەئەنقەست باوێشکێکی یەك لەسەریەکی

قوولْمـدا، بەبزەیەکـەوە وتم: گیانەکـەم ،خـەو بەرچـاوی گرتـووم دەخەوم، ئەی تۆ ناخەوی!

ئـەویش بەخۆشـحاڵیەوە وتـی: بخـەوە گیانـە، دوای کـەمێکی تـر منیش دەخەوم.

هەستم کرد بەو دواکەوتنە، پەسـت و نیگـەرانی لەسـیمای بـەدی دەکـرا..دوای تـاوێ بـە ئەنقەسـت خـۆم خسـتە خـەوەوە و کەوتمەپرخەپرخێك، نەبێتەوە..ئـەویش وایزانـی نووسـتوم، بـەبێ چـرپە و هەسـت و خوسـت، لەسـەر تەختەکـە هەڵسـا و ڕۆیشـت، هـەردوای ئـەو ڕۆیشـتنە، منـیش بەپەلـە ئەسپەشـێکەم لەتەویلـە دەرهێنـاو بـە ڕێیـەکی لاتەریکـەوە پـێش ئـەو، خـۆم گەیانـدە دۆڵەکـە، نـۆڕیم دێوەکـان پـێ دەچـوو ماوەیـەکی بـاش ماتـڵ و لەچاوەڕوانی خێزانەکەمدا وەستابن، ئەوجا لە بێتاقـەت بوونیانـدا وورده ورده ئـەو ئارەقـەی لـەلایان بـوو، هـەموویان قوزەلقـورت کردبێ و مەست و سەرخۆش ببوون،ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بەخۆم وت: پیاو لە ئێستا باشتر نابینیەوە، تا کەی من جێکێشی بکەم، هەر بۆیەش بۆیـان دابەزیمـە خـوارەوە، کەوتمـە وێزەیـان، هەرسـێکیانم کوشـت، هەرامـەی هەرسـێکیانم بـڕی و کردمـە نێـو توورەگەیەکــەوە، ڕێ و ڕێ گەڕامــەوە مــاڵ و تــاوەکو بــەیانی بەئارامی لێی نووستم.. بەیانی کە ڕۆژ هەڵات و خەبـەرم بـووەوە،

ژنەکەمم بینی سەرتاپای جـل وبـەرگی ڕەش کردووە..حەپەسـام، بەتەوسەوە وتم: ئافرەت ئەوە چ خێرتە؟ ئەو جل وبەرگە ڕەشەت بۆ پۆشیوە؟!

ئـەویش ئـاخێکی قـووڵی هەڵکێشـا، وتـی: ئەمشـەو خـەوم بینـی، لەخەومدا برا تاقانەکەم مردبوو..خـەونێکیش مـن بیبیـنم، یـەکا و یەك، ڕاست دەردەچێ.

بەپێکەنینەوە وتم: گوێی مەدەرێ ، لـەخۆت خـەنی، ئـەوەی مـن بیستوومە، دەڵێن: ئەوەی لەخـەودا بمـرێ، مانـای وایـە تەمـەنی درێژدەبێ، هۆۆۆۆ ژنۆ برسیمە، دەی شتێکم بدەرێ بیخۆم، ئەمڕۆ سەفەرێکم لەپێشە، دەبێ زوو بڕۆم، بۆ ئەوەی زوو بێمەوە.

لە ژیانمدا خێزانەکەم بەو شێوەیە نـەدیووە، سەرسـام بـووم کـە لچـی لێبـادام و بەلالوتیـەوە وتـی: هیچـم پـێ مـەڵێ، نەخۆشـم، تاقەتی هیچم نییە، بۆخۆت دەتوانی هەستی و شتێك چـێکەیت و بیخۆی.

لەدەروونەوە بەخۆمم وت: تۆبە لەوە تۆبەتر، نەمکردە نامـەردی، تورەگەکـەی ژێـر تەختەکـەم دەرکـرد، بەتووڕەییـەوە فڕێمدایـە بەردەمی و تێمڕاخوڕی: هەی جندەی بێنامووس، ڕەنگبـێ نـەزانم دوێنێ شـەو چـوویە کـوێ و چـیت کـرد؟ تـۆ نەخۆشـی ئـەو گـەڵ وگونانەی کە هەرگیز قسوریان بەتۆ نەکرد کە.....

نەیهێشـت قسـەکەم تـەواو کـەم، بەتونـدی تەلیسـمێکی بەشـانم داکێشا، وتی: لە نیەتی ئەوەی ببێتە گـەماڵ و  هەرچـی کسـۆکی شارە بۆی بەبابێ.

بوومە گەماڵ و دێڵەسەگێك، لـەتاوا کـون و کەلەبـەر نـەما خـۆمی تیـــادا حەشـــار نـــەدەم، هـــەر ســـەگێك بمیبینیایـــە،دوام دەکەوت..برایـەکم هـەبوو چـەند سـاڵێ بـەر لەئـەمڕۆ شـەوێکیان چووە ڕاو، ئیتر ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشت، نەگەڕایـەوە، ئـەو برایـەم یادی بەخێر لەناکاو چـاوم پێیکـەوت، باراشـی لـەئاش لێکردبـوو، بەدەم ڕێگەوە هێدی هێدی دەگەڕایەوە..هانام بۆی برد بەڵکو لەو ســەگانەم ڕزگارکــات، ئــەویش هەســت وســۆزی بــۆم جــوولاً، دارحەیزەرانێکی بەدەستەوە بوو کەوتە پاسکردنم، سەگەکانی لێ دوورخستمەوە، نەیدەزانی ئەوە منم و بوومەتە گـەماڵ ..کەوتمـە دوای، وازم لێــی نەهێنا..چــوومە ماڵیــان، برایەکــەم باراشــەکەی لەماڵەوە داخسـت، جـا براکـەم ئـەوەی ئـەو ڕۆژە بەچـاوی خـۆی بــینی، هــەمووی بــۆ ژنبراکــەم گێڕایەوە..ژنبراکەشــم بــەدەم زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئەو سەگە لەوەدەچێ سەگێکی ئاسـایی نـــەبێ، دەترســـم ئـــادەمیزادبێ و تەلیســـمی لێکرابـــێ، بـــۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو تەلیسمە، دەبێ چل شوولکە دارهەنار ببڕین و

بیهێنین چل شوولکەداری لێ دەین، ئەگەر سەگ نەبێ و تەلیسمی لێکرابێ، ئەوە چاك دەبێتەوە.

براکەم چل شوولکە دارهەناری لەماڵەوە بڕی و هێنای، ئەوجا وەکو سەرزەنشتم بکات، وتی: هۆۆۆۆ سەگەکە، ئەگەرسەگ نیت و ئادەمیزادی، ئەگەر گەرەکتە چاك بیتەوە و ببیتە دۆخی جارانت، چل شوولکت لێ دەدەین، نەڵێی ئۆف، ئەگینا تا لەژیان ماوی، چاك نابیەوە.

وەرگەڕایە جەستە و لەشم، سی ونۆ شوولکەداری لێدام، نقەم لێوە نەهات..وردە وردە گەڕامەوە دۆخی جارانم، تەنها کلکە درێژەکەم مابوو، کە دواشوولکی لێدام، لەبەر ئێش و ژانیدا ، بەرگەم نەگرت، هاوارم لێ بەرزبۆوە:(ئۆۆۆۆف) بۆ بەڵگەی ڕاستی ئەوقسەیەم، یەك دەقە بووەستە، با دۆخینی شەڕواڵەکەم شل بکەمەوە و کلکەکەمت نیشاندەم.

دۆخینەکەی شل کردەوە، شەرواڵەکەی داکەند، کلکەکەی نیشاندام: ئەوەتە گڤکم، تەماشاکە تائێستاش ئەو کلکە سەگاویەم هەر ماوەتەوە.

شەڕواڵەکەی هەڵکێشایەوە، دۆخینەکەی توندکرد و درێژەی بەقسەکانیدا: ئەوجا من و برا و ژنبراکەم بەدیداری یەك شادبووینەوە، سەرگوزەشتەی خۆمم لە ئەوەلین جارەوە بۆ

باسکردن .برایەکەم تەلیسمێکی لەماڵەوە هەبوو، وێیدام، وتی: ئەو تەلیسمەت پێشکەشبێ ، برۆ ئازابەو تۆڵەی خۆت بکەوە.

نەختێك پارەی بەقەرز دامێ ..چووم لەو دیوی سنوور نایابترین قوماشی ژنانەم پێکڕی و گەڕامەوە..دەم وچاوی خۆم بە پەڕۆێك پێچایەوە، چوومە پێش ماڵی خۆمان و لەدەرگای حەوشەمدا..خێزانەکەم دەرگاکەی خستە سەرگازەرای پشت و وتی: فەرموو.

منیش بەدەنگێکی کرخن و ناسازەوە وتم: خانمەکەم، قوماشی نایابم هێناوە، قوماش ناکڕی؟.

ئەویش کە چاوی بە تۆپە قوماشەکان کەوت کە پێشتر قوماشی وای جوانی نەدیبوو، لێی چووەپێش، تۆپە قوماشەکانی ئەم دیو و ئەودیو دەکردن..ئاگای لێم نەبوو. تەلیسمەکەم دەرکرد و لێیم دا: بەنیەتی ئەوەی ببێتە ماکەر، یەکسەر بووە ماکەر و کەوتە زۆڕین، بیرم کردەوە، ئەقڵم قبووڵی نەکرد بەو شێوەی بهێڵمەوە، وتم: ڕەنگە ئەمەی بەدڵبێ، نێرەکەر سواری خۆیکا، تەلیسمێکی دیکەم لێیدا: بەنیەتی ئەوەی ببێتە تەیرێکی ماقوولێ.

ئەویش بووە ئەو تەیرەی وا دەیبینی خستوومەتە ئەو قەفەزەوە..ژنێکی دیکەم هێنا...نهێنی ئەو تەیرەش لەوەدایە هەرچی جارێك من و ژنە تازەکەم بەیەکەوە کۆدەبینەوە و

دەستلەملانێ دەکەین، ئەو ئامۆزایەم کە تەیرەکەیە، کە ئێمە بەو شێوەیە دەبینێ، لەحەژمەتا خەریکە دەتەقێ، بۆیە وردە وردە گچکە دەبێتەوە، لەحاڵەتی ئاسایدا وەکوخۆی لێدێ، کاکی خۆم بۆ ئەوەی ئەو نهێنیەم ئاشکرا نەکەیت، دەبێ هەر ئێستا سەرت پەلدەم.

محەمەدپادشا کەوتەپاڕانەوە: قوربان دڵنیام هەر دەمکوژیت و لێم نابووری، داوایەکم هەیە ئایا دەرفەتم پێدەدەی دەستنوێژێکی پاك بشۆم بۆ خوای خۆم، ئەوجا لەسەرم دەدەیت و نادەیت، کەیفی خۆتە.

بازرگانەکە زنجیرێکی کردە دەستی و محەمەدپادشاش مەسینەی بردە دەرەوە دەست بەئاو بگەیەنێ، ئەنگوستیلەێکی ئەفسووناوی لەپەنجەدابوو، دەستی پێدادا، وتی: بەئیزنی خوای گەورە، بمگەیەنە ئەو شوێنەی کورتان دروەکەی لێیە.

ئەوەندەی زانی خۆی لەتەنیشت کورتان درووەکە دۆزیەوە..چووە لای، بەسەرهاتی تەیرە ماقووڵەکەی بۆ کابرای کورتاندروو گێڕایەوە، وتی: تۆ کە توانیت ئەو نهێنیەم بۆ ئاشکراکەی، ئەوە منیش ئەوەی لەلامە بۆتی باس دەکەم، ڕۆژێکیان بەو گوێدرێژەی وا دەیبینی بەرەو ئەو شارە دەچووم کە تۆ لێیەوە هاتی، نەمزانی چی ڕوویدا، هەر ئەوەندەم زانی

گوێدرێژەکەم کەوتە لوشە لوش و لووشکە هاویشتن، زۆرم هەوڵدا ڕێشمەی لەدەست نەدەم،بەڵام هێندە بەهێز خۆی دەتەکاند، بەکورتانەوە فڕێیدام، قاچی چەپەم ئازاری چەشت ،بەهەرجۆرێکبێ گوێدرێژەکەم گرتەوە، ڕێشمەیم لەو دارچنارە بەستاوە، کورتانەکە دەگەڵ بەربوونەوەیدا تەقەڵەکانی هەڵوەشایەوە..ئەوجۆرکەی بەشانم دادابوو،دوو شووژنم لێی دەرێنا، لەژێرسێبەری ئەود ارە داهاتمەوە، چوارمەشقی لێیدانیشتم، هێدی هێدی کەوتمە دورینەوەی کورتانەکە..تەیرێك هات،لەسەر لق وپۆپی دارچنارەکە نیشتەوە..سەرم هەڵبڕی، سەیرم کرد تەیرێکی تابلێی جوان بوو، لەدڵەوە بەخۆمم وت: بەڕاستی تەیرێکی جوان وقەشەنگە، ئاااای چەند خۆشبوو بمتوانیایە بیگرم و بیبەم بەدیاری پێشکەش بەپادشای بکەم ، دڵنییام خەلاتێکی باشم دەکات.

خۆم لێی مەلاسدا، بێ پستە پست، لێی چوومە پێش، لەدواوە توند قاچیم گرت، وەلێ هێزێکی لەبن نەهاتووی هەبوو، لە شەقەی باڵیدا، لەگەڵ خۆیدا بۆ ئاسمانی بەرزکردمەوە..هێندەم زانی لەکەنار ڕووبارێکی بێگەرد وسازگار داینام، ئەم بەر و ئەوبەری ڕووبارەکە مێرگ و باغاتێك بوو، لەژیانمدا شوێنی واخۆش و دڵگیر و دڵڕفێنم نەدی بوو، تەیرەکە کاتێك نیشتەوە،

بووه ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ و زێبا، لەجوانیدا حەزت دەکرد نە بکەی نەبخۆی، هەر تەماشای جوانی سپی گەردەنی کەی، مێوژە ڕەشەی بخواردایە، لە گەردەنی دیاربوو، حەسیبەێك بوو، قەد وبالأی لاولاو بوو، لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا چەند کیژۆڵەێکی ناسك و نەرم و نیانی تازەهەڵاتووی لێبوو، دەتووت پەرین، بەجل وبەرگی ڕەنگا و ڕەنگەوە قاچیان نابووە ئاوەکە و شەپ و هۆڕیان پێی دەکرد، بیرم لەخۆم کردەوە ئاخۆ منێکی سەڵت و ڕەبەنی بێ ژن و ماڵ، بێ پارە وپوول، ئەو ڕۆژەی خەونم بە جیهانێکی ئەرخەوانیەوە دەبینی، دەبێ ئەوە ئەو جیهانە نەبێ وادەیبینم؟

ئافرەتەکە تیلە نیگایێکی دامێ، بەدەم خەنینەوە وتی: گەنجۆ، ئەو کچانەی وا لەڕۆخی ئەم ڕووبارە دانیشتوون، گشتیان کچی منن..بخوازە، دەست دەنێیتە سەر کامەیان تا پێشکەشتی بکەم.

منیش کە لە جوانی ئەوم ڕوانی، لەخۆشیاندا خەریك بوو ئاگرم تێبەربێ، ئۆقرەم لێهەڵگیرا، دەرهەق بەو چاکەیە، پەلاماریمدا، ویستم دەست وگەردەنی ماچ کەم..بەڵام ئەو تا هێزی دەبەندابوو، چەپەرۆکێکی خاسی لەبناگوێم گیرکرد، گوێچکەی تەزاندم، بەرچاوم تاریك داهات..کاتێ بەهۆش خۆم هاتمەوە، سەرمهەڵبڕی، ئەوە لەبن ئەو دارچنارە کەوتووم..کەوتمە لێو کرۆشتن، گەستنی زمانی پەشیمانی، داد نادا: ئاااای خوایەگیان

بزانــه چ ئیشـێکی نابـەجێم کـرد، چـۆن ئـەو کیـژە ناسـکۆلانەم لەدەســـت چـــوون، یـــەکێکیانم هەڵنەبـــژارد؟ لـــەو ڕۆژەوە لـــە چاوەڕوانیدام ئەگەر قەدەر هەڵیکرد، ئەو ئافرەتە هەست وسـۆزی بـۆم بـزاوت و هاتــەوە،جارێکی تــر هەڵــە و پەلــەی وا دووبـارە نەکەمەوە..هـەر بۆیـە هـەموو ڕۆژێ لـەژێر ئـەو دارچـنارەدا ئـەو کورتانەی دەبینی لەبەیانی تا ئێوارە هەڵیدەوەشێنمەوە، پاشـان سەرلەنوێ دەیدوورمەوە، ئێ بەڵکو ئەوە دونیایە بێتەوە.

محەمەدپادشا پێش دوعـاخوازی، دەسـتی هـەڵبڕی و لەبـەرخودا پاڕایەوە بۆ ئەوەی ئاواتی ئەو کورتاندرووە بێتەدی.

ئەوجا ڕۆیی، چووەوە لای کابرا نابیناکـە و لەتەنیشـتی دانیشـت، توێنێتی هەوزەڵی بۆ هێنا..تێر تێر ئاوی خواردەوە.کە مانـدوویی حەســـاندەوە، بەســـەرهاتی کـــابرای کورتانـــدرووی بـــۆ بـــاس کرد..پیاوە نابیناکە ئاهێکی پڕ بەسیەکانی هەڵکێشـا، وتـی: تـۆ مادام ئەو تەرحە پیاوە بووی، توانیت ئەو نهێنیانە ئاشکرابکەیت، ئەوە منـیش باسـی خۆمـت بۆدەگێڕمـەوە، ئیـدی چ دەبـێ بـاببێ ،ئەگەرچی باسکردنی، بە وەزەنگی خۆم تەواو دەبێت،بەهـەرحاڵ ئەوەی لەچارەنووسمان نووسرابێ هەر ئەوەیە و تەواو..من لەیەك لەڕۆژەکانی مـانگی حـوزەیران پادشـای ئەومەملەکەتـەی لێیـەوە هاتی، ئەو پادشایە مامم بوو، لەشەوێکدا مانگ خەرمانەی دابـوو،

پێی وتم: ئـەو مانگەشـەوە بـۆ شـکار خۆشـە واتـە: شـەوی ڕاوە، چۆنە بەیەکەوە بچینە ڕاو؟

منیش ڕەزامەنـدیم بـۆی دەربـڕی، مـامم جلـی پادشـایانەی بـەری داکەند و جلێکی ئاسـایی کردەبـەر، دوو بـەدوو چـوینە دەرەوەی ئاوایی..بەو شـاخ وداخ وکێوانـە هەڵکشـاین..لە ئەشـکەوتێ نزیـك بووینــەوە، مــامم چــونکە نیشانشــکێنێکی کارامــە بــوو، ســێرەی لەهەرشــتێك بگرتایــە، ئــەو شــتەی دەیپێکــا..دوو دێــو لــە ئەشکەوتەکە، بەدیار فەردەیەك لیرە هەڵتروشکابوون، وردە وردە لیرەکانیان دەژمارد..مامم سێرەی لێ گـرتن، هـەردووکیانی سـارد کردەوە..هەرچـی لیرەیـەکی سـەر زەویەکـە هـەبوو، هـەموویانم کردەوە ناو گونیەکـە، مـامم وتـی: وا دەسـتکەوتمان بـوو، چـۆنە ڕاوی ئەمشەومان بۆ شەوێکی دیکە دواخەین؟

ووتم: کەیف، کەیفی جەنابتانە.

چەکەکەی دەستی پێدام، خۆیشی فەردەکەی نایە شـان و هێـدی هێدی بەرەو ماڵ شۆڕ بووینـەوە..من لەدەروونـەوە بـەخۆمم وت: مـامم پادشـایە ولەهیچـی کـەم نییـە،دەبێ نیـوەی ئـەو فـەردە لیرەیەم نەداتێ، منیش بۆخۆم دەوڵەمەندبم؟!

مامم یەکسەر بـەجواب هـات: کـوڕە بـا نیـوەی بـۆ تـۆبێ، بـەلاَم چیدیکە نیەتت بە خراپ نەڕوا.

نـەختێکی دیکـە ڕۆیشـتین، هەمـدیس لەدەروونـەوە بـەخۆمم وت: ئاااای ئەگەر ئەو لیرانە هەمووی هی من دەبوون، ئەوجا دەمزانـی چی پێدەکەم، دەبێ مامم ئەو لیرانە گشتیم نەداتێ؟!

هەمدیس مامم هاتەوە جواب: کوڕم قـەی چییە، بـا هـەمووی بـۆ تۆبێ،بەڵام من لای خۆم دایدەنێم، پارێزگاری لێدەکەم، هـەرکاتێ پێویستت پێی بوو، وێت دەدەم.

نزیکی ئەم دارچنارە بووینەوە، هەر کۆڵم نـەدا، چـونکە بەبەشـی خـوا ڕازی نـەبووم، دیسـان لەدەروونـەوە بـەخۆمم وت: مـامم بەوقسـانەی دەیـەوێ فـێڵم لێبکـا ولەخشـتەم بـەرێ، هەرهێنـدە گەیشـتینەوە کـاخ، ئیـدی چـاوم بەلیرەیـەك ناکەوێ..واباشـە بیکوژم.

چەکەکەی شانم داگرت، سێرەم لێی گرت..مامم وتی : مـن دەزانم هـەردەمکوژی، بـەڵام ئامۆژگاریـەکم هەیـە، دەزانم زۆرت حـەز لـە دەوڵەمەندیە ،لەم لیرانە ئەگـەر لیرەیـەك بکەیتـە چـاوی ڕاسـت و لیرەیەك بکەیتەچاوی چـەپەتەوە، ئـەوە هەرلیرەیـەك لـەو لیرانـە دەرکەیت، لیرەیەکی دیکەی دێتەوەجێ.

لـەجێوە بەفیشـەکێك سـاردم کـردەوە، تەرمەکـەیم لـەژێر ئـەو دارچنارە شاردەوە، لەو فەردە لیرەیـەش، تورەگەیـەکم پڕکـرد و ئەویترم هەر لەنزیك تەرمەکـەی شـاردەوە..کاتێ ویسـتم ئـەوناوە

جـێ بێڵم..تـەماحی زیـاتر پـاڵی پێوەنـام کـە قسەکەیشـی تـاقی بکەمەوە، دەم ودەست لیرەیەکم خستەچاوی ڕاسـتە و لیرەیـەکی تـــرم نایـــە چـــاوی چـــەپەم، یەکســـەر چـــاوەکانم کـــوێر بوون..پەشـیمانیش داد نـادا، لـەو ڕۆژەوە بـۆ پـاك بوونـەوە لـەو تاوانەی دەرهەق بەو مامەم ئەنجاممدا، هەر ڕێبـوارێ بـەودەرە ڕا ببـووری، ئـاوی دەدەمـێ و لـەو توورەگـەی دەسـتم لیرەیـەکی لەمست دەنێم، سـەیرەکەی لەوەدایـە هەرلیرەیـەك لـەو توورەگـە دەردێنم و دەیبەخشم ، لیرەێکی تـری دێتـەوە جـێ، نـازانم کـەی ئەم لیرانە تەواو دەبن تا لەو گوناهە پاك ببمەوە و لێرە بڕۆم؟!.

محەمەدپادشا وەکو بە گشت ئاواتەکانی گەیشتبێ، بەدڵخۆشیەوە خۆی گەیاندە لای پادشای ڕەشپۆش و لەنووکەوە ئەوەی بینـی، هەر هەمی بەتێر و تەسەلی بۆ گێڕایەوە.

پادشای ڕەشپۆش دەمامکی لادا و ڕوخساری جوان و پڕشنگداری خۆی نیشانیدا، جوانیـەك کەلەگـەڵ مـانگ شـەڕی دەکرد،دەتـوت مـانگی چـواردەیە، بەتریفـە و بـە خومـارەوە موژگـانی هەڵـدا و بەزەردەخەنەیەکـەوە وتـی: ئـەوپیاوە کـوێرە ئـەو پیـاوەی کوشـتوویەتی، ئـەو پیـاوە بـاوکی منـە، کـاتی خـۆی زانیومـە هەردوکیان بەیەکەوە چوونەتە ڕاو. بـەڵام لەنەهاتنـەوەی بـاوکم و بینینی ئەم پیاوە بەو شێوەیە، هەزار و یەك ختوورە و گومـانم لا

ڕسـکا.نەمدەزانی چـی لێ بکـەم: هـەرجارەی بـەلای تێپەڕیمایـە وپرسیاری باوکمم لێی بکردایە. دەیوت: من و باوکت ئـەو دەمـەی چـووین بچـینە ڕاو، مـن و ئـەو تـەواوێ لەیەکـەوە دووربـووین، لەهاواری باوکت، ڕاچڵەکیم، بینیم ئـەوە چـەند دێوێـك ئابلوقـەی باوکتیانداوە، گرتیان و ڕفاندیان، ئێستاش نـەمزانی بـۆ کوێیـان بـرد؟منیش لـە لەترسـا نـەموێرا هـیچ بکـەم، دێوەکـان ڕۆیشـتن، تەواوێ دوورکەوتنەوە، یەك لە دێوەکان گەڕایەوە، نەمزانی چۆن بۆنی منی کردبوو، بەدەم بۆنکردنەوە ، منی دۆزیـەوە، هەرچـەند لەبـەری پاڕامـەوە، تکـا و نـزام کـرد بـەزەیی بـەحاڵما بێتـەوە، نـەمکوژێ . پاڕانـەوەم بـێ سـوود بـوو، پەلاماریـدام، چـڕنووکی تێـدەگرتم، منـیش ناچـاربووم بـەرگری بکـەم، جگـە لـەوەی هـەر دووچـاوی کـوێر کـردم، نـازانم ئـەو چـەقۆیەی بەدەستمەوە بـوو چەقۆم لێیوەشاند، ئاگـام لـەوەبڕا بـەکوێی کـەوت و چـی لێهـات، ئەوەنـدەم زانـی دێوەکـە خـاوبۆوە، دەسـتی لـێ هـەڵگرتم و ئـەو تورەگـەی دایەدەسـتم ، وتـی: تـۆ مادامـەکێ ئـەو مرۆڤـە بەجەرگـەبی، ئـەوە لەمنـەوە پێشکەشـتبێ کـە تـا ئـەو ڕۆژەی دەمریت، هەر لەوتورەگەیە ببەخشەوە، تەواو نـابێ، بۆیـە منـیش لێرە بەهەوەسی خۆم هەر یـەکێ بێـت، لیرەیـەکی پێـدەدەم، جـا

خـــانم ئـــەوە ســـەرجەم نهێنیەکانـــە، دەتـــۆش نهێنـــی قـــاپ و کەوچکەکەم بۆ ئاشکرا کە.

جا کچە زێبا و شـۆخ و شـەنگەکە هاتـە وەلاًم و وتـی: مـادام تـۆ، هەواڵی مردنی باوکم و نهێنـی لیرەکانـت بـۆ هێنـام، منـیش ئـەوە چەند ساڵە ئەو قاپ و کەوچکەی دەیدەمە خەڵك، بەدوای زانینـی ئەومەتەڵەوە وێڵم و کـەس هیچـی لـێ سـەوز نـەکردووم و ئـەوەی زیاد لەهەرشتێ مەبەسـتم بـوو بگەمـە بـنج و بنـەوانی:ئایا ڕاسـتە باوکم دێو ڕفاندویەتی یـان نـا؟! ئـەنئاخری تـۆ بـەزیرەکی خـۆت توانیت ئەومەتەڵە هەڵبێنی و بۆمی ئاشـکرا بکـەیت، ئێسـتاش بـۆ تۆڵەی باوکم، فەرموو برۆ ئەو پیـاوە کـوێرەم بۆبکـوژە و وەرەوە شووت پێدەکەم، دەبینـە هاوسـەری یـەکتری و تامـاوین لـە ژیانـا دەبێ بە سەرفرازی و خۆشی بژین و مەگەر مەرگ لێکمان بکات.

محەمەدپادشا خـۆی گەیانـدە کـابرای نابینـا و خەنجەرەکـەی لـە پشـتێنێ دەرهێنـا و تـا هێـزی هـەبوو لـەدڵی چـەقاند، وەکـو گـا بۆڕانـدی و لـە خـوێنی گەوزانـد، پەلـەقاژ بـۆوە و مـرد . ئـەوجا هەرچی لیرەیەك کەلـەژێر دارچـناراکەدا بـوو، دەریهێنـا و هاتـەوە لای کچـەکە و پادشـای ڕەشپۆشـی لـەخۆی مـارە کرد...بەمـەش محەمەدپادشا جگە لەپادشای مەملەکەتەکـەی خـۆی، سـەروەری ئەومەملەکەتەشی گرتەدەست.

# ئاغا و سوورەی چاوشین

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، ئاغایێك هەبوو، ڕۆژێکیان کـــابرایێکی ڕووت و ڕەجـــاڵی نـــەدار دێتـــە دیوەخـــان وداوای بەدەمەوەچوون و هاریکاری لیَ دەکات..ئـەویش نائومێـد و بێـدڵی ناکا،پارەیـــەکی باشـــی دەداتیَ...کـــابرای هـــەژاریش وێنـــەی ئـافرەتێکی شـەنگ و جـوانی وەکـو دیاریـەکی بچـووك پێشـکەش دەکات، ئەویش تاویَ لە وێنەکە ڕادەمێنیَ، پاشان بـە پەرۆشـەوە لێیدەپرسیَ: هۆ مام، تۆ نازانی ئەم ئافرەتە لەکویَ دادەنیشیَ و خەڵکی کوێیە؟!.

کـابرا وەلآمـی دایـەوە: بلـێم چـی ؟دەلـێن ژنـە جوولەکەیـە و لەخۆراسانی ئێران دەژیَ .

ئاغا بۆ بەیانی خۆی خڕ کردەوە، بـەخۆ و لیرەیـەکی زۆر و ماینـە کحێلیەکـەی، کەوتــە ڕیَ، ڕێگــەی دوو شــەو و دوو ڕۆژی بـڕی تـا گەیشـتە خۆراسـان و لـەویَ ماینەکـەی بـردە تەوێلـەی ولاَغ و(٥) لیرەی دایـە خـاوەن تەوێلەکـە بـەو مەبەسـتەی تـاوەکو دێتـەوە چاوی لە ولاَخەکەی بێت .

چووە خانێکی ئـەو شـارە، شـەو لـەویَ مایـەوە، بـۆ ڕۆژی پاشـتر کەوتە سۆراغ و گەڕان، بەو ئومێدەی چاوی بەو ئافرەتـە بکـەویَ وخۆی بگەیەنێتە لای. هەر بۆیەش بەپرسـیارکردن دەیدۆزێتـەوە،

دەیبـینیّ، خـۆی پێدەناسـێنیّ کـە بەمەبەسـتی داخـوازی ئـەو هاتووە.

ئەویش وتی: من هیچم ناویّ، ئەگەر دەکریّ، بـازنێکی زێـڕم بـۆ بکڕە، بەلاّم بازنێکی جوان، بەبەها و بەنرخ بیّ.

ئاغا وتی: وەی بەسەرچاو، بازنێکت بۆ دەکڕم، لەم شارەدا کەس بازنی وای لەدەست نەکردبیّ.

خۆی گەیاندە پیاوی ئەو ژنە، کـە دوکـانێکی زێڕینگـەری هـەبوو، داوای لیّ کرد بازنێکی نایابی بۆدروستکات لەو مەملەکەتـە کـەس بازنی لەو شێوەی نەدیبیّ و لەدەستی نەکردبیّ...مامەڵەیان کرد، پارەکەیدا، دوای دوو ڕۆژ هاتەوە، کابرای جولەکە بازنـەکانی بـۆ ڕاگرت: فەرموو ئەوەش بازنەکان.

ئاغـا بازنـەکانی بەدەسـتەوە گـرت، نـەختیّ سـەرەو بنـی کـردن، بەهەڵپەیەکـەوە وتـی: ئـەو بازنانـە بچـووك دیـارن، بـۆ دەسـتی ژنەکەم نابن، ئەگەر خێزانت هەیـە، لەمنـەوە پێشکەشـیکە، حـەز دەکەم ئەوجارەیان ملوانکەیەکم بۆ دروستکەی، ملوانکەیەکی بـیّ وێنەبیّ.

مامەڵەیان کرد، بە (١٠٠) لیرە ڕێکەوتن کە پاش سـیّ ڕۆژی دیکـە بۆی دروستکا.. کـابرای جوولەکـە زێڕەکـەی بـردەوە مـالّ و دایـە ژنەکەی، وتـی: ئاغایـك ئـەو بازنانـەی لـەلام بەڕادانـدا، کـە هـات

بیباتەوە، وتی: ئەو بازنانە چکۆڵەن بۆ دەستی ژنەکەم نابن، بـڕۆ لەمنەوە بیدەرە ژنەکەت، ئەوەش دیاری ئاغایە.

کابرای زێڕینگەر ملوانکەکەشی بە سێ ڕۆژ بۆ تەواوکرد..کـە ئاغـا بــۆی هاتـــەوە، ملوانکەکـــەی بــۆ ڕاگـــرت: فـــەرموو ئـــەوەش ملوانکەکەت.

ئاغـا ملوانکەکـەی ئـەم دیـو و ئـەو دیـو کـرد و وتــی: وەللاهــی زەحمەتە ژنەکەم بەم ملوانکەیە ڕازیبێ، تازە هەر پارەکەمداوە، بڕۆ بەگەردەن ئازایی بیدەرە ژنەکەت.

کابرای جوولەکە ملوانکەکەی بردەوە ماڵ، دایە ژنەکەی: ئافرەت، دەڵێی دەرگـای خێـرت بەسـەردا کراوەتـەوە، ئەوەشـیان دیـاری ئاغایە بۆ تۆ.

ژنەکـەی ئاشـقی ئاغـا دەبـێ و نـازانێ بـەچ ڕێگـەیێ پێـی بگـات، ژووانی دەگەڵ ببەستێ..هەوڵەکانی ئاغـاش بـۆ گەیشـتن بـە ژنـی جووەکـە، بـەردەوام بـوو، هاتـەوە لای کـابرای جوولەکـە، وتــی: ئەگـەر ژوورێکتـان هەیـە، بـەکرێ بەچـەندی دەدەی لێتـی بـەکرێ دەگرم.

کابرای زەڕینگەر وتی: بابیرێکی لێبکەمەوە.

دوکانەکەی داخست، چووەوە ماڵ، بەژنەکەی وت: ژنـۆ، دەزانـی ئەو ئاغایە حەز دەکات ژوورێکی بەکرێ بدەمێ، هەرێم پێی نـەدا،

وتم: بـابیرێکی لێ بکەمـەوە، مەبەسـتم لـەو قسـەیە ئـەوەبوو ڕای تۆش وەربگرم، بزانم تۆ پێتخۆشە، چی دەڵێی؟

ژنەکەی خۆی لەگوورە نەبرد، وتی: پیاو هێندە بێ سیفەت نەبێ باشە، فەرموو لەبیرت کرد ئـەو هـەموو زێـڕەی بەبـەلاش پێـداین، ئێستاش بۆ جێکردنەوەی، هەق نییە یـەك لـیرەی لـێ وەربگـری، بڕۆ بانگیکە و بیهێنە، ئەو کابرایە بەرەکەتێکی خولایە!

کابرای جولەکە خۆی گەیانـدە ئاغـا، پێیـوت : قوربـان لەماڵـەوە هۆدەیەکمان بۆ چۆڵ کردووی، دەرگاکەی لەو دیوی دەرەوەیە.

ئاغا چووە ناو هۆدەکە و دەمـەدەمی ئێـوارە سـەردانی شـالیاری ئەو شارەی کرد کە گەنجێکی سـوورەی چاوشـین بـوو، تـاوێ لای مایەوە، دواجار پێیوت: من ئاشقی ژنە جوولەکەیەکی ئەم شـارەم و ئێستا لە خانوەکەیدام، چارەێکم بکە، چۆن پێی بگەم؟

سـوورەی چاوشـین بـۆ ڕێخۆشـکردنی ئـەو پەیوەندیـە، فـەرمانی بەیاساوڵەکانیدا، ژێر هۆدەکەی بـۆ نێـو هـۆدەی ژنەکـە بـۆ کـون کەن.

ئەوانیش دەستگەرمانە کەوتنە کار، کونەکـەیان بـۆی لێـدا، بەمـە ژنەکە هەمووجارێ لەو کونەوە دەچووە لای ئاغا و دەگەڕایەوە.

ڕۆژێکیان ئاغا بە پیاوی ژنەکەی وت: دەبێ ئەم نیوەڕۆیە میـوانی من بی.

ئەویش داوەتەکەی  قبولّ کرد، بەرە بەری نیوەڕۆ بووە میوانی و پێکەوە دانیشتن.. ئەوەی سەرنجی کابرای ڕاکێشا، تەماشای کرد ئەوە ژنێك خزمەتیان دەکا، کت ومت لەژنەکەی دەچێت.

کابرا لە ژنەکەی کەوتە گومان و لەجێوە هەلّسا، وتی:   ئاغا دەقەیێك بەیارمەتیت تامالّەوە دەچم، ئەوەندەم پێناچیّ دێمەوە.

ڕۆیشت، لیّ نەگەیشتە مالّەوە، ژنەکەی بەپەلە، لەکونەکەوە چووەوە ژوورەکەی خۆی. کاتێکیش پیاوەکەی بینی ئەوە لەمالّەوەیە، واقی وڕما، وتی: تۆ دەزانی ژنیّ وا لەمالّی ئاغایە، پاك و بێگەردی بۆخوا، کت و مت لەتۆ دەچیّ!

ژنەکەی وتی:  هەی بیّ دین، ناکەس بەچە، ناکا گومانت  بردبیّ ئەو ژنە منبم، ئەی خۆت کلیلی حەوشەت لا نیە کە دەچیە دەرەوە، وەکو تەیروتوار بەندم دەکەی، دەرگام لەسەر کلّۆم دەدەی.

قسەێك لەم و  قسەیەك لەو، کابرا دەهری بوو، تەلآقیدا و بەو مەراقەوە چووەوە لای ئاغا، هەمدیس سەیری کرد  ئەوا  ژنەکە لەوێیە،حەپەسا، لە خەم و خەفەتی ئەو تەلآقدانە،  بەئاغای وت: با بخۆینەوە، خۆمان مەست کەین.

ژنەکە دوو بادەی هێنا، بادەی بۆ پڕ مەی کردن، هی ئاغای کەمتر تێکرد، لەماوەیەکی کورت، کابرای جوولەکە خوماربوو،

هێنــدەی  نــەبرد، لــە حەژمــەتان لــەجێوە خــەوی لــێ کــەوت ..ژنەکەش دەمەقاڵێی خۆی و پیاوەکـە و تەڵقدانەکـەی بـۆ بـاس کرد.ئاغـا وتــی:  باشــتریش، مــادام دەســتت لەدەســتی بــۆوە، بەئاسـانی لــەخۆمت مارەدەکـەم و دەتگوازمــەوە، دەی تـا زووە بابڕۆین.

لەگەڵ خۆی بردەوە.

ڕۆژێکیان سوورەی چاوشین بۆ ڕاو ئـەم شـاخ و ئـەو شـاخ دەکـا، دەکەوێتــە دوای ئاســکێك، تــا دواجــار لەئــەنجامی لەدەســت دەرچــوونی گوللــە تاپڕێکـدا بـۆ ئاسـکەکە، گوللەکـە بــەر دڵــی ئامۆزایەکی پادشاکەیان دەکەوێ، کەس بەسەر ڕوحدانی ڕاناگات، گیان لەدەستدەدا، پادشاش فـەرمانی لـەداردانی بـۆ دەردەکـات، سوورەی چاوشین لەترسان بەماڵ و منداڵـەوە هەڵـدێن، ئـەو ڕۆژە ئاغا بەخۆ و چەند ئەسپسوارێکەوە لە  ڕاو بوو، لە هەڵەتێ لەگەڵ سوورەی چاوشین گەیشتنە یەك، دەسـتیان کـردە ملـی یەکـدی و ئەملا و ئەولای ڕوومەتی یەکیان ماچ کرد.

ئاغا، سوورە و ماڵ و منداڵەکەی دەگەڵ خۆدا بردەوە ماڵ، جێ و ڕێـی بـۆ دابـین کردن..ماوەیـەکی بـاش لـەو مەملەکەتـە مانـەوە، ڕۆژێکیـان ئاغـا بـۆ تاقیکردنـەوەی سـوورە تـاوەکو بزانـێ ئـاخۆ خاوەن بـەڵێن و قسـەی خۆیـەتی یـان نـا، پێیـوت: لەمنـەوە بـڕۆ

بیست ماڵە مەڕدار بەمێگەلە مەڕەوە ببە و بچووە دەڤەرێکی سەر سنوور، باروبنەتی لێ دانێ و هەرخۆت ببە سەرداریان.

سوورە بەخۆ و ماڵ و مێگەلەوە ڕۆیی، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێ، ئاغا کە دووکچی ناسك و نازدار و زێبای هەبوون، حەزی دەکرد بیداتە کوڕەکانی سوورە، بۆیە نامەیەکی بۆ نارد، کە دەبێ یەك لەکوڕەکانی بۆ هەندێ کاری پێویست بۆ بنێرێ، دەیەوێ لەداری دات.

سوورە و هاوسەرکەی بەو ڕاسپاردە غەمناك بوون، دایکی دەستی کردە گریان، یەکێك لە کوڕەکانی کە دەیبینێ ئەوە دەگریێ، ڕوو تێکرد، بە پەرۆشەوە پرسی: دایەگیان ئەوە بۆ دەگری؟ئەی بابەگیان تۆ بۆچی عێدز دیاری، چیبووە؟چی قەوماوە؟

دایکی وتی: کوڕم، ئاغای مامت وەڵامی ناردووە ئێمە لە تۆ و براکەت، یەکیانی بۆ بنێرین تاوەکو لەداریدات.

کوڕەکە وتی: هەی بێقەزابن، قەیدی چیەکە، من دەڕۆم، ئەوجا لەدارم دەدا، با لەدارمدات.

باوکی وتی: نااااا، نااااا، ئێرە جێ دێڵین، چۆن دەبێ بتکوژێ؟

کوڕەکەی وتی: وا بیرمەکەنەوە، سەرێکە و هێناومە ژێوان نابمەوە، ئەوەندە بەسە و ئەوەتان لەپێش چاوبێ، چۆن باوەشی بۆ کردینەوە؟ چۆن بە هانامانەوە هات و خزمەتی کردین،

پیاوێکـە بـاوەڕ ناکـەم مانەنـدی هـەبێ؟جا لـەپێناو مانـەوەتان ئامادەم سەری خۆم بە پەتەوە بکەم.

ڕووی وەرگێڕا، ملی ڕێیانی گرتەبـەر، چـووە لای ئاغـا، هەرچـەند لەناخەوە تەواو ڕووخابوو، کاتێك گەیشتەجێ، بەبزەیەکەوە وتی: مامـە نامـەت بـۆ بـاوکم نـاردبوو بێمـە لات، ئـەوە هـاتووم، هـەر ئیشێکت هەیە، بۆت لەسەر یەك پێ دەوەستم، ئیـدی لەسـێدارەم دەدەی، دەمکـوژی، بـەلاّم توخـوا پـێش لـەداردانم، حەزدەکـەم بەرگێکی پڕوپوختم لەبەربێ .

ئاغا بەدەم بزەیەکەوە وتی: ئەوەی تۆ داوات کـرد، هـەر ئـەوەش داب و نەریتی ئێمەیە.

دەستی دەگرێ، دەیبا، لەژوورێکی تایبـەتی دادەنـێ، کـە بـانگی مەلا وچەندشایەتێ دەکات،ئەوجا دەڵێ: من بۆ ئەوەم بانگ کردی کچی خۆمت لێ مارە کەم،دەك پیرۆزت بێ.

کوڕەکە لەخۆشیان وەکو باوەڕ نەکات، دەستی بەگریان کـرد، لـە ڕێ و ڕەسمێکدا هەردوکیانی لێك مارە کردن.. هەفتەێك تێپـەڕی، ئاغـا ناردیـە دوای سـوورە گوایـە حـەزدەکا بـەخۆ و خێزانـەوە داوەتیانکات .

سـوورە و مـاڵ ومنداڵـەکانی هـەر ئـەو ڕۆژە بەدڵتـەنگی و نیگەرانیەوە چوونە خزمەتی ئاغا، کە چاویان بەکوڕەکەیان کەوت

ئەوە زیندووە، وەکو گوڵ گەشانەوە،باوەشیان بۆ یەك کردەوە، فرمێسکی شادیان ڕشت. هەر ئەو ڕۆژە کچەکەی تریشی دایە کوڕەکەی دیکەی سوورە و بەیەکجاری خزماتیەکەیان بەهێزتر کرد، ئاغا و سوورە بوونە باپیرەی نەوەکان و مردن لەیەکدی کردن کە برا گەورەی هەموومانە.

❊ ❊ ❊

# قارەمان و قەیتەران

دەگێڕنــەوە، دەڵـێن: لــە ڕۆژگــارێکی زوودا، قارەمــان وقەیتــەران ئـامۆزای یەکـدی بـوون، دێـوێکی سـپی لەمێـژوودا بینیبـووی کـە بەدەستی قارەمان دەکوژرێ، فەرمان بەیـەك لـەدێوەکانی دەدات بچـێ قارەمـانی بـۆ بێنــێ، بیکـوژێ و بیخـوا تـاوەکو لـەوترس و دڵەڕاوکێیە ڕزگاریبێ کەڕۆژ نییە وەکو مۆتەکە بەرۆکی نەگرێ.

بەیانیــەکی زوو، قارەمــانی منــداڵ دێتــە دەرەوە یــاری بکــات ،دێوەکـــە پەلاماریـــدا و بـــردی، هێنـــای لەبـــەردەم دایکـــی دانا..قارەمـان وایزانـی ئـەویش هـەر دایکیـەتی ،کەوتـە مـژینی مەمکی دێوەکە...دێوی سپی گەلێ پاڕایەوە لـە دەڵەدێوەکـە کـە ئەو منداڵەی بداتێ چونکە ددانـی ژان دەکـات بـەڵکو بیکاتـە نێـو کلۆرایی ددانی تا ژانی ددانی پێ بشکێ، وەلێ دەڵە دێوەکە وتی: ئەو منداڵە مادام شـیری منـی مـژی، تـازە بـووە بەچـکەم، ئیـدی لەگەڵ بەچکەدێوەکانی دیکەمدا جیاوازی پێ ناکەم، بۆیـە نـاهێڵم کەس توخنی بکەوێ و ئەزیەتی بدات.

ماوەیەکی بەسەردا ڕابوورد، قارەمان گەورە بوو، هێز و توانایەکی بـــێ ئەنـــدازەی پەیـــداکرد، هـــەموودێوێك نەیـــدەوێرا خـــۆی لەقەرەیـدا..دێوی سـپی زۆر هەوڵیـدا لەدەرفەتێکـدا پـڕی داتــێ و

بیفەوتێنیٚ،کەچـی یـەکێك لەبەچـکەکانی دەڵەدێوەکـە، بەدزیـەوە هەڵیگرت، بردی لەنزیك شارەکەی خۆیانی دانا و گەڕایەوە.

هێشتا کازیوەی بەیانی نەدابوو، مەڕیٚ تـازە بـەتازە دەرکرابـووە دەرەوە، قارەمان وەکو شێر پەلاماریدا و خواردی، خەڵکەکە بـەو دیمە ترسیان لیٚ نیشت، بووە هات و هـاوار و فیغـانیٚ: ئـەوە دێـو هات، دێویٚ مەڕێکی خوارد.

قەیتـەرانی ئـامۆزای تـازە ببـووە پادشـای ئەوشـارە، خانـەزاێکی هەبوو، نێوی نەسیمی عەیار بوو، لەزمانی دێو و درنجانی دەزانی، ناردیـە دوای قارەمـان، مەسـەلەی خـۆی، بـۆ گێڕایەوە..دەگـەڵ قەیتەران بەیەك شادبوونەوە.

شـەوێکیان کابرایـەکی دەروێـش بـووە میـوانی پادشـا و وێنـەی ئافرەتێکی زێبای نیشاندا بەو نیازەی وەکو دیاریەك پێشکەشیکا ...پادشا لە یەکەم دیدگە، ئاشقی بوو،نـەیزانی چـۆن ئەوشـەوەی بەڕیٚ کرد، بۆ ڕۆژی پاشـتر بـەخۆ و لەشـکرێکەوە کەوتـە جووڵـە بچێتە ئەو مەملەکەتـەی ئـەو ئافرەتـەی لێیـە، تـاوەکو ببیـنیٚ و بیخوازیٚ..قارەمانی ئامۆزای موکوڕ بوو دەبیٚ لەگەڵیدابیٚ. تەواویٚ دوورکەوتنـەوە، لـە شـەکەتی خۆیانـدا لایاندایـە نزیـك کـەناری دەریاێـك، بارگـەیان خسـت، پشـوویاندا، بـۆ شـەویٚ، یـەك لـە یاسەوڵەکانی کە ئێشکی بەدیارەوە دەگرتن ،کت و پـڕ، مـاینێکی

بـەحری لێ پەیـدا بـوو، بۆخـۆی ڕاکێشـا و خنکاندی..بەرەبـەری بـەیان بـووە مقۆمقـۆ گوایـە قارەمـان چـونکە ڕەگێکـی لـەدێوە، ئەوخواردوویەتی ..بەو قسانە قارەمان بە قەیتەرانی وت: من بـەم قسەڵۆکانە نیگەرانم، ئەوە ئیشی من نییە و من ئەمەم نـەکردووە، ئێستاش هەروایە، ئەوە من ئێشکتان لێ دەگـرم، ئـەوجا بـا هـیچ ڕووبدات.

لەشـکرەکە، تـەواو ترسـیان لێ نیشـت،نەیاندەزانی: ئـاخر بـە چ چاوەڕوویەکەوە بنوون،لەکاتێکداخۆیان گومانیان لەوبێ و ئەویش ئێشکگریان بۆبکا؟ ئەو شەوە مـانگ خەرمانـەی دابـوو، لـەنیوەی شەودا، ماینێك لەدەریاکـەوە هاتـەدەرێ ، قارەمـان لێـی نەگـەڕا، ببزوێ وهیچ بکات،چونکەپێش وەختە، خـۆی لـێ مـەڵاس دابـوو، ماینەکەی گرت، ماینەکەچەند خۆی هێنا و بـرد، خـۆی لەدەسـتی ڕابپسکێنێ، هەوڵەکانی بێ سوودبوو،وتی: من بۆ قارەمانم .

ئەویش وڵامی دایەوە:دەنا من قارەمانم.

ڕۆژی دواتر سواری ئەو ماینە بوو، لەگەڵ لەشـکر کەوتـەڕێ، هـەر ڕۆیشتن و ڕۆیشتن بچنە خـوازبێنی ئـەو کچـەی کـابرای دەروێـش ڕەسمەکــەی نیشــان دابــوو، گەیشــتنە دەور وبــەری شــارێك و خێمـەیان هەڵدا..چـەند ڕدێـن سـپیەکی نـاردە لای پادشـای ئـەو شـارە و باسـی هاتنەکـەیان بـۆی کـرد، پادشـا وتـی: هەرکەسـێ

بەزۆرانبازی بتوانێ کچەکەم لەعەردیدا، ئەوا دەبێتە حەلاڵی و لێی مارە دەکەم ، خۆ ئەگەر کچەکەم ئەوی لەعەرددا، یەکسەر سەری دەبڕێ و دەیکوژێ، ئێوەش ئەگەرلەخۆتان ڕادەبینن، فەرموون ئەوە عەرد و ئەوە گەز.

پیاوەکان گەڕانەوە، مەرجەکەی پادشایان بەقەیتەران ڕاگەیاند، قارەمان چەند وتی: ئامۆزا، تۆ کەی تاقەتت هەیە، زەحمەتە بتوانی دەرەقەتی ئەوکچەبێی، پێمباشە نەچیت و وازبێنی.

قەیتەران لەسەر ئەو زۆرانبازیە ڕشت بوو، بەتالووکەوە وتی: ژن قیمەتی چییە دەرەقەتی نێم؟ من بۆی دەچمە مەیدانێ، ئەوجا با بمبەزێنێ.

کاتێك دەگەڵ قەشەنگ خانی پادشا ڕوو بە ڕوو بۆوە، قەشەنگ خان بەماوەیێکی کورت، قەیتەرانی بەعەردی دادا،دەستی گەیاندە چەقۆ سەری ببڕێ ، قەیتەران لەبەری پاڕایەوە، خۆی دەخالەتی کرد نەیکوژێ، ئەویش بەزەیی پێداهاتەوە، بەلاَم ئازادی نەکرد.

قارەمان فەرمانی بەلەشکرەکەدا، بگەڕێنەوە.. بەنەسیمی وت: وەرە بمبە ناوەڕاستی ئەوشارە و هەڵمپەڕێنە، بۆخۆم بەزمانی دێو و درنجان گۆرانی دەڵێم، هەموو عالەم دێنەسەیرانم ئەوجا بۆ خۆمان دەگەڕێین تا گرتووخانەکە دەدۆزینەوە، چوونە ناوشار، لەڕێی گۆرانی وتنەوە، گرتووخانەکەیان دۆزیەوە.. قارەمان

گرتووخانەکـەی شـکاند و قەیتــەرانی ڕزگارکرد..لەهەمبــەر ئــەو چـاکەیە قەیتــەران پێیـوت: ئـەو پلـە وپایـەم شایسـتەی تۆیـە، شایستەی کەسیتر نییە.

قارەمان بەخۆ و بە لەشکرەوە، هات لە هەمان شوێن ڕەشماڵیـان هەڵـدا، وەڵامیـان نـارد، گوایـە ئەوکابرایـەی یەکـەمجار هـاتبووە مەیدان ،خانەزای پادشا بووە، ئـەوجارەیان خـودی پادشـا خـۆی بەتەمایە بێتە مەیدان.

قارەمـان لـە ڕوو بەڕووبونەوەیـەکی زۆر کەمـدا، قەشـەنگ خـان بەعـەردی دادا، قەشـەنگ خـان کرایـە بـووك و بـۆ قەیتــەرانیان برد..بۆ شەویٚ زاوا چووە ژوورەوە، قەشەنگ خان تەماشای کرد، وتـی: تۆ زاوا نیت، تۆ ئەو کەسەی من بەعەردم دادای،خەریك بوو سـەرت فتکـەم، نووزایتـەوە نـەتکوژم، لێـتم بـووری ،ئێسـتاش سواربوون عەیبێکە و دابەزین دووعەیب، چـارم نییـە، ڕازیـم ببمـە خێزانت.

ماوەێك پێکەوە، لەیەك لەکۆشکەکانی ئەوشارە مانـەوە..قارەمان پێشتر بەقەیتەرانی وتبوو: من غەریبی دایکـم دەکـەم، دەچـمەوە لای دایکم.

لــەنیوەی ڕیگــەدا، لێیــان دابــڕا، ڕۆیشــت گەیشــتە دێیــەك، لای پیرەژنێك مایەوە، توێنووی بوو، بەتاسـەوە وتـی: ئـەریٚ دایـەژن، توێنوومە، ئەگەر هەیە نەختیٚ ئاوم بدەیتیٚ.

پیرەژنەکە وتی:  کوڕی خۆم ئاو نییە..ئەژدیهایەك لەسەرووچاوی ئاوی ئەم شارە هەیە، حەوتەی ڕۆژیٚ ئاومان بۆ بەردەداتەوە.

کە لێـی پرسـی: ئـەی باشـە دایـەژن، مـن لـەڕێی خۆمـدا، هەنـدیٚ سوارم بینی ببوونە شاخ ،ئەوەیان چییە؟

وەلاٌمی دایەوە: کـوڕم ئەوانـە بـە تەلیسـم بوونەتـە شـاخ، ئەوانـە ئاگرپەرستن.

قارەمـان دووبـارە پرسـیەوە: ئـەی باشـە، ئەوانـە بەچـی چـاك دەبنەوە؟

پیریەژنەکە وتی:  ئەگەر ئەو ئەژدیهایە بکوژریٚ وجەرگ و هەناوی بکرێتە ئاو و بکولٌدریٚ و بەسەرشاخەکەدابکریٚ، یەکسەر دەبنەوە ئادەمی.

قارەمان ڕۆیی، لێرە بـۆ ئـەویٚ، نزیکـی سەرووچـاوەکە بـۆوە، بـە وریایی لەپشـتەوە ڕووبـووە ئەژدیهاکـە و کوشـتی..ئاوەکە وەکـو لافــاو بــەناو دێیەکــە تێپەڕی..جــەرگ و هــەناوی ئەژدیهاکــەی هێنا،کولاٌنــدی و ئاوەکــەی بەســەر شــاخەکە داکرد،ســوارەکان

بوونەوە بەشەر، بـەڵام پێـی وتـن: ئـەوا بەئـەمری خـودا بوونـەوە ئادەمیزاد، ئیتر خودا بپەرستن، واز لەئاگرپەرستی بێنن.

ئەوانیش بەڵێنیاندا تاوەکو ماون خوای گەورە بپەرستن، بێنـەوە سەرهۆش.

قارەمان ئەوانی بەجێ هێشت، چووەوە لای دایکی، تەماشای کرد ئەوە دوو لەشکری دێوان، کەوتوونەتە ناو یەکدی و بەشەڕ دێـن و یەکتری دەکوژن ..قارەمان لەناویانـدا برایـە دێوەکـەی ناسـیەوە، چـووەپاڵی ولەگەڵیانـدا کەوتەشـەڕ کـردن، توانیـان بەسـەریاندا سەربکەون و بیانشکێنن، یەك لەوانەی قارەمـان بەدەسـتی خـۆی کوشـتی ،دێوەسـپیەکەبوو، ئـەودێوەی لەمێـژ خـەودا بینیبـووی بەدەستی قارەمان دەکوژرێ.

* * *

## ئەمیری مامۆك

دەگێڕنـەوە، دەڵـێن: لـە ڕۆژگـارێکی زوودا،لـەو مەملەکەتـەی لای خۆماندا، دوو تیرە هەبوون (مامۆك و شـێخە) زیـاتر لـەنیو سـەدە دژبەیەك جەنگان، هـەرجارەی لایـەکیان تاڵـانی لایەکـەی دیکـەی دەکرد.

داب ونەریتی تیرەی شێخە وابوو هـەر سوارچـاکێك توانیبـای لـەو خەڵکەی پـێش خـۆی، تاڵـان و برۆیـەکی باشـی تـیرەی مـامۆکی بکردایە، ئەوە بە سوپاسالاریان دادەناو فەرماندەی سەربازی ئەم تیرەی لە ئەستۆ دەگرت، خۆ ئەگەر سوارچاکێکی ئەوتۆ دروست نەبوایـە جێـی بگرێتــەوە، ئــەو سوپاســالارە دوای ژن هێنــان و لەکاتی منالێ بوونیاندا، ئەو منداڵە چ کچ بوایە یان کوڕ، لەچـلەی ئەو منداڵـەدا بەفـەرمانی سـەرۆکی تیرەکـە هەرچـی دەوڵەمەنـد و خانەدان هەیە، لەدیوەخان کۆدەکرانەوە و منداڵی سوپاسـالاریان لەنێو دیوەخانەکە دەگێڕا، کە دەگەیشتە ڕاسـت هـەر یـەکێ لـەو دەوڵەمەندانە، دەبـوو ئـەو کەسـە دیاریـەکی پێشـکەش بکردایـە، ئەوجا پارەبوایە یا مەڕ و ماڵات.

لە تیرەی شێخەدا (هەڵۆ)پیاوێکی ساسـار و جەربـەزە بوو،هـەموو ڕۆژێ جارێك دەچووە دیوەخان و تاوێ دەمایـەوە، ڕۆژێکیـان کـە چاو دەداتە (زەند)ی سوپاسالار وەها قیت و قۆز لەسەرووی ئـەم

خەڵکــە دانیشـــتوەو بـــە لـــووت بەرزییـــەوە ئیشـــەکان ڕایـــی دەکات،هەستی بوێری دەجووڵێ، لەگەڕانـەوەی بۆمـاڵ و ڕاکشـان لەسـەر جێیەکـەی، بـۆ چـەند سـاتێك نـوقمی جیهـانێکی بـەرفرە دەبێـــت و کـــاتێ کەشـــتی بـــێ ئـــۆقرەیی لەکـــەناری ئـــارامی دەنیشێتەوە، لە بەرخۆیەوە دەڵـێ: وااااای،دەبـێ ڕۆژێـك نـەبێت منیش وەکو ئەو ببمە سوپاسالارێکی مەزن و جێی بگرمەوە ؟

ژنەکـەی زۆر جـار سەرزەنشـتی دەکـرد واز لـەو خـەیاڵ پـەرت و پڵاوانە بێنێ کە زۆر لەوەوە دوورە، دەیگوت: هـەڵۆ گیـان تاڵـان هێنان شتێکی ئەوەندە کەم نییـە و دەبـێ مـرۆڤ خـۆی ڕادەسـتی قەدەرکا،زانیومانـە خـەڵکێکی بـێ وێنـە بـۆ گەیشـتن بـەم پلـە و پایە،بەختی خۆیـان تـاقی کردۆتـەوە، کەچـی سـەرەنجام سـەری خۆیان لەسەرداناوە و فەوتاون.

هەڵۆ ئەو ئەندێشەی لە کەلکەلەدا دەرناچێ، ئەمـەش پـاڵی پێـوە دەنێت ڕۆژانە بچێتە دەرەوەی شار و بۆ چـەند کاژێرێـك بکەوێتـە مەشق و ڕاهێنان..ماوەیەك تێپـەڕی، کـە لـە هێـز و وزە و ورە و توانـای خـۆی دڵنیـا بـوو دەتـوانێ شەڕبکات،چـووە دیوەخـان و بەسەرۆکی تیرەکـەیانی وت: قوربـان مـن سـبەی شـاڵاو دەبەمـە ســەر تـــیرەی مـــامۆك و تـــاوەکو تاڵـــانێکی باشـــیان نەکـــەم، ناگەڕێمەوە.

دەگەڵ گەردی بەیان، بەخۆ و شمشێر و تیر و کەوانەوە، پێش ماڵئاوایی کردن،بە خێزانەکەی وت: ئافرەت ئەوە چەند ڕۆژە بڕیارێکە و داومە،دەڕۆم، دەچمە تاڵان، ئاگات لەو منداڵەبێ و فەرامۆشی نەکەیت.

ماڵەوەی جێ هێشت، ناوچەییەکی سەخت و دژواری بەردەلانی بڕی.. دوو شەو و دوو ڕۆژ بەڕێوەبوو تا گەیشتە نیوەی ڕێ، گوندێکی هاتە پێش،لەبەر شەکەتی خۆی، بۆ حەسانەوە لای دایە ماڵی مام وەسمان و چەند شەوێ مایەوە، مام وەسمان سێ کوڕ و کچێکی هەبوو، بۆ شەوێ بەیەکەوە دانیشتن ، هەڵۆ مەبەستی هاتنەکەی بۆ درکاند و وتی: ئەوەی ڕاستیبێ، چونکە حەزدەکەم ببمە سوپاسالار، هاتووم بچمە تالانی تیرەی مامۆك.

مام وەسمان بەبزەێکەوە وتی: ڕۆڵەگیان، لێرەوە یان دەبێ ئەم گەشتەت بەتاڵکەی یان ئەوەتە دەبێ لەگەڵ خۆت منیش ببەی.

هەڵۆ چونکە نمەکی ماڵیانی کرد، لەشەرمی ئەوان ڕەزامەندی نیشاندا و وتی:باشە بەیەکەوە دەچین.

لەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیان خۆیان ئامادەکرد و بۆی دەرچوون، دوای دوو شەو و دوو ڕۆژ لەتیرەی مامۆك نزیك بوونەوە، بۆسەیان بۆدانان و لە هێرشێکیی کت وپڕدا، چەند پیاوێکیان کوشت و تاڵانێکی زۆریان هێنا کە لەمێژووی هیچ تیرە و هۆزێکدا تاڵانی وا

نەکرابێ..پەیتا پەیتا گەڕانەوە، هەڵۆ بەدەم ڕۆیشتنەوە ڕووی کردە مام وەسمان و وتی: مامەگیان تاڵانێکی باشمان هێنا، باشە ئەم تاڵانە چۆن و بەچ شێوەیێکی دابەشکەین؟

مام وەسمان بەهەناسەی سوارەوە وتی: با بگەینە جێ و پشوێك بدەین، ئەوکات بیرێکی لێدەکەینەوە.

هاتنەوە نێو ئاوایی، خەڵکەکە بەم دیمەنەی بینیان، زۆر سەرسام بوون خێزانی مام وەسمان کەوتە ئالیکدان و ئاودانی مەڕ و ماڵاتەکە، مام وەسمان بەهەناسەبڕکێوە بانگی ڕاهێشت: کچم ستی خان، دەی خێرا چایەکی خەستی خۆشمان بۆ بگرەوە، زۆر لێنیێ هیلاك و ماندووین.

سەروو چایەیان فڕکرد،بۆ نیوەڕۆ کاورێکیان کوشتەوە، لێیاننا، دەمە دەمی عەسر، دوو سواری دەمامکدار خۆیان کرد بە ئاوایی و لە گورزێکی کەمەرشکێندا کوری گەورەی مام وەسمانیان کوشت و گەڕانەوە..ماتەمی سەراپای گوندی داگرت، بوو بە شین و واوەیلاییێ، نەبێتەوە.. لە ڕێ و ڕەسمی بەخاکسپاردنیدا، مام وەسمان، بەدەنگێگی بەرزی بەویقارەوە وتی: من ناخۆشیم لەگەڵ کەس نییە، لێرەوە رایدەگەێنم تاوەکو تۆڵەی ئەو کورەم نەسێنمەوە، دانانیشم و تازیە و پرسە دانانێم.

هەڵۆ خۆی شـێلوو نـەکرد، نەهاتـە سـەر قـەبران و لـەجێی خـۆی نەبزوا، تەنهاو تەنها لەماڵەوە قاوەی دەخواردەوە.

مام وەسمان بەکۆڵێ خەم و جەخارەوە گەڕایەوە.. شەو داهات تا کاتی خەوتن نە دەنگ لەم و نە ئەویش ورتـەی لێوەهـات، مـانگ خەرمانـەی دابـوو، ئـەو دووسـوارەی پێشـتر هـاتن، جـارێکی تـر خۆیان کرد بەئاوایی و ئەوجارە کوڕی ناوەنجیان کوشت، ئیتر بوو بەفرتەنە و هەڵایەك،باری ئـارامی نـاو گونـد شـێوا، دیسـان هـەڵۆ خۆی تێك نەداو نە بزووت، مام وەسمـان دوای کفـن و دفنـی ئـەم کوڕەی، گەڕایەوە کە هەڵۆ بەم ڕەنگ و بۆیە بینی، توروەبوو، لـە حەژمەتان خەریك بوو بتەقێ، بـەڕق و کینـەوە ڕووی کـردە سـتی خـان و وتـی: کچـم چـایەك بـۆ ئـەم سـەگبابە بێنـە، بـابڕوات، حەزناکەم چارەی ببینم.

دابوو نـەریتی ئـەم گونـدە وابـوو، هـەر کارەسـاتێ لـە هـەرماڵێك بقەومایـە، ئەگـەر خانـە خـوێ بیویسـتایە بـەمیوان تۆڵـەی خـۆی بکاتەوە، ئەوا کچێکی زیبای ئەو ماڵە بەجوانترین شـێوە تیفتیفـە دەدا و چـایەکی تـا بڵێـی شـیرینی بـۆ دەبـرد، ئەگـەر میوانەکـە چایەکەی خواردەوە ئەوا مانای ئەوەیە: بڵێ من ئامـادەم پشـتان بگرم و تۆڵەتان بۆ بکەمەوە.

ستی خان خۆی ڕازاندەوە، چایەکی شیرینی هێنا و هات لەبەردەم هەڵۆی دانا:فەرموو.

هەڵۆ چایەکەی بە دوو قوم هەڵقوڕاند و رووی کردە ستی خان، بەبزەیێکەوە گوتی: دەزانم ئەمانە هەڵدەکوتنە سەرمان بەلاّم، پێش ئەوەی ئەم دوو ئەسپ سوارە بێن، زەحمەت نەبێ ئەگەر زین و لغاوی ئەسپەکەم بۆ چاکەی.

هەڵۆ ڕێشمەی ئەسپەکەی گرت، چووە دەرەوەی ئاوایی، بۆسەی دانا و کاتێ دوو ئەسپ سوارەکە هاتنەوە، لێیان هاتە دەست، هەردووکیانی کوشت و بەدیاری سەری هەردووکیانی هێنا و هاتەوە، کەللەی هەردووکیان لە بەردەمی مام وەسمان دانا: فەرموو ئەمەش تۆڵەی دوو کوڕەکەت.

بەم هەواڵە خەڵکەکە دلخۆش بوون،پۆل پۆل بۆ پیرۆزبایی هاتنە دیدەنی و ئێوارەش هەرچی پیاو ماقوڵ و مەلا و ڕدینسپی هەبوو،لەماڵی مام وەسمان کۆ بوونەوە، کەوتنە پرسیارکردن دەرهەق بە ڕێ و ڕەچەڵەکی هەڵۆ، مام وەسمان ئەوەی گوێ بیستی ببوو، بۆیانی گێڕایەوە، ئەوجا ڕووی کردە هەڵۆ و وتی: داوایەکم هەیە ئەگەر بۆمی جێ بەجێ بکەی؟

ئەویش تاوێك دوای بێدەنگی، سەری هەڵبڕی: من نمەکی ماڵی تۆم کردووە، هەرشتێك تۆ بیڵێی، جێ بەجێی دەکەم.

مام وەسمان بەهەڵپەیەکەوە وتی: بەڕاستی نازانم بەرامبەر بەم پیاوەتیە چۆن چاکەت بدەمەوە؟

پیاوێکی بەساڵاچوو، هەڵیدایێ: تۆ گوڵێکت لەباخان هەیە، ئەو گوڵەی پێشکەش بکە.

مام وەسمان وتی: جا ئەم بەخزمایەتیم ڕازیبێ، ئەوا من پێشکەشم کرد.

هەڵۆ پێخۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو خزمایەتیە دەربڕی و مام وەسمان ڕووی کردە خەڵکەکە و وتی: برایان شتێ هەیە رەنگە هەڵۆ نەیزانێ، حەزدەکەم لەئێستاوە ئاماژەی پێ بدەم.

هەڵۆ بە پەشۆکاویەوە وتی:شتی وەك چی ؟

مام وەسمان بەزەردەیەکەوە وتی: خاك و ئاو و هەوای ئێمە ئەوهایە، منداڵمان ببێ، چ کچ، چ کوڕ، تاوەکو تەمەنی دەگاتە چواردە ساڵ، زۆر ناشیرینە و دوای ئەو تەمەنە، ئەم منداڵە لەجوانی دا وەسف ناکرێ.

مەلا لە حزووری ئەم خەڵکە ناوی خوای لێ هێنا، هەڵۆ و ستی خانی لەیەك مارەکردن، چەند رۆژێ بەسەر مانەوەیان تێپەڕی، هەڵۆ دەستی ستی خانی گرت، بە تاڵان و برۆیەکی زۆرەوە بۆ ناو تیرەکەی گەڕایەوە.. خەڵکەکە بە دیتنی ئەو دیمەنە، واقیان وڕما، بەسەرسامیەوە پێشوازیەکی بێ وێنەیان لێکردو دەرهەق

بەم چالاكیە گەورەی كە نواندووە، سەرۆكی تیرەكەیان لەجێگەی زەند، هەڵۆ دەكاتە سوپاسالار.. ستی خان دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ دەقە،كوڕێكیان بوو ناویان لێنا( ئەمیر) چل ڕۆژ بەسەر لەدایك بوونی تێپەڕی، بۆ كۆكردنەوەی دەست و دیاری، ئەمیریان بەناو دیوەخان گێڕا، هەر بابا بوو دیاریەكی پێشكەش دەكرا، كە سرە گەیشتنە سوپاسالاری پێشوو، بەنەزاكەتەوە پەڕۆی سەر دەموچاوی ئەمیری هەڵدایەوە،بۆ نانەوەی ئاژاوە، ڕووی بەلای سەرۆكی تیرەكە و لەوەوە بۆلای خەڵكەكە وەرسووڕاند و وتی: هەمومان نكۆڵیمان لەجوانی و ڕێك و پێكی هەڵۆ نییە و ستی خانیش لە جوانی دا بیٚ هاوتایە، فەرموو سەیری ئەم منالەیان بكەن كە لەبیٚ نمودی و ناشیرینی دا بێزەوارە، بۆیە دەلێم ئەو منداڵە كوڕی هەڵۆ نییە،ئایا ئێوە ئەقڵتان ئەمە قبوڵ دەكات ؟

هەڵۆ لەبەر لۆمەی لۆمەكاران، ئامۆژگاریەكانی مام وەسمانی خەزوری لەبیر چووبۆوە، ئەمیری هێنایەوە ماڵ و یەكسەر بە ستی خانی وت: دەی هەر ئێستا خۆت بپێچەوە، سەفەرمان لەپێشە.

ستی خان هیچ شتێكی لەخۆی شك نەدەبرد، بەدەم زەردەخەنەیەكەوە گوتی: ئاخر بەم شەوە كەی وەختی سەفەرە ؟ بۆ كوێمان دەبەی ؟

هەڵۆ ئاگری لەناچەوان دەباری،مرچ و مۆن: من دەڵێم پرسیارم لێمەکە و تەواو.

پێیان هەڵێنا،کەوتنە ڕێ، کە نزیکی گوندی مام وەسمان بوونەوە، بەو شەوە و لەم چۆڵەوانییەدا، هەڵۆ ڕووی تێکرد و وتی: ستی خان ئەوا من ڕۆیشتم،جا لەبەر ئەوەی باوکت زۆر ڕێك و پێك و پیاوانەیە، دلم بەرایی نادات، دەستم ناچێ بتکوژم، ئەگەر بپرسی: لەسەر چی؟ ئەوا دەڵێم: ئەمیر بیژیە و لەمن نییە، بڕۆوە ماڵی باوکت، دەتبوورن، دەتکوژن، خۆیان و ویژدانی خۆیان.

ستی خان ئەوەندەی دەبەر پاڕایەوە ئەو کارەی لەگەڵ نەکات بەو شەوە بەجێیان نەهێڵێ و ئەو ئیشە لەو ناوەشێتەوە، سوێندی بۆ خوارد بەحەرامی دەستی لەدەستی کەس نەداوە، ئەفسووس هەڵۆ گوێی پێنەدا و گەڕایەوە.

ستی خان دۆش داما،چەند بیری لەو قسانە دەکردەوە، هێندەی دیکە کەف و کوڵی هەڵدەستا و گریانەکەی زیاد دەبوو، چەمپەرەی دەکرد. دەیگوت: ئەمە چۆن وایە؟ قەت ناچێتە ئەقڵەوە، چۆن گەمژەیی وادەکەم ببمە بنێشتە خۆشەی خەڵکی، ئاااای خوایەگیان، ئێستا بچمەوە ماڵی باوکم، بڵێم چی؟نازانم، هەرچیەکیان بۆ باسکەم، باوەرم پێناکەن.

دوای هزرکردنێکی قـوولّ و بـیٚ ئامـان، بڕیاریـدا ڕووبکاتـە تـیرەی مامۆك،ئیدی هەرچیەك بقەومیٚ، کەس و کارم ناتوانن پێبنێنە نێو ئەو دەڤەرە، بمدۆزنەوە، خۆ ئەگـەر بـۆ تالّـانیش بـێن، ئـەوە بـە شەو دێن و هیچ بەهیچ ناکەن.

ڕۆیشت، ڕۆیشت،گەیشـتە سـنووری ئـەو مەملەکەتـە، بەپرسـیارو هـــەوالّ، مـــالّی ســـەرۆکی تیرەکـــەی دۆزیـــەوە کـــە پیـــاوێکی بەتەمەنداچوو بوو، ناوی (زاری ) بوو، سـتی خـان بـەهۆی دووری ڕێگەوە قورگی وشك ببوو، بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا، ئاویان بـۆ هێنـا، بەیـەکبین هـەموو ئاوەکـەی خـواردەوە، خواردنیـان لەبەردەمی دانا، نانی خوارد.. پشووی حەسایەوە.

(زاری ) دلّی پیٚ سوتا، لەدەروونـەوە بـەخۆی وت: وادیـارە ئـەم ئافرەتە کارەساتێکی بەسەرهاتووە، وەئەگینە ڕووی نـە دەکـردە ئەم مەملەکەتە..کە لێیپرسی:کچم تۆ کێیت ؟ لەکوێوە هـاتووی و لەچی دەگەڕێی ؟

ستی خان ئاخێکی پربەسیەکانی هەلّکێشاو گوتی: بـڕوام پێبکـە نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم و چیت پێبلّێم؟

کە بەئەدەبەوە سەری هەلّبڕی، لەنووکەوە بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ گێڕاییەوە، (زاری ) بەسەربادانەوە وتی: ستی خان لەم سـاتەوە وابزانە تۆ کچی منی و منیش باپیرەی ئەو کوڕەم.

ساڵێ هات و سووڕایەوە، لەشەوێکی مانگە شـەودا، بـووە دەنـگ و هەڵاو گریـانی ژنـان، نەڕەیـەکی بـەرز لـەدوورەوە هـات، دەنگـی هەڵۆ بوو، پڕ بەگەرووی هاواری دەکرد:کێ خۆی بەپیاو دەزانێ با بێتە پێش.

لەم تیرە دا، خودی سوپاسالاریش نەیوێرا، نقـەی بکـات و خـۆی لەقەرەیدا، بۆیە هەڵۆ دیسان تاڵانێکی زۆری برد و چووەوە.

ستی خان بۆ بەیانی ڕووی کردە زاری و هەندێ پرسیاری ئاڕاستە کرد: مامە گیان ئەم تیرەیە چەند کەسە؟

زاری وتی: هەر هەزار کەسێك دەبێ.

ستی خان گـوتی: مـام دەتـوانی ڕێگـەم بـدەی سوپاسـالارت بـۆ دروست بکەم؟

زاری وتی: ئەگەر تۆ بتوانی ئەم کارە بکەیت، بـەڵێنبێ لـە جێـی خۆمت دانێم، بەڵام ئەمە چۆن ئەنجام دەدرێ؟

ستی خان بە هەڵپەیەکەوە گوتی: بۆ ئـەم کارە،پێویسـتیمان بـە پارەیەکی زۆر هەیە، تۆ بڕێ پارەم بۆ دابینکە، من وادەکـەم لـەو تیرانـەی دەوروبـەرمان خـەڵکانێك بـەکرێ بگـرم، ئیشـیان تـەنها مەشق کردن بێت بەخەڵکی ئێـرە، ئـەوجا لـەجیاتی سوپاسـالارێ بەدەیەها سوپاسالارت بۆ دروست دەکەم.

زاری بەدڵخۆشـیەوە وتـی: لـە ئێسـتاوە دەسـت بـەکار و لـە ئامادەباشی دابە و خەمی پارەت نەبێ، چەند دەڵێی، ئامادەیە.

ستی خـان کەوتـە گـەڕان لـەم تـیرە بـۆ ئـەو تـیرە، چـەند سـوار چـاکێکی باشـی دۆزیـەوە و هێنـانی، ئـەوانیش توانیـان لـەماوەی چەند مانگێکدا خەڵکێکی زۆری ئەم تیرەیە فێری هونـەری جـەنگ بکـەن، ئـەوانیش فێـری ژمارەیـەکی دیکـەیان کـرد، چـەند سـاڵ بەسەردا تێپەڕی، ئەمیر تەمەنی گەیشتە چواردە ساڵ، منداڵێکی تـابلێی جـوان و جـوامێر وچـاو نـەترس بـوو، هەمیشـە حـەزی لەپاڵـەوانێتی دەکـرد، بـەبریاری سـتی خـان لەلایـەن زاری کرایـە سەرۆکی تیرەی مامۆك.. شەوێ لەشـەوەکانی مـانگی حـوزەیران، ئـەمیر دەگـەل دایکـی دانیشـت بـوو، بـەدەم خواسـت و باسـی دونیـاوە، پرسـیار لـەدایکی دەکـا: دایـەگیان عەشـیرەتی شـێخە لەکوێیە ؟ من وا گوێبیست بوومە ئەوانە زەبر و زەنگی زۆریان لێ داوین.

ستی خان گوتی: کوڕم تۆ هێشتا منداڵی، ئێمە وەکو ئەم تیرەیە بۆ ئەم قۆناغە هەر هێندەمان پێدەکرێ بەرگری لـەخۆمان بکـەین نەهێڵین دوژمن زەفەرمان پێببا.

ئەمیر وتی: دایەگیان من تاوەکو گورزێك لەم تیرەیـە نەوەشـێنم، دڵم ئاو ناخواتەوە.

شــەوێکیان بــێ پرســی دایکــی، بــەخۆ و چــەند سوارچــاکێکی جەربــەزەوە، دوای چــەند شــەو و ڕۆژێ، لــە تــیرەی شــێخە نزیـك بوونەوە، کت و پـڕ بەسـەریان دادەدەن، وێـرای کوشـتنی چـەند پیاوێك لێیان، بە دەستکەوتێکی زۆرەوە دەگەڕێنەوە.

ئــەمیر بــەم کــردارەی نــاو و شــۆرەتێکی زۆری پەیــدا کــرد، کــە دەچوویە هەر شوێن و جێگەیێ، باس باسی ئەو بـوو.. هـەڵۆ بـەم ناوبانگیەی ئەمیر سەرسام بوو، لەبەرخۆیەوە دەیوت:

ئەوەی بیزانم، لـەتیرەی مـامۆك هـەرگیز سوارچـاکی وەهـا دلێـرو چاکیان نییە و ئەو ئەمیرەی باسی دەکەن، دەبێ لەتیرەیەکی تـر بێ.

ئەمیر چەند جـارێ بەسـەریانی دادا و تـیرەی شـێخە ژاوەژاویـان تێکــەوت، بەناچــاری کۆبوونــەوە، کەوتنــە ڕاوێــژ چــۆن پیلانــێ بدۆزنەوە ئەمیری پێ لـەناوی ببـەن،وتیان: واباشـە داوای مەیـدان لەئــەمیر بکــەین و لــەکاتی شــەڕەکەدا چــەند کچــێکی ئــاوایی بــەجوانترین شــێوە خۆیــان بگــۆڕن بــۆ ئــەوەی ئــەمیر چــاویانی پێکەوت، ئاگای لەو شـەڕە نـەمێنێ و ئێمـەش تـیرێ یـان ڕمێکـی لێدەین و لەکۆڵ دونیای بکەینەوە.

چــەند کچــێکی جوانیــان لــەنێو تیرەکــە هەڵبــژارد، کچــەکان ڕێـك خۆیان ئارایشت کرد، کچی هەڵۆ، یەکێك لەم کچانە بوو.

زەوییەکی تەختانیان بۆ ڕووبەڕوو بونەوە دەست نیشان کرد ، ئەمیر بەخۆ و چەند سوارێکەوە، هەلۆش لەگەل چەند سوارچاکێك هاتنە ناوەندی گۆرەپانەکە، ئەو گۆڕەپانەی کەوتبووە بەینی هەردوو تیرە.. کچەکان بەدەم گۆرانی وتن و چەپڵەلێدان بەرەولای ئەمیر چوون، ئەویش ڕووی کردە کچەکان، لەبەر تێڕامان لەجوانیاندا، ئاگای لەو شەڕە نەما، کچی هەلۆ وەکو لەیەکەم نیگا ئەڤینداری دەبێ، بەدەم دەنگێکی بەرزەوە هاواری کردێ: کوڕە ئەمیر ئاگات لەخۆبێ، لەدواوە بۆسەیان بۆ داناوی.
ئەمیر بەپەلە ڕووی خۆی سووڕاند و وەرگەڕایە سەریان، توانی بەسەریان زالبێ، کچەکەش چونکە کچی هەلۆ بوو،کەس نەیتوانی تفێکی لێدات و پێی بلێ: بەری دووچاوت برۆیە.
ئەوجارە بیریان لەپیلانێکی تر کردەوە، وتیان: ئەمیر گەنجێکی تازە هەلچووە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم سنورەی دوور بخەینەوە،هەمووما‌ن دەزانین هەموو هەینییێك دەچێتە ڕاوشکار، با مەلای گەورەمان بچێتە سەر ڕێی، دوای هێنانەوەی شێرێك لێرەو ڕێوییەك لەوێ، وێنەی کچی قاقانی چینی نیشاندات بزانین قەت بەم کارە لەخشتەی نابەین.
ڕۆژی هەینی داهات، مەلای گەورە لەچاوەڕوانی هاتنی دا وەستا، کاتێ ئەمیرو چەند یاساولێ بەو دەڤەرە تێپەڕین، مەلای گەورە

سڵاوی لێکردن، ئەمیر لەئەسپەکەی دابەزی و ڕێزێکی بێ پایانی لێگرت،پێکەوە لەسەر تاشەبەردێکی ناقۆڵا دانیشتن، کەوتنە وتووێژ، مەلای گەورە هەڵیدایێ: بەڕاستی من خەم دەخۆم تۆ لەو تەمەنە بویتەتە پاڵەوانێکی مەزن کە لەجوانیشدا کەم وێنەی، تا ژنت نەهێناوە، توخوا حەیف نییە کچی قاقانی چین ژنت نەبێ؟

ئەمیر لێی پرسی: باشە مامۆستا ئەم کچە چۆنە؟

مەلای گەورە وێنەی کچەکەی لە بەخەڵ دەرێنا و وتی: فەرموو ئەمە ئەو وێنەیە داویانەتە من، منیش بەدیاری پێشکەشتی دەکەم.

ئەمیر دیقەتی وێنەکەیدا،کەوتە بەردڵی،ئاشقی بوو،دەستی خستە باخەڵی و چەند لیرەیەکی پێدا و ڕاوەکەی بەتاڵ کردەوە،گەڕایەوە ماڵ، تا گەیشتەجێ، ئێستاش چاوی لەوێنەکە لانەدا: ئای خوایەگیان، دەبێ چین لەکوێبێ؟ هیچ چارەم نییە، ئەگەر لەوپەڕی دونیابێ، دەبێ بچمە چین و بە دیداری ئەو کچە شادبم.

بەخەمباریەوە بەدایکی وت: دایەگیان، ئەرێ وڵاتی چین لێرەوە زۆر دوورە؟

دایکی گوتی: کوڕم چما ئەو کچە ئەوها مەستی کردی لێ، ئەوەی بیزانم، دەڵێن: چین بە ولاخ ڕێگەی دوو تا سێ هەفتە

دووره، کورِم لەتیرەکەمان کچی نازدار هەیە، بۆچی نایەی ژنت بۆ بێنم؟

ئەمیر وتی: دایکە،برِیارێکە و داومە، لەکچی قاقانی چین زێتر، کەسی ترم ناوێ و لە بەیانیەوە سەفەر دەکەم و دەبێ رِێم پێبدەی برِۆم.

دایکی گوتی: دەزانم قسەیەك بکەیت لێی ژێوان نابیەوە، کە وتت دەرِۆم، ئەوە دەرِۆیی و بەکەس زەفت نابی، حەز دەکەم بەتەنیا نەرِۆی، چەندسوار چاکێك و پارەێکی باش دەگەڵ خۆت ببە.

ئەمیر وتی: بۆ هەڵگرتنی پارەکە، ئەوەیان قەینا،بەڵام کەس لەگەڵ خۆم نابەم.

بەیانی ماڵئاوایی لەدایکی کرد و رِۆیشت، قۆناغێکی زۆری برِی ، گەیشتە شارێکی گەورە،پێشتر شتی وای نەدیبوو، سەیری بە بازارِ و دۆخی ئەو خەڵکە دەهات، مات و مەلوول و بێزار دیاربوون، لایدایە دووکانێك، هێندێ وردەواڵەی کرِی،بە هەڵپەیێکەوە پرسیاری کرد:ئەرێ لەم مەملەکەتە شوێنی حەسانەوە هەیە؟

دوکاندارەکە وتی: ئا، لەم شارەدا سێ جۆر میوانخانە هەیە.

ئەمیر بەتەوسەوەپرسی: جا میوانخانە چییە ؟

دوکاندارەکـە دایـەقاقای پێکـەنین و وتـی:  میوانخانـە شـوێنی خەوتن و حەسانەوەیە.

کە دەستی بۆ ئاپارتمانێکی چەند نهۆمی درێژکرد: ئەوە یـەك لـەو ئوتێلانەیە کە تۆ لێی دەپرسی.

ئەمیر ڕۆیی، چووە میوانخانەکە و ژوورێکی بـەکرێ گـرت، لەسـەر تەختەکە ڕاکشا،سەرخەوێکی شکاند،ئەوجاخۆی گەیانـدە خـودان ئوتێلەکـە و (دە)لـیرەی پێـدا بەرامبـەر ئەوپرسـیارانەی لێـی دەکات، بە ڕەوانی و بێ پێچ و پەنا، وەڵامی بداتەوە، ئـەویش بـە خۆشحاڵیەوە سەری بۆ لەقاند کە دروست وەڵامی بداتەوە.

ئـەمیر تێهەڵچـوو، دەسـتی بەپرسـیارەکانی کـرد:  ئێـرە وڵـاتی چینە؟

– بەڵێ خۆیەتی.

+ پادشای ئەم وڵاتە  هیچ کچی هەیە ؟

– بەڵێ کچـێکی هەیـە،تابڵێی شـۆخ وشـەنگ و جـوانی ئـەوها لـە دونیادا نـەبووە، لەسـەر ئـەم فریشـتەیە چـەندین پیـاو بەکوشـت چووە .چۆن؟ پیاوێك هەیە پێی دەڵێن: قولی زەنـگ، خـانووێکی لە ڕۆخی دەریا هەیە، ئەم قولە داوای کچی پادشـا دەکات،پادشـا هەفتانە چـوارپێنج زەلامـی بـۆ دەنێـرێ بیگـرن، لـێ  دەرەقـەتی

نابیەن،ئەوەی پەلاماری دەدات، لەچنگی قورتار نابێ، دەیکوژێ، دەڵێ: دەبێ کچی پادشا بۆمنبێ.
+ باشە پیاوانی پادشا کەنگێن لەگەڵ ئەم قولە بە شەڕ دێن؟
– ڕەنگە لەم چەند ڕۆژە بەرەنگاری یەك ببنەوە، پادشا،دەڵێ: هەرکەسێ قولەم بۆ بکوژێ، کچەکەمی دەدەمێ و دەیکەمە زاوای خۆم.
ئەمیر ئەم چەند ڕۆژە، گەلێ شوێن گەڕا، ئاشنایی بەزۆر شت پەیدا کرد،لە سێیەم ڕۆژ، کاتێك چەند پیاوێکی پادشا دەڕۆن قولی زەنگ بگرن، ئەمیر پێشیان لێدەگرێ: بێ زەحمەت ئێوە لێرە بوەستن من دەچم شەڕی قولی زەنگ دەکەم، ئەگەر منی کوشت، دوای من ئێوە بڕۆنە گیانی و قۆڵبەستیکەن.
بەهێواشی چووە نزیکی خانووەکەی قولی زەنگ، هاواری کردێ: هێێێێێی، کابرا وەرە دەرەوە.
قولی زەنگ لەخانووەکە هاتە دەر، نۆڕی ئەوە گەنجێکی مێرد منداڵ داوای مەیدانی لێدەکا ،پێکەنی، بەگاڵتەکردنەوە وتی: ئەی منداڵکارە و هەرزەکار، پێدەچێ پادشا پیاوی نەمابێ، بۆیە تۆی ناردووە !
ئەمیر بەرك و کینەوە وتی: پێم مەڵێ: منداڵ، وەرە پێش، خۆت تاقی بکەوە،بزانە منداڵم.

ڕوو بەڕووی یـەك بوونـەوە، پـەلاماری یـەکیان دا ،لەململانێیـەکی توندو دژواردا، لەبەیانیـەوە تـا دەمـەدەمی ئێـوارە، ئـەم ئـەوی بەعەرد دائەدا و ئەو ئەوی بەعەرد دەدا، سەر ەنجام ئەمیر تـوانی بیکـوژێ و کەللەسـەری لەجەسـتەی جیاکاتەوە،ئـەوجا بەلەشـی ونجر ونجرەوە گەڕایەوە میوانخانە و هەواڵی کوژرانی قولی زەنـگ گەیشـتە پادشـا کـە مێردمنـداڵێ ئـەم جوامێریـەی نواندووە،بـە پاسەوانەکانی ناردییە دوای، بۆ ئەوەی خەڵاتیکا.

ئەمیر پێیانی وت: ئەگەر پادشا ئیشی هەیە، ئەوە خۆی دەتوانێ بێتە ئێرە.

پاسـەوانەکان گەرانـەوە کۆشـك و ئـەوەی گـوێ بیسـت بـوون، هەموویان بۆ پادشا گێڕایـەوە، پادشـا سەرسـام بـوو، وتـی: مـن پادشام، چۆن دەبێ بچمەلای پیاوێ کەس نازانی کێیە و ئەسل و فەسلی چییە؟

وەزیری دەستەڕاست بەئارامیەوە، وتی: پادشامان تەمەن درێژ و پایەداربێ،ئەگـەر لـێم قبوڵکـەی، هـەق نییـە بـەم شـێوەیە بـیر بکەیتەوە،چونکە باش دەزانی ئەوەنـدەی هەوڵمانـدا، دەرەقـەتی قولی زەنگ نەهاتین، کەچی ئـەم پیـاوە تـوانی بیکـوژێ، جـا بـۆ ئەوەی ئەویش لێمان بەڕقدانەچێ،پێمباشە بچینەلای.

پادشا سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند و لەگەڵ چەند وەزیرێ، چوونە لای ، ئـەمیر بەگەرمیـەوە پێشـوازی کـردن، کەللەسـەری قـولی زەنگـی لەسـەر مێزێکـی نێـو ژورەکـە دانـابوو، تـاوێ بەیەکـەوە دانیشـتن، پادشـا بەخۆشـحاڵیەوە داوەتـی کـاخی کـرد، ئـەویش داوەتەکەی قبوڵ کرد.

کچـی پادشـا بەبیسـتنی ئـەم هەواڵـە حـەجمانی لەبـەربڕا، زۆر تامـەزرۆبوو هەرچـی زووە چـاوی بـەم گەنجـە بکـەوێ، بزانـێ چ تەرحە پیاوێکە ئـەم قولـەی کوشـتوە، بۆیـە ئـەوان کـە لـەهۆڵی میوانداری دادەنیشن، کچی پادشا ئـۆقرە نـاگرێ ،دێتـە هۆڵەکـەو بەخێرهاتنی ئەمیردەکات و دەگەڕێتەوە، هـەردووکیان لـە یەکـەم نیگـادا ئاشـقی یەکدی دەبـن.. کچـەکە دەچـێتە ژووری دایکـی و بەپارانەوە خۆی دەخیلی دەکات: دایـەگیان ئەگـەر لـەو گەنجـەم مارەم نەکەن، خۆم دەکوژم، دایکیشی دەزانی کچەکەی سـەرەڕۆ و تـازە هەڵچـووە، قسـەیك بیکا،دەیباتـە سـەر، بۆیـە دایکـی لـە نهۆمی سەرەوە دابەزی و بەئیشارەت بانگی پادشای کرد.

پادشا ڕوخسـەتی خواسـت، چـووەلای: هـاااا ئـافرەت، چـیبووە؟ خێرە بانگت کردم؟

ئەویش بەنەرم و نیانییەوە زمانی هێناییە گۆ: پیاوەکە تا حـەیا و ئابرومان نەچووە، دەبێ وابکەی کچـەکەت لـەو پیـاوە مارەکـەی،

دیـاره بـه چـاو پێکـەوتنی ئـەو گەنجـە یەکسـەر ئاشـقی بـووە و هەڕەشـە دەکـا، دەڵـێ: ئەگـەر لـەو پیـاوەم مـارە نەکـەن، خـۆم دەکوژم.
پادشا وتی : دایکی ئەم گەنجـە سـەرۆکی تیرەییـەکی گەورەیـە و خاوەن دەسـەڵاتە،منیش وای دەخوێنمـەوە کـوڕێکی قـۆز و ڕێـك وپێکە، ڕەنگە پیاوی لەو باشترمان دەست نەکەوێ.
پادشـا هاتـەوە نێـو مەجلیسـەکە، وەزیـری دەسـتە ڕاسـت وتـی: پایەدار بێ پادشامان، تۆ کاتی خۆی بڕیارت دابوو هەر کەسێ ئەو قارەمانیە بنوێنێ، ئەوا بیکەی بـەزاوای خـۆت یـان بـە پارەیـەکی باش خەڵاتی بکەی.
پادشا وتـی: ئەم کـارەی ئـەمیر کـردی، زۆر لـە پـارە گـرینگترە، بۆیە ئەگەر ڕازیبێ، هەر ئێستا کچەکەمی لێ مارەدەکەم.
لەیەکیان مارەکردن، ژووریـان بـۆ لەکۆشـکی پادشـا ڕازانـدەوە..
شـەو ئـەمیر چـووە ئـەو جێگـەی کچـی پادشـای لـێ بوو،تـاوێ لەجوانی کچەکە ڕاما، بەیەکەوە تـاوەکو درەنگـی وەخـت، قسـەو باسی خۆش خـۆش بۆیـەك دەکـەن کـە خـەو بـەرۆکیان دەگـرێ، دەخەون.

بەیانی کچەکە دەچێتە لای دایکی، بە خەمباریەوە پێی دەڵێ:

دایەگیان چ پێناچێ ئەمیر پیاوبێ، ئەم شەو نزیکم نەکەوتووە و شمشێریشی لەبەینمان داناوە.

دایکی بەپێکەنینەوە وتی: کچم،ئاخر ئەو کورە سوپاسالارە، رەنگە نەفسی نەهێنێ لەماڵێ خەزووری هیچ شتێ بکات.

پادشای ئەو مەملەکەتە حەوت شەو و حەوت رۆژ زەماوەندی بۆ گێران، ئەمیر چەند مانگێ لەو شوێنە مایەوە، رۆژێکیان هەواڵیاندایە پادشا کە هێزێکی گەورەو زەبەلاح ئابلوقەی شاریان داوە.

ئەمیر وتی: ئەم شتە بۆمن لێگەرێ.

بەهێمنی چووەوە ژوورەکەی خۆی،خۆی گۆری بچێتە لایان، بزانێ چیان دەوێ، پادشا هاتە گۆرەپان و کەوتە پیاسە، دەچووە ئەم سەر و دەهاتەوە، بیری لە ترسناکی ئەو کێشەیە دەکردەوە، دوو ردێن سپی هێدی هێدی بەرەو کۆشکەکە هاتن، گەیشتنەپادشا و هەر بەپێوە وتیان: ئێمە تیرەی شێخەو مامۆکین، پیاوێکمان کە سوپاسالارە هاتۆتە ئێرە تائێستا بێسەرو شوێنە، هی چ هەواڵێکی نازانین بۆیەش هاتووین، تاوەکو چارەنووسی ئەو کەسەمان پێبلێن، وەئەگینە....

پادشا بەدەم بزەیەکی دەستکردەوە وتی: ئەو سوپاسالارەی ئێوە باسی دەکەن ناوی چییە؟

وتیان: ئەمیری ناوە.

پادشا وتی: ئەمیر زاوای منە و وا لێرەیە، جارێ باکاروانتان بێتە ناو شار، دەزانم لەکوێوە هاتوون؟ دەزانم ڕێگایەکی زۆرتان بڕیوە و زۆریش ماندوون.

کاروان هاتە نێو کۆشك.. ئەمیر لەتەك پادشا وەستا، وەکو تەماشایانی کرد، ئەوەی ناسیەوە، تەنها دایك و باپیرەی بوو، بەپیریانەوە چوو، باوەشیان لەیەکدا و فرمێسکی شادییان داباراند.. ئەمیر بەهەڵپەیەکەوە رووی کردە دایکی: دایەگیان ئەرێ ئەم پیاوەی تەنیشتت کێیە؟ بۆ نایناسم؟

ستی خان گوتی: کوڕم ئەوە هەلۆی شێخەییە و باوکتە.

ئەوجا کەوتە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی خۆی لەگەڵ هەلۆدا.. ئەمیر بەرامبەر بەکردەوەکانی باوکی دڵتەنگ بوو بەڵام بەسەرخۆی نەهێنا، ئەو شەوە لەوێ مانەوە، بەیانی بەرەو مەملەکەتی خۆیان کەوتنە رێ ، چەند شەو و ڕۆژێك بەڕێوەبوون، یەك لەو شەوانە تاوەکو درەنگەوەخت ئەمیر لەگەل دایك و باوکی دانیشت. کە چوە ژێر ئەو ڕەشماڵەی بۆ خۆی و خێزانەکەی

هەڵدابوو، لەدڵەوە  وتی:  خۆ من لەمێژە لەبەر سەرقاڵی و پڕ ئیشم، بەتەواوی لەسەر و سیمای جوانی ئەو ئافرەتە رانەماوم.

سەیری کرد ئەوە خێزانەکەی خەوتووە و ملوانکەیەکی یاقووتی دەنکوردی جوانی لە گەردنە و وەکو تروسکەی خۆر دەدرەوشێتەوە، بەهێواشی دەستی گەیاندێ و ملوانکەکەی لە گەردن کردەوە، وتی:  با ئەو ملوانکەیە ببەمە بەر ڕووناکی ئەو مانگە شەوە، سەیرێکی بکەم، بەڕاستی شتێکی نایابە.

ملوانکەکەی برد، لەبەر رووناکی ئەو مانگە شەوەدا خستە نێو لەپی دەستی،ڕایگرت. کەوتە دیقەتگرتن و تێڕامان، کاتێکی زانی باڵندەیەك لەئاسمانەوە بۆی دابەزی و دەنوکی لەملوانکەکە گیر کرد، بۆ ئاسمان برز بۆوە.

ئەمیر کەوتە دوای، لەم دار بۆ ئەو دار، نەیتوانی بیگرێ و ملوانکەکەی لێسەنێ..باڵندەکە چووە سەر دەریا و بەرەو ئەوبەر پەڕیەوە.. خەم ئەمیری داگرت، سەرەڕای ئەوەی پارە و پولێکی وای پێنەبوو، گەڕا، بەلێواری دەریاکەوە بەندەرێکی دیتەوە گەمییەك لەم سەر ڕۆیشتن بوو، پرسیاری کرد: ئەرێ  بەچەند بۆ ئەم بەرم دەبەن؟

وتیان: بە پێنج لیرە.

ئەمیر وتی: من هیچم پێ نییە، چارم  چییە؟

وتیان: ئەگەر کۆڵکێشی دەکەی، ئەوە  بەبەر کرێکەی دادەنێین.
ئەمیر تاپەڕیەوە ئەوبەری دەریاکە،  لەناو گەمی یەکەدا بارکێشی بۆ کردن.. کە دابەزی و نۆڕی ئەوا شارێکی گەورە هەیە، لەچاو گێران بەدوای باڵندەکە نەکەوت.. بڕیاری دا هەتا ملوانکەکە نەدۆزێتەوە، نەگەڕێتەوە چونکە گومانی هەبوو ڕەنگە خێزانەکەی بە ونبوونی  باوەڕنەکا بەم ڕەنگ و بۆییە باڵندەیێك ملوانکەکەی لێڕفاندووە.
پیاوانی ئەم شارە لەدوای کەسێك دەگەران بیکەنە بەرازەوانی پادشا.. ئەمیرلەبێ پارەیی، ڕەزامەندی خۆی دەربڕی، ڕۆژانە بەرازەکانی دەبردە لەوەڕی ناو دارو دەوەنی ئەو دەوروبەرە و بە بەردەوامی لەتاقیبی دۆزینەوەی هێلانەی ئەم باڵندەیە بوو.
ڕۆژێکیان ئەمیر بۆ پشوودان، لەبن دارێك ڕاکشابوو، بیری لە مەرگەسات و کولەمەرگی خۆی دەکردەوە، بەڕێکەوت سەری هەڵبڕی، بینی ئەوا ملوانکەکەی لەناو هێلانەکەیە، بەکەیفسازیەوە بە دارەکە هەڵزنا، ملوانکەکەی هێنایە خوار، محەلی شێوان بوو، بەرازەکانی هێنایەوە، چووە حزووری پادشای ئەو شارە و وتی: گەورەم، ئەگەر لێم قبووڵ بکەن، من چیدیکە بەرازەوانی ناکەم.
پادشا ناڕەزایی دەرنەبڕی، بەڵام کچی پادشا وتی:مادامەکێ هەر دەڕۆی، دەبێ سواری پشتتبم، ئەوجا بڕۆی.

ئەمیر بەشڵەژاویەوە وتی: ئاخر نابێ، ناکرێ.
پادشا وتی: نابێ قسەی کچەکەم بشکێنی، دەی پشتی خۆتی بۆ ڕاگرە، با بێتە سەر پشتت.
ئەمیر ئاخێکی ساردی هەڵکێشا، لەجێوە بەچۆك داهات و کچی پادشاش سواری پشتی بوو، بێن و بەردەی زۆری پێکرد، کە چاوی بەو ملوانکەی ناو باخەڵی کەوت، گوتی: ئەو ملوانکەیە هی منە.
بەتۆمەتی دزی کردن، ئەمیری خستە بەندیخانە،لەولاوە کاتێ خێزانی ئەمیر لەخەو هەڵدەستێ و چاو دەگێڕێ ملوانکەی ملی دیار نییە، نەئەمیر، یەکسەر تێگەیشت کەر بەشوێن ملوانکەکەیدا ڕۆیشتووە،ئەویش جل و بەرگەکەی ئەمیری لەبەرکرد و بەهێواشی ئەو سنوورەی جێهێشت و ڕۆیشت، کەوتە گەڕان و سووڕان، گەیشتە کەناری دەریا، بینی ئەوە گەمی دەربەندەکە خەریکە دەڕوات، سواری گەمیەکە دەبێت و دەپەڕێتەوە،دادەبەزێ، کە شەوی بەسەردادێ، دەچێتە ماڵی پادشا، دەڵێ: من کوڕی پادشای چینم .
بەو قسەیە ڕێزیکی بێ پایانی دەگرن، لەگەڵ پادشا بەیەکەوە تا وەختێانێکی درەنگ، دادەنیشن.. کچی پادشا کەچاوی پێ دەکەوێ گەنجێکە تا بڵێی قیت وقۆز،ئاشقی دەبێ و بەدایکی

دەڵێ:هۆۆۆ دایەگیان، ئەگەر ئەمشەو لەو گەنجەم مارە نەکەن، ئابروتان دەبەم، دەچمە ژووری خەوتنی.
دایکی بەناچاری پادشای لێ ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش بۆ بەجێگەیاندنی مەرامی کچەکەی، ڕوو دەکاتە ژنی ئەمیر کە نازانێ ژنە، پێی گوت: برا، بۆ نایەی دامە بکەین لەسەر دڵخواز،ئەگەر تۆ بردتەوە، داوای چی دەکەی، بۆتی جێ بەجێ دەکەم.
ژنی ئەمیر لەگەڵیدا دەکەویتە دامە کردن و پادشا بە ئەنقەست خۆی دەدۆڕێنێ .ئەوجا دەڵێ: بردتەوە، کچەکەمت پیرۆز بێ.
هەر ئەو شەوە لەیەکیان مارە دەکەن و ژووریان بۆ دەڕازێنێتەوە، شەوێ بۆ سەرجێیی، ژنی ئەمیر شمشێرەکەی لە کالان دەردێنێ، وەکو ئەمیر لە بەینی خۆیانی دادەنێ.
کچی پادشا بەیانی جوان خۆی دەڕازینێتەوە و ملوانکەکەش دەکاتە گەردنی ..ژنی ئەمیر کەچاوی بەملوانکەکە دەکەوێ، دەیناسێتەوە، دەڵێ: ئەو ملوانکەت لەکوێ بوو؟
گوتی: هی دایکمە و داوییەتە من.
ژنی ئەمیر شمشێرەکەی هەڵدەکێشی و لەسەر ملی دادەنێ: بەڕاست پێم بڵێ: ئەو ملوانکە هی کێیە ؟
ئەویش بەترس ولەرزەوە گوتی: وەللاهی، ئەو ملوانکە هی بەرازەوانەکەمانە، ئێستا لەبەندیخانەم قایم کردووە.

ژنی ئەمیر بە تەنیا چووە بەندیخانە و کەپیٚ دەنیٚتە ژوورەوە، تەماشا دەکات ئەوە ئەمیرە، ئامیٚز بۆ یەك دەکەنەوە،هەر ئەو کاتە ئەمیر لە بەندیخانە دەردیٚنیٚ و فەرمان دەدا گەرماوی بۆ سازدەن.

ئەمیر جوان خۆی شووشت،پیٚش ئەوەی جلەکانی بەری خۆی بداتیٚ،دەچیٚتە بازاڕ، جلیٚکی ژنانە بۆ خۆی دەکڕیٚت و ڕیٚ و ڕیٚ دەگەڕیٚنەوە ..بەمەش ئەمیر دەبیٚتە سەرۆکی هەردوو تیرەی شیٚخەو مامۆك کەبە دریژایی رۆژگار هەردوو تیرەکە داوای ژن و ژن خوازیەکی زۆر لەگەلٚ یەکتردا ،خۆیان لە تیرەیەکی گەورە دۆزییەوە؟

★ ★ ★

## جامی زرینگەدار

نەنکم گوتی: کوڕینە، وەرن ڕینیشن با سەربووردەیەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە، ها چی دەڵێن؟

وتمان: نەنەگیان، سەربووردەکانی تۆ، لە هەنگوینێ خۆشترن، دەبۆمان باس کە.

نەنە گوتی: دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، پادشایەك دوو ژنی هەبوون(مەنیج و نازە) ، مەنیج سکی هەبوو، لەسەرو بەندی منداڵ بوونیدا، نازە بەدزیەوە بانگی مامانەکە دەکات و تەماحێکی زۆری دەداتێ ئەگەر هەوێکەی کوڕی بوو، کوڕەکەی بۆ بێنی.

مەنیج دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە، خودا کوڕێکی پێبەخشین ..مامانەکە ناوکی منداڵەکە دەبڕێ و لە پەڕۆیەکی لوولدەدا، دەیباتە لای نازە، ئەویش لەهەمبەردا، پارە و پوول و زێڕ و زەبەنێکی باشی دەداتێ .

نازە بەپەلە تا کەس نەیبینێ، منداڵەکە دەخاتە سندوقێك و بە دەریای دادەدا، ئەوجا توتکە سەگێك دێنێ، دەیباتە لای پادشا، بەزەردەخەنەیەکەوە: دەڵێت پادشامان سەرفرازبێ، فەرموو سەیری ئەم بەچکە سەگە بکە، ئەوە مەنیجەکەت لەجیاتی منداڵ، توتکی بووە، تووتکی بۆت هێناوەتە دنیا.

پادشا ڕوخساری ڕەش داگەڕا و دەهری بوو، بەڕەق و توڕەیـەکی زۆرەوە فەرمانیدا بەند بکرێ، مەنیج هێشتا لەسـەرجێ کـەوتبوو، بە جێوە هەڵیانگرت، خستیانە کونجی بەندیخانە.

شــەپۆڵی ئاوەکـە سـندووقەکەی پێشـدا، هــەتا لــە دورگەیەکـدا لەنگـەری پێگـرت، کچـێك هەڵیگرتـەوە، بـەخێوی کـرد تـا گـەورە بوو..ڕۆژێکیـان گـورگێکی نێـو دوڕگەکـە، بەچـکە جنۆکەیـەکی بەدەمـەوە بـوو، لـەو دەوروبـەرە ڕایـدەکرد، کوڕەکـە لێـی هاتـە دەست و بەچکەکەی لێسەند و بۆ پادشای جنۆکانی بردەوە.

پاشای جنۆکان پێیوت: ناوت چییە؟

کوڕەکە وتی: هەڵمەتە.

پادشای جنۆکان وتی: هەڵمەت گیان بخوازە ماڵی دنیا.

هەڵمەت وتی: هیچم لێـت نـاوێ تـەنها لـەم دورگەیـەم قوتارکـە و بمگەیەنە ئەو شارەی تیایدا لە دایك بوومە

پادشای جنۆکان ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، وتـی: خۆزگـە حـەوت سـاڵی دیکـە گـورگ بەچـکەکانمی ببردایــە و بیخواردایە.بــەس ئەوداوایەت نەکردایە.ئیستاش قسەیەکە و کردم، قسـەیەك بکـەم، لێی پەشیمان نابمەوە.

ناردیـە دوای ئەسپەشـێی باڵـدار، کـە ئەسـپەکە هـات، پێـی وت: فەرمووو سواری ئەم ئەسپە باڵدارەبە، لە هەر کوێیەك چۆكی دادا، لەوێ پتر نەڕۆی، تا پشوویەك دەدەن.

هەڵمەت سواری پشتی بـوو، ئەسـپەکە لەشـەقەی باڵیـدا، بەسـەر دەریا فڕی تا نزیکی ئـەو شـارە بـووەوە کـە تێیـدا لـەدایك ببـوو، لەقەراغیـدا، مێرگـێ، کانیـاوێ هـەبوو، ئەسـپەکە چـۆكی دادا، ئەویش دابەزی بۆ ئەوەی پشویەك بدات، نازەمـەکرۆ کـاتی خـۆی ئـەوی کردبـووە نـاو سـندووقەکە و هەڵیدایـە دەریـا، کـە سـەری هـەڵبڕی، ئەسـپێکی باڵـدار و کـوڕێکی بینـی ئـەوە لەتـەك یەکدا خەوتوون، بەهێواشی لێیان چووە پێش، بەوردی لەکوڕەکە ڕاما و لەدەروونەوە بەخۆی وت: ئەمە چییە؟ ئەم کوڕە چەند بەپادشای مێردم دەچـێ، هـەبێ و نـەبێ ئـەو کوڕەیـە کـاتی خـۆی خسـتمە سندووق و بـەئاوی دەریـام دادا تـاوەکو بفـەوتێ و نـەمێنێ، ئـای خوایەگیان دەبێ ئەو مـاوە دوور و درێـژە لـەکوێ بـووبێ؟ چـۆنە نەمردووە؟ئەی کێ گەیاندوویەتیە ئێرە؟.

ڕووی وەرچـەرخاند، پێـی هـەڵێنا و گەڕایـەوە کـاخ، پیرەژنێکـی ڕاسپارد، پێـی وت: کوڕێـك لەتـەك کانیـاوی ئـەو مێرگـە ڕاکشـاوە بزانـە قـەت بەقسـەی خـۆش فریـوی نـادەی، وایلێبکـەی جـامی زرینگەدارم بۆ بێنێ.

پیرەژنـــی پشـــت قـــەمبوور، بـــە کوورِەکـــوورِ خـــۆی گەیانـــدە لای هەڵمەت و وتی: ڕۆڵەگیان منی کتارۆ، لەم شـارەدا بـیٚ دەرەتـان، کەسم نییە خزمەتمکا و ئاگـای لیٚمبـیٚ، وەکـو دەڕوانم و لیٚـت ورد دەبمەوە، تۆ لەکەسیٚکی زیرەك وئاقڵ دەچی، بۆیە دەبـیٚ بەهـەر جۆریٚ بیٚ، جامی زرینگەدارم بۆ بینی، توخوا چـوومەتە سـاڵەوە، دڵم ناسك بووە، دڵم مەشکیٚنە.

کورِەکە پیٚی وت: وەی بەسەرچاو دایە نەنە..بـەس ئـەو جامـە زرینگەدارە لە کویٚیە، تاوەکو بچم بۆتی بیٚنم؟

پیرەژنەکە بەکزۆڵیەوە وتی: بلـیٚم چـی؟ گویٚبیسـت بوومـە،دەڵیٚن جامی زرینگەدار تەنها لەشیوی دیٚوانە.

کورِەکە وتی: خەمت نـەبیٚ، ئـەو جامـە لـەو پـەرِی دونیاشـدابیٚ، بۆتی پەیدا دەکەم و بۆتی دیٚنم .

سواری ئەسپی باڵـدار بـوو، لـە ڕیٚـی خـۆی دوو تورەگـە بـارووتی بەرچاو کەوت، تورەگەکانی لەپشت ئەسـپەکە بـارکرد ..ڕۆیشـت، ڕۆیشت، گەیشتە جامەکـە کـە چـواردەوری هـەموو خـواردن بـوو، کورِەکە دەستی بۆ برد، ئەسپەکە حیلاندی، وتـی: نەکەی دەستی لیٚدەی، توخنی مەکەوە .

هەڵمەت دەستی کیٚشاوە، لەناکاو ئەوەنـدەیان زانـی ئـەوناوە پـرِ بـوو لـە دیٚـوی گـەورە گـەورە، ئـەویش توورەگـە بارووتـەکانی

کردەوە، هەڵیڕشت، ئاگری تێبەردا، هەموو دێوەکانی سوتاند و بەخۆ و جامەکە هاتەوە ...لەسەر ڕێی خۆی چاوی بە باوکی کەوت، هیچیان یەکتریان نەدەناسی..پادشای باوکی پێی وت: وەرە لام، میوان بە.

ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی: جا ئەگەر پێمان ڕازیبی، بۆ میوان نابم؟

بەیەکەوە چوونە کۆشك و نازەی ئۆینباز کە هەڵمەتی بینی، ترسی لێ نیشت.کاتێکیش مەنیجی دایکی دەیبینێ، یەکسەر هەستی بۆ دەجووڵێ و دەیناسێتەوە، لە دەرفەتێکدا حارو مەسەلەی خۆی بۆ باس دەکات.. بەیەك شاد دەبنەوە، پێکەوە دادەنیشن، دایکی وتی: کوڕە شیرینەکەم بڕۆ باوکت داوەتکە و منیش چێشتەکە لێ دەنێم.

لە نزیك مێرگەکەدا چل قاپ و چل کەوچك دادەنێ، مەنیج خۆی خواردنەکە دەکاتە قاپەکان، جگە لەو قاپەی بەردەمی پاشا، دواجار هەندێ ئێسك و پرووسك دەمینێتەوە، دەیهێنێ و دەیخاتە ناو قاپەکەی بەردەمی.

پادشا پتت لێبدابا، دەتەقی.. بەڕقەوە لە ژنەکەی ڕاخوری، وتی: هەی بێ مێشك ئەوە چییە بۆمنت داناوە ؟بۆ من سەگم؟

ژنەکەی هاتە گۆ: هیچ بەدوری مەزانە سەگبی.

پادشه لێی ڕاست بۆوه لێیدات، مەنیج وتی: تۆ ئەگەر سەگ نەبی،ئەی چۆن تووله سەگت بوو؟

ئەوجا دەستی بۆ کوڕەکەی درێژکرد و گوتی: ئەو کوڕەی وا دەیبینی داوەتی کردووی، ئەوە کوڕی من و کوڕی تۆیە .

پادشا چاوی ئەبڵەق بوو، فرمێسك لەچاوانیدا فوارەی بەست و ژنەکەشی لە نووکەوە سەر گوزشتەی منداڵبوونی خۆی و بردنی منداڵەکەی بۆ گێڕایەوە.

ئەویش نازەمەکرۆی بەڕەڵا کرد و ئەوانیش پێك شاد بوونەوە.

❊ ❊ ❊

# ئەحمەد قازەوان و وەزیری شەلە

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، پادشایەك هەبوو، سێ ژنی هەبوون، بەڵام منداڵی نەدەبوو، یانی وارکۆ بوو، زۆر خەفەتی دەخوارد.

ڕۆژێکیان دێوێك خۆی لەسەر شێوەی پیرەمێردێ نیشاندا و چووە لای، لێی پرسی: گەورەم ئەوە خێرە دیوەخانت ساردە؟

پادشا بەهەڵپەیەکەوە پێی وت: نازانم بڵێم چی؟

پیرەمێردەکە هەمیسان پرسی: ئەی باشە کەس و کارت نییە؟

پادشا بەو پرسیارانە قەڵس بوو، بەلاقرتێوە وتی: دار و بەردی ئەو مەملەکەتە هەمووی هی منە، بەڵام.......

کە وتی: ئەی منداڵت نی یە؟

وتی: دەست لە کاری خوا نادرێ، لەکاتێك دا سێ ژنم هەیە و کەچی یەك زارۆکم نینە.

پیرەمێردەکە وتی: دەباشە نزات بۆ دەکەم بەڵکو ئەوە خوایە منداڵتان پێ ببەخشێ.

پادشا حەپەسا: جا ئەمە چۆن دەبێ؟

پیرەمێردەکە دەستی خستە باخەڵی، دوو سێوی دەرکردن، هەردوو سێوی کردە دوو لەت و وتی: فەرموو ئەم سێوانە بگرە، خۆت و هاوسەرەکانت هەریەکەتان لەتێکی لێ بخۆن، دواتر بچووە

لایان، ئەوە خوایە، بەگەورەی خۆی رەحمتان پیّ بکا و منـدالّتان بداتیّ ، بەلاّم لە ئێستاوە دەبیّ بەلێنم پێبدەی ئەگەر کوڕتان بوو، لەو کوڕانە یەکێکیانم بدەیتیّ.

پادشا کەمیّ داما، ئەوجا وتی: باشە بەسەرچاو، بەلاّم کەی ؟

ئەویش وتی: ئەوکاتەی نیسکتان لێنا.

پیرەمێردەکە ڕۆیشت..پادشا لەتە سێوەکەی خۆی خوارد و سەرو لەتێکیشی بەژنەکانیدا...هێندەی بەسەردا ناسوڕایەوە، هەرسیّ ژنەکەی سك پەیدا دەکەن، دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە، هەر هەمویان منداڵیان بوو..منداڵەکان وردە وردە گەورە بوون، ژنی گەورە وتی: من لەژیانمدا نیسك لێنانێم.

پادشا زۆری حەزی دەچێتە نیسك و کاتیّ ژنی گەورە نیسکەکەی بۆ لیّ دەنیّ، پیرەمێردەکە دەردەکەویّ، ژنە گەورەکە ترسی لیّ نیشت، بە پادشای وت: نابیّ کوڕی منی بدەیتیّ و بۆ ژنەکانی تریش هەقم نی یە و قسەی ناکەم.

پادشا بەهاتنی پیرەمێردەکە بەری دلّی گیرا، نانیان بۆی ئامادە کرد ،لە خەفەتان نانی پیّ نەخورا..پیرەمێردەکە زۆر بەشێنەیی پێی وت: گەورەم، هاتووم بۆ ئەو بەلێنەی کاتی خۆی بە منتدا کە یەك لە کوڕەکانتم بدەیتیّ.

پادشا بەغەمباری چووە لای ژنی گـەورە و داواکـەی پـێ گەیانـد، ژنەکەی وتی: قەت کوڕی خۆم بە  هەموو دونیا نادەم.
لەو ژنەش بێ ئومێد بوو، چووە لای ژنی ناوەنجی، ئەویش هەمان هەڵوێستی نواند: قەت هەموو دونیا هەڵسێ، کـوڕی خـۆم نادەمـە کەس.
لــەو ژنەشــیان بــێ ئومێــد بوو،چــووە  لای ژنــی گچــکە، وەکــو تەماشای دەکات ئەوە لەسەر بەرماڵ(دووگرد) خەریکی نزایە و لە خوا دەپاڕێتەوە بیانپارێزێ، ڕووی لێنا، ئەویش وتی:
ئەو کوڕە چۆن هی منە، ئەوهاش هی تۆیـە ، دەیـدەی، نایـدەی، ئارەزووی خۆتە.
پادشـا بـانگی کوڕەکـەی کـرد، بـە پەرۆشــەوە پێـی وت:  کـوڕم ئەحمەد، ئێمە  لە منداڵییـەوە تۆمـان بـەخێو کـردوە، تـۆ کـوڕی ئێمـە نی،بـەڵکو ئـەو کابرایـە باوکتـە و وا هـاتووە بتباتــەوە لای خۆی.
ئەحمەد بەدەم فرمێسك ڕشتنەوە، ماڵئاوایی لە دایك و باوکی کرد و کەوتە دوای پیرەمێرد، لەناکاو پیرەمێردەکە بزر بوو..هەر دوای ئەوە خـدری زینـدەی لـێ پەیـدابوو، بـانگی کـرد: هـۆۆۆ ئەحمـەد هۆۆۆ.

ئەحمەد لەجێوە هەڵوێستەی کرد و ئاوڕی لێ دایەوە، وتی: قوربان ئەگەر بزانی ناوم ئەحمەدە، دەشبێ بزانێ بۆ لێرەم؟

خدری زیندە پێی وت: گوێ بگرە ئەحمەد، چاوت کراوەبێ، ئەو کابرایەی تۆ دوای کەوتوی دێوە، باوکت نییە، دەیەوێ بتخوات، ئەو دێوە بە سێ شێوە خۆی دەردەخا، سەرەتا خۆی بە با و بۆران نیشان دەدا، کە لێت هاتە پێش، پێی بڵێ: ئەگەر بێیتە پێش، دەتکوژم، بەو هەڕەشانە ناوێرێ تخونت بکەوێ، خۆ کاتێ دەگەڵ خۆیت دەباتەوەماڵ، چەندین ژن و پیاوی بەڕووتی بەدارەوە کردوە و هەر کاتێ برسیبێ، لەو ژن و پیاوانە دەخوات ،هەروەها لەناو خانووەکەدا تاقێك هەیە، قوتوویێکی ژەنگاوی لێیە، ئەو قوتوە تەلیسمە، ئەگەر تەلیسمەکەت کردەوە، ئەوە چ ڕازێکت هەیە، ڕازەکانت دێتە دی.. ئەو دێوە، ئاگرێك خۆش دەکا، پێت دەڵێ: وەرە بەدەوری ئەو ئاگرە بسووڕێوە، تۆش گەمەی دەگەڵدا بکە، کوڕە ئاگاداربە نەتخەڵەتێنێ ،بڵێ من کوڕە پاشام یاری نازانم و تۆ خۆت بەتەنها یاری کە تامنیش فێربم، ئەگەر بەدەوری ئاگرەکە سووڕایەوە، پاڵی پێوەنێ، بیخەرە ناو ئاگرەکە بەڵکو بسووتێ، خۆ ئەگەر تۆ وانەکەی، بەسوڕانەوەت دەرفەت وەردەگرێ، پاڵت پێوە دەنێ و دەتخاتە ئاگرەکە، پاشان بەمردوێتی دەتخوا.

خدری زینـده بـزر بـوو ...ئەوەنـدەی نـەبرد باوبـاران هـەڵیکرد و بەرەو ڕووی هات، ئەحمـەد شمشـێری لێ ڕاگـرت، هـاواری کـردێ: بایەکە لێم نزیك نەبیەوە، دەتکوژم.

دێوەکە بەم فێڵە و فەرەجە، هیچـی پـێ نـەکرا، بەناچـاری خـۆی لەشـێوەی پیرەمێردەکـە نیشـانداو وتـی: کـوڕم واهاتمـەوە، دەی دوامکەوە بچینەوە ماڵی خۆمان .

کاتێ بردیە نێو خانوەکە و ئاگری خۆش کرد، بـە ئەحمـەدی وت: کوڕم وەرە بەدەوری ئەم ئاگرە بسووڕێوە، بۆ خۆت وازی کە.

ئەحمـەد وتـی: ئـاخر مـن، پێشـتر بـەناو شـازادە بـووم، هـەرگیز گەمەی لەم چەشنەم نەکردوە، بۆ ئەوەی ئەو وازییە فێربم ، حەز دەکەم لەپێش چاومدا قیچێ بەدەوری ئەو ئاگرە بوخلێیەوە.

پیرەمێردەکە لەناچاری، بەدەوری ئاگرەکە سـووڕایەوە، ئەحمـەد دەرفەتی وەرگرت، لەدواوە تونـدی پـاڵێکی پێوەنـا و فڕێـی دایـە ئاگرەکە و بەرەو لای قوتـووە ژەنگاویەکـە رۆیشـت، قوتووەکـەی کردەوە وتی: لەنیەتی ئەسپ سوارێکی جوامێر.

هـەر ئەوەنـدەی زانـی بـووە سوارچـاکێك، خـۆی لەسـەر زینـی ئەسـپیکی کحێلـی دۆزییـەوە، ڕۆیـی تاگەیشـتە مەملەکـەتێ، کـە قوتووکـەی داخسـتەوە، بـووەوە کەسـەکەی پێشـوو، چـووە دیوەخانی پادشا، وتی: گـەورەم، مـن بابایـەکی ڕووت و ڕەجـاڵم،

خاکسـارێکم هاتوومەتـە ئـەم شـارە ئەگـەر ئیشـێ هەیـە پێمـی بسپێری، مەمنون دەبم.

پادشـا وەڵامـی دایـەوە: مـن قازگـەلێکی زۆرم هـەس، وەرە لای مامی خۆت، ببە قازەوان .

ڕۆژێکیـان وەزیرەشـەل دەگـەڵ پادشـا بەجووتـە دانیشـتن، قسـە قسە دێنێ، باس هاتە سەر ژن هێنان و کچ بەشوودان.

وەزیرەشەل وتی: گەورەم، تۆ تەمات نییە، بەنیاز نـی کچـەکانت بە شوودەی؟

پادشـا لـە قریقـەی پێکەنینیـدا، وتـی: منـیش بیرۆکەیـەکی لـەو چەشـنەم لـە مێشـکدایە، بـەڵام نـازانم چـۆن و بـە چ شـێوەیێ ئەنجامی دەم .

وەزیرەشـەل وتـی: ئـەوە زۆر ئاسـانە، فـەرموو کچـەکانت بێنـە و هەریەکـەیان لەتـە سـێوێکی بـدەیێ، بزانـە لـەکێی دەدات، ئـەوە بیدەرە ئەو کەسە.

ڕۆژێکیـان کچـێ لـە کچـەکانی پادشـا لـەدووری ئـاوایی چـاوی بـە ئەحمەد کەوت، ئەوە سەری قوتـووێ دەکاتـەوە، دەبێتـە ئەسـپ سـوارێکی جـوامێر و لـەو دەشـت و دەرە دەکەوێتـە مەشـق وڕاهێنـان، پاشـان سـەری قوتووەکـەی پێـوەدا، وەکـو خـۆی لێهاتەوە، کچەکە ئاشقیدەبێ.

بانگیـان بەگشـت کووچـە و کۆڵانێـك ڕادێـرا: بانگەواز..بانگـەواز، کچی پادشا بەشوو دەدەن، ئەوەی حـەزدەکا ژن بـێنێ، دەبـا لـە گۆڕەپانی گشتی ئامادەبێ.

هەرچـی لاوی ئـەو شـارە هەیـە، خۆیـان تیـف تیفـەدا، خۆیـان ڕێکخسـت و لـەو گۆڕەپانـە خـڕ بوونـەوە، بـەو ئومێـدەی بـەخت یاوەریان بێ، ببنە زاوای پادشا و نانیان بکەوتە ڕۆنێ.

ئەحمەد قازەوان لەبەر خۆیەوە وتی: من چیم لەو خەڵکە کەمترە، دەبا منیش وەکو ئەو عالەمەی بچم، بزانم قـەت کچـەکانی پادشـا لەتە سێوێکم لێ نادەن.

کچـی گـەورەی پادشـا بـەخۆ و لەتـە سـێوێکەوە هاتـە نـاو ئـەو حەشامانە بێ شومارە، ها لێرە بۆ ئەوێ، کەوتە چـاوگێڕان، هـات لەتە سێوێکی لە کوڕی وەزیری دەستە ڕاستدا..کچـی نـاوەنجیش بەخۆو لەتە سێوەوە هات، هات، لەتە سێوێکی لەکوڕی وەزیـری دەستە چەپدا..کچی گچکەش کەوتە گەڕان و سـووڕان بـەناو ئـەو خەڵکەدا، ها لێرە بۆ ئەوێ، کە چـاوی بـە ئەحمـەد کـەوت، لەتـە سێوەکەی لێدا.. وەزیرێ لە وەزیرەکـان بـە پادشـای وت: کچـی بچووکت لەو سێو لێدانە، هەڵەی کردوە با دووبارەی کاتەوە.

لەتـە سـێوێکی دیکـەیان دایـێ، دیسـان گـڕ، گـڕ، هـات، لەتـە سـێوەکەی لـە ئەحمـەد دا، بـووە مشـت و مـڕ و مقـۆ مقۆێـك،

ئەوسەری نەبێتــەوە، خــەڵکانیٚ گاڵتــە و قەشمــەریان بــە ئەحمــەد دەکــرد، دەیــانوت: خزمــەتکار چییە؟چــۆن دەبــیٚ کچــی پادشــا لەتەسێو لە قازەوانی خۆی دات، لە کاتێکدا ئەو کەســە نــان نییــە خۆی بیخوا، ئەوجا ژنیشی بێتە بان.

وەزیرەشەل بانگی هەر سیٚ زاواکەی کرد، وتی: لەم ساتەوە ئێوە زاوای پادشــان، پادشــامان چــاوێکی نابینایــە، بۆیــە دەبــیٚ گۆلــە ڕاوکەن ، جەرگ و هەناوەکەی بێـنن بــەڵکو پادشــا لێــی بخــوات و چاك بێتەوە .

کوڕی هەردوو وەزیرەکە سەری دنیایان لیٚ وێك هــاتبۆوە، گۆشــتی گۆلە لەکویٚ بێنن، ئەحمەدیش تەقەی سەری دەهات.

بەخۆ کەوتن، ئەحمەد قوتــووە ژەنگاویەکــەی کــردەوە. دەبێتــە سوارچــاکێکی مێرخــاس و بــە ئەســپەکەی، گۆلــە راو دەکــات، دەیهێنیٚ، کە تووشی هەردوو کوڕە وەزیرەکە بــوو، چــاویان پێــی کەوت، وتیان: جەرگ و هەناوی ئەو گۆلەیە نافرۆشی؟

وتــی: نــەخێر بــەپارەی نــادەم، ئەگــەر هــەر دەتانــەویٚ فــەرموو لەمنەوە پێشکەشتان بیٚ، بەڵام مەرجێکم هەیە مۆری خۆم لــە لا ڕانتان دەدەم تا دوو ڕۆژی تر شتیٚ بوو، بتوانم بەرگریتان لێبکەم و بڵێم ئەم دوانە شاگردی من بوونە.

لەبـەر خـۆوە مشـورەتیان بـوو، وتیـان: جـا قوربـان کـێ دەزانـێ مۆرمان لە ڕانێ دراوە، گرنگ ئازایەتیەك هەیـە، بـا ئـەو ئازایەتیـە بکەینە هی خۆمان، ئەحمەد سـەرومۆری لێـدان، ئـەوجا جـەرگ و هەناوەکەی دانێ و گۆشتەکەشی بۆ خۆی بردەوە.

کوڕە وەزیرەکان بەخۆشحاڵیەوە جەرگ و هەناوەکەیان بۆ پادشـا بـرد، ئـەویش هـەمووی خـوارد، وەلـێ چـاك نەبۆوە..ئەحمـەد گۆشتەکەی نایە سەر ئاگر و بەژنەکەی وت: ئافرەت، دەرمـان لای منە، بـڕۆ حـەوت ڕۆژ لـەو چـەلاوە بـدەرە باوکـت، یەکسـەر چـاك دەبێتەوە.

ئەویش چەلاوەکە بۆ باوکی دەبات، وەزیرەشەل پێی وت: باوکـت بەو جـەرگ و هـەناوە چـاك نـەبۆوە، بەتـەمای بـەو چـەلاوە چـاك بێتەوە؟

پادشـای بـاوکی دڵـی کچـەکەی نەشـکاند، کـە دەمـی گەیانـدە چەلاوەکە و خواردیەوە، ئارەزووی زیاتری چووە سـەر، وتـی: بـە ڕاستی چەلاوێکی بەتام و خۆشە .

وردە وردە هەسـتی کـرد خەریکـە لەشـی خـۆش دەبـێ، دوای هەفتەیێ، چاوی چاك بۆوە، ئەوەندە نەبرد شـەڕێك لـەنێوان ئـەو مەملەکەتە و مەملەکەتێکی هاوسێیان ڕوویدا .کچە گچکەکە هانای بردەوە بەر ئەحمەد، وتی: بەقوربانتبم، بگە فریای باوکم، دەڵێن

سوپای دوژمن زۆره و باوکیشم بەم سوپا کەمەی هەیەتی، هیچی پێ ناکرێ و دەرەقەتیان نایێ .

ئەحمەد هەر بۆ خۆشی و سوعبەت وتی: جا قازەوانێکی وەکو من چی لەدەست دێ تاوەکو بۆ باوکتی کا؟ بەهەر حاڵ بۆبەیانی تەگبیرێکی لێ دەکەم.

ڕۆژی پاشتر چووەوە دەر ، قوتووە ژەنگاویەکەی کردەوە، بووەوە سوارچاکە جوامێرەکە و بە تاقی تەنیا وەربووە ناو دوژمن و شکستی پێ هێنان ..گەڕایەوە کۆشك و پادشا نەیناسیەوە، بەپیریەوە چوو، ئەملا و ئەولای ماچ کرد و داوای لێ کرد بخوازێ ماڵی دنیا ..ئەویش خۆی لێ ئاشکرا کرد کە ئەو ئەحمەد قازەوانەیە، کاتێکیش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە، وتی: من هیچم لێت ناوێ، تەنها دەمەوێ لێم قبوڵکەی دەستی خێزانەکەم بگرم وبچمەوە مەملەکەتەکەی خۆم .

بەخۆ و خێزانەوە، چوەوە مەملەکەتەکەی خۆی و بە دایك وباوکی شادبۆوە....بەسەردا ئەوەندەی نەبرد باوکی کۆچی دوایی کرد و ئەویش لە جێی باوکی بووە پادشا.

* * *

# گوری گورەنام

دەگێڕنـەوە، دەڵـێن: لـە ڕۆژگـارێکی زوودا، پیاوێـك هـەبوو نـاوی ڕەشۆ بـوو، شـەوێکیان خـەوی بینـی، لـە خـەویـدا سـێ ئەسـتێرە داڕوشایە باخەڵی.

کاتێ لە خەوەکەی بێدار بۆوە، شایەدمانێکی بە هـەقی هێنـا، لـە دەروونەوە بەخۆی وت: من لە چەق و سەرەڕێ ی خـەڵکی نـەبێ، ئەو خەونە بۆ کەس ناگێڕمەوە.

دوای قـاوەڵتی، خـۆی گـۆڕی، چـووە دەرەوەی شـار، بـەڕووی کابرایـەکی جوتیـار تەقیـەوە کـە ( بـارام)ی نـاو بـوو، پێـی وت: قوربان، من ئەمشەو لە خەونمدا سێ ئەستێرە  داڕوشایە باخەڵم.

بارام وتـی: ئەگـەر خەونەکـەتم دەدەیـتێ، ئامـادەم هـەموو مـاڵی خۆمت بدەمێ.

ڕەشۆ ڕازی بوو: ڕازیم، ئەوە خەونەکەی خۆم پێدای.

بارام هەرچی موڵك و ماڵێکی هەیبوو، پێیدا ، تفەنگی نایـە شـان، بەسواری ئەسپ شێکەی ڕۆیی، هەر ڕۆیی شـەوی بەسـەر داهـات، کۆشکێکی هاتە پێش، لایدا، کۆشـکەکە، کۆشـکی تایبـەتی کچـی پادشـا بـوو کـە(گورفاتم)یان پێـدەوت، تـاوێ دووان پێکـەوە دانیشتن، نانی شێوانیان خوارد، دڵیان بۆ یەك جوولآ، ئاشقی یەك

بوون، تەگبیریان کرد، بارام  لەدەرەوەی کۆشك چاوەڕێی بوو تـا ئەو بێتە دەرەوە، لەگەڵ خۆیدا هەڵیگبرێ و ڕەدووی کەوێ.

گورفاتم لە نیوە شەوێکی مـانگی چـواردەدا، لـە کۆشـکەکە هاتـە دەرەوە: (بارام خۆت بگرە ئەوە هاتم ).

بـارام لەدەنگەکـە کەوتـە گومـان، وایزانـی ئـەوە دەنگـی پیـاوانی کۆشکە و بۆ کوشتنی هاتوون، لەترسا تا پێ ی تیـابوو ڕای کـرد، گورفاتم بەدوایەوە ڕای دەکرد. بارام  بڕستی لێ بڕا، لە شەکەت و کەیلی خۆیدا، ئاوڕێکی بەپەلەی دواوەی دایەوە، وەکو نۆڕی ئەوە گورفاتمــە، لــە جێــوە وەســتا، گورفــاتم هاتــە لای، پشــووێکی کورتیاندا و بە جووتـە کەوتنـە ڕێ، هـەر ڕۆیشـتن تـا لـەجێگایێکی چۆڵ و حۆلدا، گورفات وتی: بـارام توێنیمـە، خەریکـە لـە توێنـان دەخنکێم.

بارام بە دیتنی تەیرێ کە بەئاسمانی ئەو ناوچەیە دەسووڕایەوە، بینی لە شوێنێ نیشتەوە، یەکسـەر خـۆی گەیانـدێ، لـەو شـوێنە بیرە ئاوێکی لێ دۆزیەوە، سێ شەو چـراغی تێـدابوو، یـەك بـەردی لێ هەڵگرتەوە، گورفاتم خۆی لە ئاوەکـە تێرکـرد و پێیـان هـەڵێنا ڕۆیشتن تا گەیشتنە شارێ، خانووێکیان بەکرێ گرت، گورفاتم بـە بارامی وت: بارام ئەگەر چوویە هەر کۆڕ و مەجلیس و چایخانەیێ، بۆ ئەوەی ناو و ناوبانگـت بەسـەخی لـەنێو خـەڵکی بـڵاو بێتـەوە،

ئـەوەی هاتــە چــایخانەکە و چــایێکی خــواردەوە، تــۆ پارەکــەی لەجیاتی بدە.

بارام لەماوەیـەکی زۆر کـورت، نـاو و شـۆرەتی ڕۆیـی، ئـەو نـاو و شــۆرەتەی گەییــە دەم پادشــای ئــەو شــارە، پادشــا نــاردی، میوانداری بکات.

بارام پرسی بە گورفاتم کرد، وتی: ئەریٚ چی دەڵێی ئەوە پادشای ئەم شارە ناردویەتیە دوام، میوانداری بکەم.

گورفاتم وتی: ئەو شەو چراغە بکە دیاری پادشا.

بارام بە خۆ و دەست و دیاریەوە چووە خزمەت پادشـا و ئـەویش میوانداریــەکی گــەرمی کــرد، مــاوەییٚ دانیشــتن، لــە زۆر دەرگــای باسیاندا، بارام پێش ئەوەی هەسـتیٚ، شـەو چـراغەکەی بـەدیاری دایی و گەڕایەوە ماڵیٚ.

پادشا شەوچراغەکەی بە هــەردوو ژنەکــەی نیشــاندا، ژنــەکانی لــە جــوانی شەوچــراغەکە لێیــان بــووە شــەڕ و دەمــەقاڵیٚ، ئــەو دەیوت:دەبیٚ بۆ من بیٚ .. ئـەوی تـر دەیوت:نـەخێر دەبـیٚ بـۆمن بیٚ.

پادشا نەیـدەزانی چـۆن بـەینیانکا، شـەڕ نەکـەن، بـە توڕەییـەوە بــەجێی هێشــتن و گەڕایــەوە کۆشــك.. شــالیاری دەســتە ڕاســت تەگبیری بۆ کـرد، وتــی: پایــەداربیٚ پادشــامان، پێشــنیار دەکــەم

بنێریە دوای بارام و بێ پـەروا پێـی بڵێـی شەوچـراغێکی تـرم بـۆ بێنـە، ئەگـەر هێنـای، ئـەوە ململانێـی ژنـەکانت بـەکۆتا دێ، خـۆ ووتی: نە شەوچراغم هەیە و نایهێنم، هەڕەشەکەی لێ کـە، بڵـێ: لەســەرت دەدەم، ژنەکــەت لێ زەوت دەکــەم، زانیاریشــم هەیــە، ژنێکـی جـوانی هەیـە، ڕێـك ژنەکـەیم بـدەیێ، مـن لـەخۆمی مـارە دەکەم.

پادشا ناردیە دوای، داوای شەوچراغێکی دیکـەی لێ کـرد . بـارام وتی: جا شەوچراغی ترت بۆ لە کوێ بێنم؟

پادشا کەوتە چاوسوور کردنەوە: مـن ئـەوە نـازانم؟ چـۆن چـۆنی پـەیدای دەکەیت، بەخۆشی پەیدای کە، وە ئەگینا ناچـارم دەبـێ لەسەرت بدەم یان ژنەکەت لێ زەوت کەم.

بـارام بـە غەمباریـەوە زمـانی گەڕانـد: گـەورەم مۆڵـەتی دە ڕۆژم بدەیێ، تاوەکو بەدوای ئەو شەوچراغە بگەڕێم و بیدۆزمەوە.

پادشـا وتــی: ڕازیـم بــەڵام هــاااا، وا تــێ نەگــەی وابزانــی پادشــا ساویلکەیە مێش لەدەمی ناکاتــەوە، بچـی بـە دزییــەوە بـە خـۆ و ژنــەوە فرتکــەیکی تیــژی بــدەنێ و وەکـو بــەرزەکی بانــان بـۆی دەرچن، لەم ســاتە وەختــەوە فــەرمان دەدەمماڵتــان بخەنــە ژێـر چاودێریەوە.

بارام به غەمباریەکی تێکەڵ بە زەلیلی گەڕایەوە ماڵ، گورفاتم بە تاسەوە لێی پرسی: بارام ئەوە چ خێرتە، لە پێش چاوم ئاسایی نی، خۆ هیچ نەبووە؟.

بارام بە کەساسیەوە وتی: ئافرەت ئەگەر قسەکانی تۆ نەبوایە، ئەوا تووشم بە تووشی ئەو پیاو خراپە نەدەبوو، فەرموو، پادشا داوای شەوچراغێکی تری لێ کردووم و هەڕەشەی کردوە ئەگەر شەوچراغێکی دیکەی بۆ پەیدا نەکەم، یا من بفەوتێنێ و بمکوژێ، یا ئەوەتە تۆ لەمن زەفتکا.

گورفاتم وتی: قیڕوسیا، بڕۆوە ئەو شوێنەی ئەو شتەت لێی هێنا، بەڵکو ئەوە خوایە بیدۆزیەوە.

بارام سەری کاسی هەڵگرت، ڕۆیی تا گەیشتە هەمان شوێن، کەوتە چاوگڕدان بەملا و بەولای خۆی، هیچی نەدۆزیەوە، لەغەمێکی بینی، لێ ی نزیك بۆوە، چووە ناو لەغەمەکە تەماشای کرد ئەوە ئافرەتێ لەو ناوە سەریان بڕیوە و کەسیش لەو ناوە نیە، ترسێکی هومایی لێ نیشت، لە سووچێکەوە خۆی مەلاسدا ...ئەوەندەی نەبرد دێوێ پەیدا بوو، سحری بەسەر ئافرەتەکە خوێند، چاك بۆوە، دەمێ دوان لەگەڵی مایەوە، ئەوجا ڕۆیی.

بارام خۆی گەیاندە ئافرەتەکە، کە گوڵعوزاری ناو بوو، وتی: بارام ئەوە لێرە چ دەکەی؟

بـارام وتــی: ئەگـەر بزانــی نـاوم بارامــە، دەشـبێ بزانــی بۆچــی هاتووم.

گوڵعوزار بە هەڵپەیەکەوە وتی: لەبـەر ئـەوە دەزانم نـاوت بارامــە، چونکە بە نسیبی تۆ دەبم.

بارام وتی: کەنگێ دێوەکە هاتەوە، بڵـێ: کودیلـەی ڕۆحـی خـۆتم بدەیێ.

ئــەوجا ڕۆیشــتە ئەوشـوێنەی خــۆی لــێ حەشــاردابوو، دێوەکـە دەرکەوت، گوڵعوزار دەستی بە گریان کرد، وتی: کودیلەی ڕۆحــی خۆتم بدەیێ، گەمانێی دەگەڵ دەکەم.

دێوەکە دڵی نەشکاند وتی: کودیلەی ڕۆحـی مـن پۆرگێکـە لـەناو قتوێکە و لە بن ئەو کانیەم داناوە.

دێوەکـە ئەوەنـدە نەمایەوە،دیسـان ڕۆیــی، بـارام خــۆی گەیانـدە کودیلەی ڕۆحی دێـوەو تۆپانـدی، ئـەوجا ڕووی کـردە گوڵعـوزار و ووتی: من بۆ ئەوە هاتوومەتە ئێرە، شەوچـراغ بـۆ پادشـا ببـەم، ئەگەرنا ژنەکەم لێ زەوت دەکا.

گوڵعـوزار بــە زەردەخەنەیەکـەوە وتــی: ئـەو دێـوە کـاتێ منــی سەردەبڕی، ئەو خوێنـەی لەبـەدەنم دەڕژا، دەبـووە شـەو چـراغ، وەرە پەنجەم بریندار دەکـەم، خوێنەکـەی بتکێنـە ئـاوەوە، مـن

دوعای بەسەردا دەخوێنم، دەبێتە شەوچراغ ئەوجا بۆخۆت بیبە لای پادشا.

دەستی گوڵعوزاری گرت، بردیەوە ماڵ ، شەوچراغی بۆ پادشا برد و گەڕایەوە، ئەوجارەیان شالیاری دەستە چەپ بەدیتنی هەردوو ژنەکەی بارام، چووە بن کلێشەی پادشا و پێی وت: گەورەم ئەو کابرایە دوو ژنی جوانی هەیە، من بیانوێکی لێ دەبینمەوە، ئەگەر نەی کرد لەسەریدە، ئەو کات سەروو ژنمان بۆ دەمێنێتەوە، یەکێ بۆ تۆ و ئەوی تر بۆ من.

جارێکی دی بەدوای بارامیان نارد، پادشا وتی: داوایەکم هەیە، ئەگەر بۆمی بکەیت، سوپاست دەکەم، ئەگەرنا چارم نیە دەبێ لەسەرت بدەم و بتکوژم.

بارام بەتەوسەوە وتی: جا ئەو داوایە چی یە؟

پادشا هەڵیدایێ: من گوری گورەنامم دەوێ.

بارام چاو ئەبڵەق بوو، بە ڕقەوە وتی: قوربان، گوری گورەنام چییە و لە کوێ یە تا بچم بۆتی بێنم؟

پادشا وتی: من هیچی لەبارەوە نازانم، تەنها ناویم بیستووە.

بارام پرسییەوە: ئەی باشە، لەچ مەملەکەتێکە؟

پادشا بەنیمچە بێزاربوونێکەوە وتی: من دەڵێم نازانم و تەواو.

بارام زۆر بـه شـێنەیی وتـی: گـەورەم جا تـۆ نـەیزانی، ئـەی مـن لەکوێ بزانم لەکوێ یە ؟

پادشـا بـە هەڵچـوونەوە وتـی: هـەی دەمـاغ، ئـەوە وتم: گـوری گورەنامم بۆ بێنە، گوری گورەنـامم بـۆ نـەینی، لـەدارت دەدەم و ژنەکانت لێ زەوت دەکەم، بۆ خۆمیان دەبەم.

بارام بـەدەم ئـاخ و پـەژارەیێکی زۆرەوە وتـی: باشـە ئـەوە شـانم دایەبــەر، لــەو ئــان و ســاتەوە دەگــەڕێم، دەســوڕێم تــاوەکو دەیدۆزمەوە، دەبێ ماوەیێ لەسەرم بوەستی.

پادشا وتی: تـەنها پێـنج ڕۆژت مۆڵـەت دەدەم، دۆزیتـەوە باشـە، ئەگەرنا، هەرچییەکم کرد، گلەیی مەکە.

بـارام بەخــەم و جـەخارەوە چـووەوە مـاڵ، وەرگەڕایـە سـەر و گوێلاکی گورفاتم، لێی دەدا و دەیوت: هـەی نەگبـەتی کاسـنجی، ئەگەر لە ئـەوەل ڕۆژەوە ئـەو شـەکرەت نەشـکاندایە، نەتوتبایـە: دەی پیاوەکە بڕۆ شەوچراغ بکـە دیـاری پادشـا، قـەت ڕۆژم بـەو ڕۆژە نەدەگـەیی، فـەرموو ئێسـتا کلکـی لـێ قیـت کردوومەتـەوە، وەکو هەنجەت پێگرتن، داوای گوری گورەنامم لێ دەکا.

گوڵعوزار بە زمانێکی پڕ لە میهـر و بەزەییـەوە، وتـی: لەسـەرخۆو ئارامبە، دونیا بەسـەر خۆتـا مەڕوخێنـە، جگـە لـە مـردن، هـەموو شتێ چارەی هەیە، وەرە با کاغـەزێکت بـۆ بنووسـم، کاغەزەکـە

دەگەڵ دەستی خۆت ببە، بەو کاغەزە حەوت دێوی زەبەلاح دەبنە ئەڵقە لە گوێت، دەتبەنە سنوور و تخووبی شاری پەریان، لەوێ (کانی بەرماڵان) هەیە کە ژنی ئاوایی لەوێ خۆیان دەشۆن، تۆ دەبێ لەشەوەوە بچیە ئەو ناوەو لەنزیك کانیەکەدا عەرد هەڵکەنی و خۆتی تیادا بشاریەوە، کەس هەستت پێ نەکا، ئامۆزایەکم ناوی گورەنامە، بە جل و بەرگی سپیەوە دێتە کانیەکە، چاوت بنووقێنە و خۆت بگەیەنە شمەکەکانی، ئەو کاغەزەی لەسەر دانێ، هاااا، وریابە، نەکەی سەیری گورەنام بکەی، هاااا، دەنە کوێر دەبی.

بارام بەو قسانە نەختێ هێور بۆوە، ئەو کاغەزەی گوڵعوزار بۆی نووسی، دەگەڵ خۆی برد و ڕۆیشت..ڕۆیشت، گەیشتە دێوەکان، کاتێ کاغەزی گوڵعوزاری پێ نیشاندان، هەموویان هاتنە ژێر فەرمانی و هەڵیانگرت، گەیاندیانە ئاقاری شاری پەریان ..شەو داهات، بارام چووە نزیك کانیەکە و زەویەکەی هەڵکەند، خۆی تێدا مات کرد، بەیانی کاتێ گورەنام هات و خۆی خستە کانیەکە، خۆی بشووات، بارام بە دزیەوە خۆی گەیاندە جلەکانی و کاغەزەکەی لەسەر دانا و بەهێمنی هاتەوە شوێنی خۆی و خۆی لێ مات کردەوە...گورەنام کە لەکانیەکە دەرچوو، تەماشای کرد ئەوە کاغەزێ لەسەر جلەکانیەتی، بەپەلە خۆی گۆڕی، نامەکەی

خوێندنـەوە، سـەری هـەڵبڕی و وتـی: وەرە بـارام لـەکوێی، وەرە داخوازیم، منیش مێردت پێ دەکەم، دەڵێم دەچمە لای گوڵعوزاری ئامۆزام.

بارام خۆی لێ ئاشکرا کرد و وتی: ئاخر کچی باش، من هاتووم بـۆ گوری تۆ.

گورەنام وتی: مـن هـەر وەختـێ پێبکـەنم، لـە ئاسمانـەوە گورێك دێتە خوار، هەرپیرێ بۆنی بکا، گەنج دەبێتەوە.

بارام چووە داخوازی باوکی گورەنـام و ئـەویش پێشکەشـی کـرد، بەیەکـەوە چـوونە ئاقـاری دێوەکـان، دێوەکـان بـە چـاو نوقـانێ هــەردووکیان گەیانــدە نزیکــی ئــەو مەملەکەتــەی گوڵعــوزار و گورفاتمی لێ بوو.. دێوە گەورەکەیان قژ و تووکێکی سەری خۆی هەڵکەند و دایە بارام ، وتی: هـەرکاتێ پێویسـتیت بـە ئێمـە بـوو ئەم تەڵە مووە بسووتێنە، دەم و دەست دەگەینە لات.

گوڵعـوزاروو گورەنـام بەدیـداری یـەك شـاد بونـەوە ، بـارام ڕووی کردە گورەنام و وتی: دەی ئەگـەر گـورێکم بـدەیتێ بیبەمـە لای پادشا، بزانم چ هەنجەتی دیکەم پێ دەگرێ؟.

گورێکی دایـێ، ئـەویش بـردی، وەلـێ چـونکە پادشـا لـە ناخـەوە نیازی پاك نەبوو، ئەوەندەی بۆنی کرد جحێـڵ نـەبۆوە . وەزیـری دەستە ڕاست بە پادشای وت: پادشامان پایەداربێ، بارام ناپاك و

غایەنە، بەباشی دەزانم بانگی بکەی، بیٚ پەروا پێی بڵێی: ئەگەر تاوەکو بەیانی پردێکی گەورەمان بۆ لەسەر ئەو دەریایە بۆ دروست نەکەی کە ئەم بەروو ئەو بەری بازاڕێکی گەورەبیٚ کە ئەمە شتێکی مەحاڵە و بە هیچ کەس دروست ناکریٚ، ئەوە ئەم بیانووە بەسە بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە و ژنەکانی بۆ خۆمان ببەین.

پادشا بانگی بارامی کردەوە، ئەو شتەی ئاڕاستە کرد و شەو و ڕۆژێکی بۆ دانا، ئەویش بە زەلیلی گەڕایەوە، گورەنام وتی: خۆت خەفەتخان مەکە، بچووە دەرەوەی شار، تەڵە مووەکە بسووتێنە، دێوەکان لەچاو تروکانیٚ دەگەنە لات، چیت پیٚ وتن،بە سەعاتیٚ دوان هەمووشتێکت بۆ تەواو دەکەن.

ئەویش پێی هەڵێنا، چووە دەرەوەی شار و مووەکەی سووتاند، دێوەکان لەچاوتروکانێکدا پەیدابوون، داواکەی بارامیان بەماوەیێکی کەم بەجیٚ گەیاند و وتیان: بڕۆ بە پادشا بڵیٚ: با بەیانی بە خۆ و وەزیرەوە بچنە سەر پردەکە و بەچاوی خۆیان شتەکان ببینن، بەڵام تۆ نەکەی لەگەڵیان بێی، ئیدی هەقت نەبیٚ چاریان دەکەین و لەناوەراستی پردەکە هەموویان نوقمی ژێر ئاوی دەریاکە دەکەین.

ڕاسپاردەی دێوەکانی بەپادشا و وەزیرەکان گەیاند، ئەوانیش بۆ بەیانی بە دڵخۆشیەوە چوونە سەر پردەکە و لەناوەڕاستیدا پردەکە لێک ترازا و لەبەر یەک هەڵوەشایەوە، هەر هەموویان خنکان . بارامیش بە ماڵ و منداڵەکانی شاد بۆوە، بووە پادشای ئەو مەملەکەتە.

* * *

# پادشای دوورگە

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی کۆنەوە، کابرایەك هـەبوو نـاوی قارەمان بوو، کاتی خۆی باوکی زۆر دەوڵەمەند بوو، دوای ئەوەی بـاوکی دەمـرێ، قارەمـان نـازانێ چـۆن سەرپەرشـتی ئـیش و کارەکان بکات، دەست بۆ هەر شتێك دەبا، زەرەری لـێ دەکـات، زەرەر دوای زەرەر، سەرەنجام دەکەوێتە سەر ساجی عەلی.

قارەمـان دوو منـداڵی هــەبوون ناویـان سـۆران و رێکـان بــوو، ژنەکەشی بەدری ناو بوو ..ڕۆژێکیان خۆیان خڕدەکەنـەوە، بـار و بنەیان تێکنا بڕۆنە شارێك تاوەکو کارێ، کاسبیەکی تیـابێ.. ئـەو شارەی بۆی چوون، لە پێش دەمیاندا دەریاچەیێ هەبوو، سـواری بەلەمێ بوون، پێش ئەوەی بگەنە شارەکە، لە نزیك دوورگەیـەکی ئەو دەوروبەرەدا، بەلەمەکەیان وەرگەڕا، بەهۆی تونـدی شـەپۆلی ئاوەکەوە هەریەکەیان کەوتنـە کـەنارێکی ئـەو دوڕگەیـە، وەختـی نوێژ داهات، قارەمان دەسـت نوێـژێکی جـوانی هـەلگرت، لـە خـوا پاڕایەوە لە هەرچی دڕندەیـەکی ئـەو نـاوەی بپـارێزێ ...خـەوت، لەخەویدا، بانگیان کرد، وتیان: قارەمان تۆ مادام ئەو مرۆڤـە پـاك و خاوێن و ئیماندارەبی، ژێری خۆت هەڵدڕە، هەمووی لیرەیە.

قارەمان کە لەخەوەکەی بێدار بۆوە، دەستی کرد بـە هـەڵکۆڵینی زەویەکـەی بنی،کـاتێکی زانـی ئـەوە ئـەو جێگەیـە پـڕی لیرەیـە،

دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی، بەدەم نزا و پارانەوەوتی: خوایە گیان تۆ دەلیلی داوامانی، دەلێلێکم بۆ بنێرە.

لەو سەر و بەندەدا، بەلەمێ بەو ناوە گوزەری کرد، دەستی لێ هەڵبڕین: هۆۆۆۆۆۆۆ خەڵکینە، هۆۆۆۆ.

کە گوێیان لەدەنگی بوو، بینیان، بەلەمەکە لایدا، کە چوار پێنج سەرنشینی تێدابوو، پێی وتن: بۆ نایەن لەم دوورگەیەدا خانوو بۆ خۆتان دروست کەن، وەرن من پارەتان دەدەمێ و با مووچەی ساڵێکیشتان لەسەر منبێ.

هەموویان بەو پێشنیارە خۆشحاڵ بووون، دوورگەکەیان ئاوەدانکردنەوە، ئەوجا داوای لێ کردن هەر کە چوونە ئەو شار و زانیان یەکێ هەژار و نەدارە یان کرێچیە، با بێتە ئێرە، خانووی لەسەر من و خەرجی ساڵێکیشی بۆ دابین دەکەم ...بەمە لە ماوەیێکی زۆر کورت، دوورگەکە بووە شارێکی گەورە. ئەویش بووە پادشای ئەو دوورگەیە، بەدری خێزانیشی کاتێ لە بەلەمەکە وەرگەڕا و بەلەمەکە کەوتە سووچێکی ئەو دوورگەیە، دەروێشێك لەو ئان و ساتەدا بە خۆ و بەلەمەکەیەوە بەو ناوەدا گوزەری دەکرد، کە چاوی بە ژنێك دەکەوێ ئەوە لەدەم ئاوەکە کەوتوە، لێی دەچێتە پێش، تەماشای دەکات هێشتا زیندووە و هانەسە دەدا، بەپەلە پرووزێ دەیخاتە ناو بەلەمەکە و دەیباتەوە لای

خۆی، لەولاوە کابرایەك چاوی بەو دوومنداڵە دەکەوێ ئەوە لە ڕۆخی ئەو دووڕگەیە کەوتوون، هەڵیان دەگرێتەوە، دەیانباتە شار و لەماڵی خۆیدا بەردەستیان پێ دەکا، کاتێکیش تووشی نەخۆشیەك دێن،کابرا دەڵێ: من بۆ خۆم نان نییە بیخۆم، ئەوانەشم بەسەرەوەبێ، پارەیان بۆ لەکوێ بێنم چارەیان بکەم،هەردووکیان دەردەکا، ئەوانیش بڕیار دەدەن بەیەکەوە ئیش بکەن و بەو پارەی دێتە دەستیان، خۆیانی پێ چارەسەر بکەن، دواجاریش بڕیار دەدەن کە ئەوان هەر ئیش و خزمەتکاری ئەم و ئەو بکەن، گوێ بیستی ئەوە ببوون پادشایێ لەو دووڕگەیە هەیە دەست و دڵ تێرە، ئەوەی بچێتە لای، بێ ئومێدی ناکا، بە بەلەمێك لەو شارە دەپەڕنەوە، دەچنە دیدەنی و نازانن ئەو پادشایە باوکیانە، ڕووی لێ دەنێن کە بە خزمەتکاری خۆیانی قەبووڵکات.. قارەمان بە قووڵی سەیریان دەکا، یەکسەر دەیانناسێتەوە، بەلاَم خۆی لێیان ئاشکرا ناکات،بەزەردەخەنەیەکەوە پێیانی وت: ئێوە پەیوەندیتان بە منەوەیە ، هیچ مەکەن، هیچم لێتان ناوێ، ئەگەر ئیشێ، شتێکم هەبوو، پێمووتن بیکەن، تەواو، ئیتر بۆ خۆتان پێ لەسەر پێ، هەر دانیشن و بخۆن و بخۆنەوە.

ئەو قسەیە دڵخۆشی کردن، ڕۆژێکیان مام دەروێش دەبێتە میوانی پادشا و تاویٚ دوان شیعری بۆ دەخوێنێتەوە ...بەرە بەری شێوان دەیەویٚ بچێتەوە، قارەمان پادشا ڕووی لیٚ دەنیٚ لای بمێنێتەوە ..مام دەروێش وتی: ئاخر من ژنم لەماڵەوە بەتەنیایە، ماڵیشمان لە خوار خواری ئاواییە ،لەو شوێنە جڕ و جانەوەری زۆری لێیە، خۆم لەویٚ نەبم، ژنەکەم زۆر دەترسیٚ و ئەو شەوە تا بەیانی خەوی ناچێتە چاو.

پادشا وتی: ئەگەر مەسەلەکە هەر ئەوەیە، خەمت نەبیٚ ، من دوو خزمەتکارم هەنە زۆر بەحەیا و ئەدەب و ڕێك و پێکن، دەینێرمە لای، ئاگایان لێی بیٚ.

سۆران و ڕێکانی ناردە لای ژنی مام دەروێش، بۆ شەویٚ پێکەوە تا درەنگی وەخت لەگەڵ بەدری دایکیان دانیشتن،کە هیچیان یەکیان نەدەناسیەوە ، سۆران کە قافی قسەی هات لەو پرسیارەی بەدریە لێیکرد: ئێوە خەڵکی کوێن؟ ئەی دایك وباوکانت کیٚ یە؟

سۆران بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە، دەڵیٚ: ئەو دوانەمان برای یەکین، باوکمان ناوی قارەمان و دایکیشمان بەدری ناوە، کاتی خۆی بە بەلەمێك ویستمان بەرەو ئەو شارەی بەرەوە بچین ،لە نزیکی ئەو دوورگەیەدا، بایکی تیژ هەڵیکرد، لەبەرز بوونەوەی

شەپۆلی ئاوەکاندا، بەلەمەکەمان وەرگەڕا، لەو ڕۆژەوە مـن و ئـەو برایەم نازانین چارەنووسی دایـك و باوکمـان بـەکوێ گەیشـتووە، ئێمەش هەردووکمان لە نزیکی ئەم دورگەیە کەوتینەوە، قـەدەری خودا وابوو پیاوێك ئێمەی بینی و هەڵمانی گرتەوە.

بەدری بەدەم قورگی پڕ گریان و فرمێسك ڕشتنەوە پێیانی وت: دەنا ئەو بەدریەی باسی دەکەن ئەوە منم ، مـن دایکتـانم، دایکـی ئێوەم، ئێوە سۆران و ڕێکانی کوڕمن.

هـــەردووکیان دەنێتـــە بـــاوەش و دوای تەمـــەنێ لـــەو دابڕانـــە، هەردووکیان لە باوەشی دایکیان دەخەون.

دەروێش دەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیان دەچێتەوە ماڵ، کـە چـاوی بە دوو کوڕە خانەزاکە دەکەوێ ئـەوە لـە باوەشـی ژنەکـەی درێـژ بوونە،بە پەلە خـۆی دەگەیەنێتـە قارەمـان پادشـا و پێـی دەڵـی: قوربـان بەڕاسـتی خورامـەکانت نـەجیب زادە دەرچـوون، وەرە بەچاوی خۆت بیانبینە چۆن دەسـتیان کردۆتـە ملـی ژنم و لەتـەك ژنمەوە نووستوون.

پاشا دەیزانی کەر لە کوێ تۆپیوە و کوندە لە کوێ دڕاوە، وتی: باشە، بانگیان دەکەم بزانم چ باسە.

ناردیە دوای هەرسێکیان، قارەمان و بـەدری لـە دوورەوە یـەکیان ناسیەوە، بەتاسەوە لە یەکتر ڕامان، یەك لـە وەزیرەکـان پرسـی: ئەوە چییە؟ هیچ بووە؟

قارەمان پاشا وتی: کوڕە خۆ ئەوە مـەنیجی خێزانمـە و ئەوانـەش کوڕەکانمن.

مام دەروێش بە پادشای وت: بەڕێزم، نهێنیـەك هەیـە حەزدەکـەم بیڵێم، من کـاتێ ئـەو ژنـەم هەڵگرتـەوە، بـەڵێنم پێیـدا هـەتا ئـەو ڕۆژەی تۆ دەدۆزێتەوە، من و ئەو خوشك و برابین، بۆیە لەترس و لۆمـەی لۆمـەکاران مـن و بـەدری پڕوپاگەنـدەی ئـەوەمان بـڵاو کـردەوە کـە بەشـەرعی خـودا و پێغەمبـەر، ژن ومێـردی یەکـدین ،ئەگـەر بـڕوا دەکـەیت هـەتا ئێسـتا مـن و ئـەو ژنـە بەحـەرامی دەستمان بـە دەسـتی یـەك نەکـەوتووە،دەك پـیرۆزی یـەکبن، بـە ڕاسـتی خۆشـحاڵم نـەمردم ئێـوەم بینـی، بەدیـداری یـەك شـاد بوونەوە.

هەموویان فرمێسکی شادیان ڕشت، لە هەمبەر ئەو چاکەیەی مـام دەروێـش، قارەمـان پادشـا ژنێکـی بـۆ داخـواز کـرد و لـە سـەر حیسابی خۆی بـۆی گواسـتەوە و کردیـە وەزیرێـك و لـەلای خـۆی دانا، بەمەش تا مردن هەموویان بە خۆشی ژیان.

* * *

# دزیکردن

دەگێڕنەوە، دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی زوودا، بۆرە و کاکەشین، دوو دزی ناقۆلاَ بوون، ڕۆژێکیان بەیەکەوە دادەنیشن، باسی قارەمانەتی خۆیان دەکەن.

بۆرە وتی: من دزم.

کاکەشین وتی: من لەتۆ دزترم، فەرموو سەیرکە ئەو قەلەی لەسەر ئەو چڵەدا هێلانەی چێکردووە و هێلکەی لەنێو کردووە، ئێستا هێلکەکەی لێ دەدزم، بێ ئەوەی هەست بکات و بەئاگابێ.

بۆرە ڕووی تێکرد، بە زەردەخەنەیەکی بەمەغزاوە وتی: کاکەشین تەماشایەکی خۆتکە، بزانە چیت لەبەرە؟

کاکەشین بەتەوسەوە سەیری خۆی کرد، ئەوە شەروالی لەبەر نەماوە، وتی: ئەوە چییە، شەرواڵەکەم چی لێهات؟

بۆرە وتی: بینیت چۆن شەرواڵەکەم لەپێ کردیەوە و لێتم دزی؟

کاکەشین دایەقاقای پێکەنین، کە شەرواڵەکەی لەبەر کردەوە، وتی: بەڕاستی ئێستا بۆم دەرکەوت تۆ لەمن دزتری، ها، بۆ نایەی بەیەکەوە بچینە کاخ و گەنجینەی پادشا بدزین؟

بۆرە وتی: نەك جارێ، هەزار جار، بەلاَم با شەودابێ ، ئەوجا پێکەوە لەم شوێنە یەکتر دەبینین و دەڕۆین.

کاتیـان دیـاری کـرد و بـۆ شـەوێ لـەو شـوێنە یـەکیان گرتـەوە و دووقـۆڵی خۆیـان دەمامکـدا، کەوتنـە ڕێ. بـە دزیـەوە خۆیـان گەیانـدە کۆشـك و لـەو تاریکیـەدا کاکەشـین پـێش دەمـی خـۆی نەبینی، کەوتە ناو مەنجەنیقێکی پڕ ڕوونی گەرمی هەڵقرچـاوەوە، نقوم بوون و گیاندەرچوونی یەك بوو.

بۆرە تەرمەکەی جێ هێشت، خـۆی گەیانـدە گەنجینـەی پادشـا و بردی، چوو لەدەرەوەی شار لەبن گاشـەبەردێکی زلـی شـاردەوەو پیلانـی داڕشـت سـبەی شـەو بچـتەوە ئـەو شـوێنە و تەرمەکـەی کاکەشین لە مەنجینەقەکە دەربێنێ و بیبات لەنزیك ئـەو شـوێنەی تەقەتکا کە گەنجینەکەی لێ شاردبۆوە.

بەیانی، ژاوەژاو پەیدا بوو، بووە مەرافەیێ: گەنجینـەی پادشـایان دزی، گەنجەی پادشا دزرا.

کێ گەنجینـەی دزی؟ چـۆن دزرا؟ئەمانـە ئـەو پرسـیارانە بـوون، کەس نەیدەزانی وەڵامی بداتەوە.

بۆرە دەفەیـەکی دەروێشـانەی پەیـداکرد، جامانـەی نایـە سـەر و ڕیشێکی سپی دەسـتکردی لـە ڕیشـە ڕەشـەکەی بەسـت، سـواری خەرکــە بــوو، چــووە بــەردەم دەرگــای کۆشــك و بــەدەم دەفژەنینـەوە، پاسـەوانەکانی هێنایـە سـەما و هێنـدەی ئـارەق پێدان و نۆشیان کرد، هەموویان مەست بوون، ئـەویش بەئاسـانی

چــووه ژوورەوە، خــۆی گەیانــدە مەنجەنیقەکــە و تەرمەکــەی کاکەشـینی لـێ دەرکـرد و خسـتیە سەرپشـتی گوێدرێژەکـەی و بــردی لــەدەرەوەی شــار لەتەنیشــت گەنجینەکــەی پادشــای شاردەوە.

ڕۆژی پاشتر لەسەر ڕێی خۆیدا تووشی کچی پادشا بوو، لەیەکـەم نیگا هەستیان بۆ یەك جولاً، بۆ جێ ژووان، دوای قسە و باسـێکی زۆر، کچــەکە وتــی: ئەگــەر دەتــەوێ بمبینــی و ژووانم دەگــەڵ ببەستی، برۆ دەستی مرۆڤێکم بۆ بێنـە و بـۆ شـەوێ وەرەوە لام، ئیدی بۆ خۆمان بەکەیفی خۆمان دەستبازی دەکەین.؟

بۆرە بەڵێنی پێـدا، ڕۆیشـت، خـۆی دەمامکـدا، چـووە دوکانێـك و بەخاوەنەکەی وت: زەحمەت نەبێ کیلۆیەك تەماتەم نادەیتێ؟

کابرا وتی: وەی بەسەرچاو.

دەستی گەیانـدە کیسـەیەك و خـەریك بـوو تەماتـەی بـۆ دەکـردە کیســەوە..بۆرە شمشـێری لـەکێلان هەڵکێشــا، تونـد لەدەسـتی کابرایدا، دەستی فـت کـرد و دەسـتەکەی بـرد، بـۆ شـەوێ خـۆی گەیاندە کۆشك و لە پەنایـەکی نێـو باخچـەکەدا خـۆی مـات کـرد، کاتێ کچەکە هات، دەستەکەی پێدا و بەیەکـەوە تـاوێ دانیشـتن، زۆر قسەیان کرد و لەو دەست لەملانێیەدا، کار لـەکار تـرازا، کچـە خۆی تەسلیمی کرد.

کچەکەش بۆ  ئەوەی تووشی کوشت و بڕ نەیەت، بـە بـۆرەی وت: دەی بچووە تـەك ئـەو دیـوارەی کۆشـك و لـەدوورەوە کـە هـاوارم کـرد: بگەنـە فریـام ئـەو پیـاوە ئـابرووی بـردم، یەکسـەر خـۆت بەدیوارەکە ئاودیوکە و ڕاکە.

کچەکە پڕ بەگەرووی هاواری کرد: بگەنە فریام، ئەوەتە ئەو پیاوە ئـابرووی تکانـدم، تەعـدای لێکـردم، ئـەوەتانێ مـەهێڵن هـەڵبێ، مەهێڵن لەدەستان قورتاریبێ، ئەوەتە بەشمشێر دەستیم بڕیوە.

تـا یاسـاوڵەکان گەیشـتنە لای دیوارەکـە، بـۆرە خـۆی ئـاودیوی کۆشك   کرد و هەڵات.

پادشـا بەگوێبیسـت بـوونی ئـەو هەواڵـە، زۆری خەفـەت خـوارد، فەرمانیدا هەر کەسێ دەستی بڕابۆوە، بیگرن، ئەوانیش بەناو شار وەربـوون، هەرکەسـێ دەسـتێکی نەبوایـە، دەسـگیریان دەکـرد، لەوەشـدا کـە بۆیـان ڕوون دەبـۆوە ئـەو کەسـە دەمێکـە دەسـتی وایلێهاتووە و شایەتی هەیـە گـەواهی بـۆ دەدەن، ئـەوە ئازادیـان دەکرد. هیچیان لەو کارەدا سەوز نەکرد.

کچی پادشا دوای نۆ مانگ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە و نۆ چـرکە، منداڵێکی زۆڵـی بـوو، کـە منداڵەکـە نـەختێ هـەراش بـوو، پادشـا جاڕیدا هەرچی کوڕ و گەنجێکی  ئەو شارە هەیە بێنە بەردەم کاخ

و ئەو منداڵە بەناو خەڵکەکەدا بەڕەڵا کەن، بزانن دەچێتە لای کێ و هەستی بۆ کێ دەبزوێ، ئەوە باوکیەتی.
بۆرە بەچکە پشیلەیەکی خستە باخەڵ و هاتە بەردەم کۆشکی پادشا ، وەکو ئەو خەڵکە وەستا.. منداڵەکەیان ناردە ناو ئەو خەڵکە، منداڵەکە گڕ گڕ، هات، کە نزیکی بۆرە بۆوە، بۆرە پشیلەکەی باخەڵی پێ نیشاندا، منداڵەکە لێی ترسا و کەوتە گریان و فرمێسك ڕشتن.
منداڵەکەیان ژیر کردەوە، دوو سێ کەرەتی دیکە ناردیانەوە ناو ئەو حەشاماتە، هەموو جارەکان کە لە بۆرە نزیك دەبۆوە و ئەویش پشیلەکەی پێ نیشان دەدات، دەستی دەکردە گریان.
پادشا وتی: لێی گەڕێن، ئەو منداڵە هێشتا گرینۆکە و بەکەڵکی هیچ نایەت.
بیری کردەوە، فەرمانیدا هەندێ پارە و پوولی کاغەز لەودەوروبەرە فڕێ دەن، ، دوور بەدوور چاودێری بکەن، بزانن هەرکەسێ هەڵیگرتەوە، ئەوە دزەکەیە.
بۆرە بەپەلە گەڕایەوە ماڵ، هەندێ قیڕی هێنا، لەبنی پیلاوەکەی دا و بەبێ ئەوەی دابێتەوە، پێڵاوەکەی دەنایە سەر پارەکە، پارەکان بە پێڵاوەکە دەنووسا و هەموو پارەکەی برد.

لەو پلانەشدا، پادشا هیچی بەهیچ نەکرد، دوای تاوێ کە ڕووی کردە خەڵکەکە، وتی: خەڵکینە کێ ئەو جوامێرییەی نواندە، ئەو مووەم لەپیاو نەهاتبێ ئەگەر لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێم، وەعد لێی خۆش دەبم، جگە لەوەی دەیکەمە زاوای خۆم، دەشیکەمە شاڵیار و لەتەنیشت خۆمی دادەنێم.

بۆرە لەناو خەڵکەکە هاتە دەرەوە، چووە نزیکی پادشا و وتی: قوربان، ئەو شتانە هەمووی من کردوومن.

پادشا وتی: فەرموو ئەگەر دەتوانی بەبەڵگە بۆمی بسەلمێنی، بڕۆ لەوبەری ڕووبارەدا، پادشا شەل هەیە، هەمیشە گاڵتەم پێدەکا و دەڵێ : تۆ چ پادشایەکی، ئەگەر نەتوانی دزێك بگری، بۆیە....

بۆرە قسەکەی لەدەم قۆستەوە، وتی: ئەگەر فەرمانتان لەسەرە، ئێستا دەچم بۆتی دەدزم و بۆتی دەێنمە ئێرە.

پادشا وتی: مەبەستی من هەر ئەوەبوو.

بۆرە ڕۆیی، بەجلێکی سپی و ڕدێنێکی سپی دەستکردەوە، خۆی گەیاندە ژووری پادشا شەل و بەزمانێکی پڕ هەڕەشە و گوڕەشەوە، وتی: تۆ بەندەیەکی بچووکی خوای پەروەردگاری، نەك پادشایەکی مەزن، من عیزرائیلم، هاتووم ڕۆحت بکێشم، سەعاتێ مۆڵەتت دەدەم ئەگەر وەسیەتێکت هەیە و چیت بەمێشك دادێ بیڵێ، ئیتر چاوت بەو دونیایە ناکەوێتەوە.

پادشای شەل خۆی خستە بەر پێی، بەدەم پاڕانەوە: دەستم دامێنت، چی دەڵێی لەقسەت دەرناچم، بەس جارێ رۆحم مەکێشە.

بۆرە وتی: قەینا، بەمەرجێ، چونکە زۆر گاڵتە بەو پادشایەی دراوسێتان دەکەی، ئەوجارەیان دەتبوورم و ئەجەلەکەت بۆ کاتێکی دیکە دوادەخەم، جا بۆ پاکبوونەوە لەو گوناهانە، دەتکەمە ناو سندوقێك و هەر لە سندووقەکەدا، کە شەقێکم لێدا، دەبێ وەکو سەگ بوەڕی، وەکو مانگا بقۆڕێنی، وەکو کەڕ بزەڕی.

بەو داوایە مەمنوون بوو، بەخۆشحاڵیەوە وتی: ئەوەی تۆ بیڵێی بەموو لێی لانادەم.

پادشا شەلی خستە سندووقێکی گەورە و لە بەلەمێکدا بردیە ئەو بەری ڕووبارەکە و وتی: ها بۆرە، چیت کردەوە؟ ئەی نەتوت: بۆتی دەدزم؟

بۆرە مستێکی لە سندووقەکەدا، پادشا شەل وەکو خەر کەوتە زەڕین، وەکو مانگا قۆڕاندی و وەکو سەگ کەوتە وەڕین.

پادشا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئەوە چییە؟ ئەو ئاژەلانە، ئەو سەگ و مانگا و کەرە لەو سندووقە چی دەکەن؟ بۆچیت هێناوە؟ دەڵێی دەتەوێ پێمڕابوێری؟

بۆره وتی: قوربان ئەو ئاژەڵانـە ئـەو پادشـا شـەلەیە کـە گاڵتـەی پێدەکردی و ئەوە دزیم و بۆتم هێنایە ئێرە.

سندوقەکەی کردەوە، کە پادشا شەل هاتە دەرەوە و چـاوی بـەو حەشاماتە کـەوت، بەتاسـەوە وتـی: ئـەوە چـییە؟ مـن لێـرە چـی دەکەم؟ کێ منی هێناوەتە ئێرە؟

هەمووان بەجارێ دایانە قاقای پێکەنین و پادشا وتـی: بۆیـە تـۆم هێناوەتـە ئێـرە، چـونکە تـۆ گاڵتـەت پێـدەکردم، دەتـوت: دزێـك چییە پێت ناگیرێ، فەرموو هەر ئەو دزەبوو تـۆی دزی و هێناتیـە ئێرە.

هەر لـەوێ پادشـا، کچـەکەی خـۆی لـە بـۆرە مـارە کـرد و کردیـە وەزیرێ لەتەك خۆی دانا.

لەو ڕۆژەوە بۆرە تۆبەیەکی نەسوحی کرد و بڕیاریدا هەتا لـەدونیا ماوە جارێکی تر دزی نەکات و ئەوەی هاتە دەستی بەسەر هـەژار و لێقەماوانی دابەش بکات.

*   *   *

## خاوەن ئەقڵ كێیە ؟

دەگێڕنەوە، دەڵێن: ژن وپیاوێكی هەژار و نەدار، لە ماڵـەوە جگـە لە مانگایەكی لەڕو لاواز، هیچی تریان نەبوو، وەرز بـەرەو زسـتان دەڕۆیی.

شەوێكیان بەیەكەوە دانیشتن ، باسیان لەوە كرد بۆ بەسەر بردنی ئەو زسـتانە، مانگاكـەیان ببەنـە شـار و بیفرۆشـن، لـە پارەكەیـدا ئازوقە و زەخیرەی ماڵەوەی پێ بكڕن.

بـۆ بـەیانی، كـابرا دوای بەرچـایی، مانگـا بـەرەو شـار دەداتــە پێشێ..كاتێ گەیشتە شار ، حەشاماتێكی بێ شوماری بینی ئەوە لەبــەردەم كۆشــكی پادشــا وەســتاون ، نزیـك بـۆوە، لــە مێـرد منداڵێكی پرسی: كوڕە جوانەكە ئەرێ ئـەو قەڵەباڵغیـە سـیخناخە چی یە؟.

مێـرد منداڵەكـە بـە تاسـەوە وتـی: پادشـای ئـەم شـارە كچـە و خەونێكی بینیوە، لە كۆكردنەوەی ئەو خەڵكەدا، دەڵێ: خەونێكم بینیوە، هەركەسێ توانی خەونەكەم بۆ ڕاڤـەكا و لێكـی بداتـەوە، خۆی لێ مارە دەكەم و دەیكەمە پادشای ئـەم شـارە، خـۆ ئەگـەر نەیزانی خەوەكە لێكداتەوە، ئەوە تا نهێنی خەونەكەم دەرنەچێ، لەسەری دەدەم و دەیكوژم.

کابرا لەکەیفان پڕ بە دەمی هاواری کرد: ئەم ئیشـە بەدڵمـە و مـن پێی ڕازیم.
خەڵکێکی زۆر لەبەری پاڕانەوە، سەرزەنشتیان کرد، وتیان: کاکـە تۆ دەست کورتی، چیت لەو بەزمە داوە؟ ئەوەیە سەری نایەشیٚ، پەڕۆکەی لـیٚ دەپیٚچـیٚ، پـێش تـۆ دەیـەها کـوڕە وەزیـر و کـوڕە پادشا بەدەم ئەو باسـەوە هـاتوون، هیچـیان بـە هـیچ نـەکردووە، هەر هەموویان بە نامرادی سەریان نایەوە.
کابرا ڕووی کردە گەنجێکی تـەك خـۆی، داوای لـیٚ کـرد جلەکـەی بەری بداتیٚ و مانگاکەی لەلابیٚ، خـۆ ئەگـەر نەهاتـەوە، ئـەوە لـە باتی جلەکان، با مانگاکە بۆ خۆی ببات.
هەردووکیان ڕازی بوون، جلـی بـەریان گۆڕیـەوە، هـەواڵی کـابرای هـەژاریان بـە پادشـا گەیانـد، ناردیانـە دوای، کچـەکە پێـی وت: هـاااااا، ئـەوە هـاتووی خـۆت تـاقی کەیتـەوە؟ وەرە لـەجیاتی ئەوەی خەونی مـن لێـك دەیتـەوە، بـڕۆ بـەکار و ئیشـی خۆتـەوە، وەئەگینا پەشیمان دەبیەوە، پەشیمانیش بـیٚ سـوودە، بەقسـەم بکە، سەری خۆت بە فەتارەت مەدە.
کابرا بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبونەوە وتی: تۆ لەسەر بەڵێنی خۆتبـە، منیش لەسەر بەڵێنی خۆم دەبم، فەرموو بزانم خەونەکەت چییە؟.

کچەکە بەدەم بزەیێکی سازگارەوە وتی: لـە خـەونم دا دنیـا شـەو بوو..نـازانم بـۆ تەنگـەتاو بـووم، ویسـتم دەسـت بـە ئـاو بگـەیێنم، چوومە حەوشە و پڕتاو شـێرێکم لـیٚ پەیـدابوو ،بـەدەنگێکی بـەرز نەڕاندی، بۆم هات پەلامارم بدات و بمخوا، لە ترسان ڕامکرد، خۆم هاویشتە ناو بیری حەوشەکە، لـە ناوەڕاسـتی بیرەکـەدا  بڕکـە لاو لاویٚ هەبوو، دەستم پێوەگرت، نەکەومـە خـوارەوە، کـاتیٚ سـەرم بۆ خواریٚ شۆڕکردەوە، تەماشام کرد ئـەوا ئـەژدیهاییێکی زەبـەلاح دەمی داپچڕیوە، بەربیمەوە بکەومە دەمی، بمکاتە پارویێکی چەور و بمخوات..مشکێك لە یەك لە کونـەکانی نێـو بیرەکـە پەیـدا بـوو، کەوتــە قرتــدانی لاولاوەکــە،  نیــوەی پچــڕی ..زراوم چــوو، لــە دەروونەوە نـزام دەکـرد: خوایـە گیـان تـۆ دەلیلـی دامـاوانی، تـۆ مـــەزنی، بگـــە فریـــام، ڕزگارمکە..لـــەو خەوەومـــدا ئەگـــەر ســەردەکەومەوە، ئــەوە شــێرەکە دەمخــوا، ئەگــەر دەکەومــە خـوارەوە ئـەوا ئەژدیهاکـە لووشـم دەدا و  دەمخـوات، هـاوارێکی گەورەم لیٚ بەرز بۆوە، لە دەنگی خـۆم بـە ئاگـا هـاتم، دەفـەرموو ئێستا ئەو خەونەم بۆ لێکدەوە.

کابرا بە ئحم ئحمیٚ قوڕگی گیراوی پـاك کـردەوە، بـە بزەیەکـەوە هەڵی داییٚ: شێرەکە کە دواتکـەوتوە پـەلامارت بـدات و بتگـریٚ و بتخـوا، ئــەوە مانــای ئەوەیــە تــۆ بەرامبــەر گەلەکــەت پادشــایێکی

خراپی و خەڵکەکەی لێت رازی نییە،ئەژدیهاکەش کە دەم و زاری داپچڕیوە بکەویە خوارەوە بتخوات، ئەوە مانای ئەوەیە ئەگەر بە خۆتا نەچیەوە و خۆت چاك نەکەی، ئەوە دوو ڕۆژی تر بمری، لە دوای مردن، دۆزەخت بۆ ئاگر دەدەن.. مشکەکەش ئاماژەیە کە نیوەی لاوەلاوەکەی خواردوە بە واتا تۆ لە ژیاندا نیوەی تەمەنت بەڕێ کردووە، لەم ژیانەدا نیوەی تەمەنت ماوە.

قسەکانی کابرا بووە مایە سەرسوورمانی کچەکە، هەر ئەو کاتە ناردیە دوای مەلا و خۆی لێ مارەکرد، ئەوجا پێی وت: تازە تۆ بوویە پیاوم، بەڵام تۆ پیاوێکی ئەوەندە ژیربی، فەرموو خاوەن ئەقڵم بۆ بدۆزەوە، بزانم خاوەن ئەقڵ کێیە؟

کابرا تاوێ داما، ئەمجا وتی: ڕووخسەتی شەو ڕۆژێکم بدەیێ تا خاوەن ئەقڵت بۆ بدۆزمەوە.

کچەکە وتی: نەك شەو ڕۆژێ، ئەوە دەرفەتی سێ شەو ڕۆژم پێ دای.

کابرا سەری کاسی هەڵگرت، کەوتە گەڕان بەنێو کەش و کێو و بیابان .ئێوارە داهات، تووشی پیاوێکی بەتەمەنی سەروو ڕدێن سپی بوو، دوای چاك و چۆنی، کە زانی غەوارەیە و شەوی بەسەر دادێ، وتی: ئەوە بەدوای چی دەگەڕێی؟

ئەویش وتی: بەدوای ئەقڵ دەگەڕێم.

پیـاوە بەتەمەنەکـە وتـی: تـۆ وەرە بابچـینەوە، خـوا گەورەیـە، پێتدەڵێم خاوەن ئەقڵ کێیە؟

کابرا بەو هەواڵە خۆشحاڵ بوو، لەگەڵیدا چووەوە ماڵ، شەو لەلای مایەوە، نانی خوراد و چایەی خواردەوە ، پـێش ئـەوەی بخـەون، پیاوە بەتەمەنەکە پێـی وت: دەزانم لـە ئێـوارەوە دوودڵ و ڕاڕای، بـە گومانـەوە سـەیرم دەکـەی، لەچـاوەڕوانی ئـەوەدای دەقـەیێك زووتر ئەو نهێنیەت پێ بڵێم، جا بۆ ئەوەی ئەو شتە نەبێتـە گـرێ لەسەر دڵ و دەروونت، بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە: مـن بـاوکم تاوەکو لـە ژیانـدا مـابوو، کوێخـا و کـەیخودای ئـەم گونـدە بـوو، کاتێکیش فەرمانی خوای بەجێ هێنا، وەفاتی کرد، لەدوای ئـەودا من و برا و خوشکێکم بەجێ ماین..من تـوانیم بـە لێهـاتووی خـۆم جێی باوکم بگرمەوە ...شەوانە بەناو کۆڵانان دەگەڕام، شەوێکیان ڕێم کەوتە ماڵی خوشکەکەم، لە پەنجەرەوە چاوم بڕیە ژوورەوە، وەك دەبیـنم ئـەو برایەکـەم تەعـەرووزی بـووە، کاتێـك براکـەم سـەریهەڵبڕی و مـنی بینـی، لـەجێوە هەسـتا، دەسـتی گەیانـدە خەنجەرەکـەی بـەر پشـتێنی و خـۆی کوشت..خوشـکەکەم بـێ ئەوەی هەست بـە بـوونم بکـات ئـەوە چـاودێری دەکـەم، کەوتمـە چاودێری، بزانم چـی لـە تەرمەکـەی دەکـا، بینـیم بـەخێرایی دوو گامێش و عارەبانەیێکی هێنا، تەرمەکەی لێ بارکرد، بەرەو کەش و

کێوەکانی برد، لە یەك لە دۆڵەکانی ئەو دەوروبەرەی فڕێدا و گەڕایەوە..بەدوایدا گەڕامەوە ماڵ، زۆر خەمم خوارد، زۆر گریام و تا بەیانی نەنووستم..بەیانی هێشتا خۆر هەڵنەهاتبوو، سەرپێیی نانم خوارد، بە خورامەکانم وت: زۆر حەز دەکەم بچمە ڕاو، حەزیش دەکەم بچینە دۆڵی مردووان.

خورامەکان نەیاندەزانی مەبەستی من لەم ئیشە بۆ تەقەت کردنی تەرمی براکەمە، بەخۆ و ئەسپ و تانجیەوە بەڕێ کەوتین، لە دۆڵی مردووان نزیك بووینەوە، یەك لە خورامەکان، براکەمی بە کوژراوی بەدیکرد، لێی چووە پێش و ناسیەوە، دایە هات و هاوار و شین و شەپەڕۆ و لە خۆدانێ هەر مەپرسە، چوومە دیار تەرمەکەی، دەستم کردە گریان و فرمێسك لە چاوانمدا فوارەی بەست، هەر لەوێ یەك لەو دوو خورامە پێیوتم: قوربان ئەگەر گومانتان لەهەر کەسێکە تا ئێستا هەڵکوتینە سەری و وردو خاشی کەین.

بە پەرۆشەوە وتم : ئەگەر ئەو برایەم لەسەر هەق کوژرابێ، ئەوا نۆشی گیانیبێ، خۆ ئەگەر بەناڕەوا کوژرابێ، ئەوە حەواڵەی خوای دەکەم، ڕۆژێ دادێ ئەو نهێنیەی داماڵێ و ئاشکرابێ.

تەرمەکەمان هێنایەوە ئاوایی، لەڕێ و ڕەسمێکدا تەرمەکەیمان شووشت و کفنمان کرد، ئەوجا بەخاکمان سپارد، سێ ڕۆژ

تازیەمان بۆی دانا ...تازیە تەواو بوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە بـەردەوام چاودێری ئەو خوشکەم دەکرد بزانم چارەنوسی بـە کـوێ دەگـا.. بە تێپەربوونی چوار مانگ ونیو، هەستم کـرد خوشـکەکەم سـکی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ سکەکەی گەورە دەبێ، بڕیارمدا کەس خزمەتی نەکا و کەس سەردانی نەکات، نۆ مـانگ و نـۆ ڕۆژ و نـۆ دەقیقـەی تەواوکرد، لە شەوێکی مانگە شەودا منداڵی بوو، هێشتاش نازانێ ئـەوا مـن وا بـەوردی و بەدزیـەوە چـاودێری دەکـەم، منداڵەکـەی هــەڵگرت و بردیــە دەرەوەی ئــاوایی و لــە ئەشــکەوتێکی دانــا و گەڕایـەوە ..هــەر دوای ئــەوە، خــۆم گەیانـدە منداڵەکـە و بردمـە گوندێکی ئەو نزیکە، بەدایەنەمدا ..ساڵانە چەند جارێ سەرم لێـی دەدا تــا منداڵەکــە تــەواو گــەورە بــوو، تەمــەنی گەیشــتە پــانزە ساڵ،منداڵەکە بێ ئەنـدازە منـی خـۆش دەویسـت و لەبەرامبـەردا منــیش ئــەوم خــۆش دەویســت، هێنامــەوە لای خــۆم، لەیەکــەم دیدەنیدا کە چـاوی بـەو خوشـکەم کـەوت، دڵیـان بـۆ یـەك جـولا، لێرەدا لەمن بترازێ، کـەس نـازانێ ئەوانـە دایـك و کـوڕن ..سـاڵێ شتێ کەم بەسەر ئەو هاتنەی سووڕایەوە، کوڕەکە وتـی: مامەگیان دەبێ بۆم بچیە داخوازی ئەو خوشـکەت، وەئـەگینا سـەری خـۆم هەڵدەگرم، لێرە دەڕۆم، جارێکی تر نامبینیەوە.

دڵیم نەشکاند، وتم: باشە بەسەرچاو من ڕازیم، بەڵام دەبێ حەوت شەو و حەوت ڕۆژان شایی و زەماوەند بگێڕین ئەوجا بۆتی دەگۆزمەوە.

کەیف و سەفا هەموو لایەکی تەنی، بوو بە بەزم و شایی، شەوانە بە دزیەوە دەچوومە دەرەوە ئاوایی، نوێژم دەکرد، لە خودای پەروەردگار دەپاڕامەوە کە ئەو مەعجیزە چی بوو، نیشانی دام..حەوت شەو و حەوت ڕۆژەکە تێپەڕی، بووکیان ڕازاندەوە، بووك چووە پەردە، زاوا کە دەرگا دەکاتەوە، ڕێك ساتمەێك دەکات و بەر دەبێتەوە، یەکسەر گیانی دەردەچێ.

بوو بە شین و گریانێ، لە ناخەوە کەوتمە سوپاس گوزاری خوای گەورە کە ئەو گوناهەم لەسەر لاچوو..خوشکەکەشم ئەویش چونکە بێ ئەندازە ئەوی خۆش دەویست، لە مەراقان نەخۆش کەوت، هەفتەیێ نەژیا ،ئەویش مرد، من شانزە ساڵ ئارامم گرت، گەیشتمە ئاواتەکانم، خۆ ئەگەر بهاتایە لەم ڕووداوەدا، دەم و دەست خوشکەکەم بکوشتایە ئەوە هەر ئەو کاتە لە ناو عێڵ و عەشیرەتەکەمدا ئابڕووم دەچوو، جا لێرەوە پێت دەڵێم: خاوەن ئەقڵ سەبرە، ئەو کەسەی بە ئارامبێ، لە ژیان بە ئاوات دەگا.

کابرا بەیانی ماڵئاوایی لێ کرد و گەڕایەوە،لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ کچە پادشاکە گێڕایەوە، هەر دوای ئەوە کچە

پادشاکەی گواستەوە و بووە پادشا و ژنی پێشتریشی هێنایە لای خۆی، ئیتر تا مردن بە خۆشی و شادی ژیان.

جا کاکی خۆم ئەوەیە بەسەرهاتی ژیان و گوزەران، قەزا و قەدەریش هەر لەلای خودایە، تەنها و تەنها خوای گەورە دەزانێ لەدرێژایی تەمەندا چی ڕوو دەدات، هەر ئەو زانایە و هەر ئەو دانایە و هەر ئەو توانایە.

= تەواو–

❊ ❊ ❊

## سوپاس و پێزانینم بۆ:

- هەموو ئەو بەڕێزانـەی بـۆ لـەدایك بـوونی ئـەم بەرهەمـە هاوكـارم بوونە.
- ئەوانـەی بـە سەرگوزشـتە و بەسـەرهات و هەقایـەتێك بەسـەریان كردووینەتەوە و هەرگیز لەیاد ناكرێن:
- خوالێخۆشـبوو(عەبدوللاَ حـاجی عـەلی جگیلـەیی) بـاوكی كـاك (ئیسماعیل) كە دوای ڕاپەڕین كۆچی دوایی كردووە.
- حاجی(نایلـە ئەبوبـەكر سـاڵح تاڵـەبانی) كەتەمـەنی لەسـەرووی شەست ساڵانە و ئێستا لە شارۆچكەی كەسنەزان دادەنیشێ.
- مام( جەوهەر قەرەناوی) كە تەمەنی لەسەرووی شەست ساڵانە و لە شارۆچكەی( تەق تەق) نیشتە جێ یە.
- سەید( جـەمال حەمـەدەمین كـۆیی) و هـەموو ئەوانـەی هانـدەرم بوونە بۆ ئەم گەنجینە لەبن نەهاتووەی كەلەپووری كوردەواریمان.

*شاخەوان*

# فەرهەنگۆك

| وشە | مانا | وشە | مانا |
|---|---|---|---|
| دودمان | دیوەخان | تەوح | حەز |
| مفا | سوود | کوانوو | دودمان، دیوەخان |
| ژانر | بابەت | تۆلاز | لاو، جحێڵ |
| دگان | ددان | پەیتا پەیتا | یاپش یاپش، وردە وردە |
| قالیچە | بەرماڵ | تۆتاق | ژوور |
| خانەزا | خزمەتکار، خزمەتچی | مەلاس | حەشار |
| کاوڕا | کابرا | وڵسات | قاتر، ئەسپ، چوارپێ |
| مەرافە | شەڕوهەرا | سەلار | جوانی بۆ ژن |
| غەوارە | نامۆ، غەریب | دین | شسێت |
| سیخناخە | تژی، پڕ | شەوی | کراس |
| یاساوڵ | قەرەول، جەندرمە، ڕێککار | کاخ | کۆشك |
| شەوسو | بەیانی، سبەی | دەربار | کۆشك |
| درووغی | درۆ، باقرۆ | کەیخودا | گەورەپیاو |
| ئەلەم | ئازار | بەگیسی | بەلقیس |
| وەرزاخ | ڕێی سەخت | ڕێژگاو | خەیاڵ |
| ژێوان | پەشیمان | گاڤێ | تاوێ، برێ، قەیرێ، قیچێ، تۆزێ |
| پرزوو | عەزم | حلێب | قبول |
| ئاچەر | کلیل | قەیرێ | تاوێ، هەندێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| هەپە | فێڵ | نها | ئێستا |
| یەغباڵ | بەخت | هەلەپەلە | خێرا |
| دڵواپەس | نیگەران | گەمژە | گەلحۆ، بێئەقڵ |
| پیاگ | پیاو | کۆم | کۆ ، خڕ |
| هەس | هەیە | بێژە | بڵێ |
| خەر | کەر، گوێدرێژ | مامر | مریشك |
| شاباز | گەورەبازرگان | سەردار | مێرد |
| خرێول | دەوڵەمەند | گەرەکە | پێویستە |
| دووگرد | بەرماڵ | ئیقبالە | هاتە، بەرەو ڕووتە |
| دەڤەر | ناوچە | واس | باس |
| ڤێگاڤێ | نها، ئێستا | ئەنگورە | تاریکی شەو |
| جندە | قەحپە | جێکێش | گەواد |
| گەماڵ | دێڵە سەگ | گڤك | کلك |
| وەزەنگ | زەرەر | هەمی | هەموو، گشت |
| موژگان | ئەبرۆ | بەلاش | بەخۆڕایی |
| خولا | خودا | مانەند | وێنە، مەسیل |
| پورگ | کیسە | سلسار | بێ شەرم |
| جەخار | خەفەت | چەمپەرە | شینی ژنان |
| گەمی | کەشتی | کتارۆ | لاواز |
| لاقرتێ | هەزەلی | وارکۆ | وچاغ کوێر |
| لەغەم | کەور | شەوچراغ | جـــۆرە بەردێکـــە وەك فسفۆر دەدرەوشێتەوە |

## پێرست

پێشەکی..................................٥
بولبولی خۆش ئاواز..........................٧
ئەحمەدی دار فرۆش.........................٤٣
کچی پادشای قڕاڵ..........................٨١
پادشا و جوامێری خزمەتکارێك...................٨٢
شاخەوان و میری میران......................٩٥
دوو تووتی و بازرگانێك......................١٠٧
پادشای ڕەشپۆش...........................١٢٣
ئاغا و سوورەی چاوشین......................١٤٦
قارەمان و قەیتەران.........................١٥٥
ئەمیری مامۆك.............................١٦٢
جامی زرینگەدار............................١٩٠
ئەحمەد قارەمان و وەزیری شەلە..................١٩٦
گوری گورەنام.............................٢٠٦
پادشای دووڕگە............................٢١٨
دزیکردن.................................٢٢٤
خاوەن ئەقڵ کێیە؟.........................٢٣٢
فەرهەنگۆک..............................٢٤٢
پێڕست.................................٢٤٤

**زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٢ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە**

**بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر**

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦٨ | گەڵای پاییز | عەبدولقادر عەلی مەردان | بیرەوەری | ٥٠٠٠ | ٤٠٠ |
| ٦٦٩ | گەنج گۆمی سیاسەت دەشڵەقێنێ | ئومێد خۆشناو | گشتی | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٧٠ | دوران های زبان کردی و مجموعه زبان های ایرانی | و. مستەفا ئێلخانی زادە | زمان | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٧١ | خلاصه تاریخ کردستان | احمد قاضي | مێژوو | ٥٠٠٠ | ٤٤٨ |
| ٦٧٢ | بزەی شۆڕش (دیوانی شیعری مامۆستا ڕاوچی) | کۆکردنەوەی کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٦٧٣ | کاتێك ئەزموونەکان دەدوێن | و.کەریم سۆفی | ئەدەب | ١٥٠٠ | ١٢٨ |
| ٦٧٤ | سیڤییەکان٣ | شێرزاد هەینی | گشتی | ٢٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٦٧٥ | مەرگی وەنەوشە | یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکە هەواڵ | ٤٠٠٠ | ٤٣٢ |
| ٦٧٦ | گەمەی مێشك | ئا: رەمزی مەلا مارف | زانیاری | ٧٠٠٠ | ٣٤٤ |
| ٦٧٧ | پیاوی ئەشکەوت دڵێکی هەبوو | شێرکۆ هەورامی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٣٣٢ |
| ٦٧٨ | گەردوون ناسی لەبەر سێبەری قورئان و زانست | غەریب عەلی عەزیز | زانستی | ٣٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٦٧٩ | گەشتەکەی زینۆفۆن | و: محمد مسعود محمد | مێژوو | ٣٠٠٠ | ٢٦٤ |
| ٦٨٠ | دیاردەو راڤە | ئازاد دارتاش | گشتی | ٢٠٠٠ | ١٩٢ |
| ٦٨١ | تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا | پرۆفیسۆر دکتۆر طاهر حەسۆ زێباری | سۆسیۆلۆجیا | ٤٠٠٠ | ٢٨٨ |
| ٦٨٢ | الادب الشفاهي الكوردي (مرة أخرى) | علي الجزيري | أدب | ٣٠٠٠ | ٢٢٤ |
| ٦٨٣ | پێناسەو ڕاڤەی کۆمپیوتەر | ئاراس نوری ئەحمەد | IT | ٥٠٠٠ | ٥٢٨ |
| ٦٨٤ | کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس | کۆکردنەوەو ئا: ئاکار جەلیل کاکەوەیس | مێژوو | ٢٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٦٨٥ | لە ژێر ساباتی کوردەواری دا | ئەبوبەکر شوان | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٢٥٦ |
| ٦٨٦ | رێچکەی سەربەخۆیی | عەلی سام ئاغا | سیاسی | ٢٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٦٨٧ | مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوک و باگەرمێ | جمیل عیسی | مێژوو | ٣٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٦٨٨ | کە مێژوو لە بارزانی دەدوێ | زانیار سەردار قرگەیی | مێژوو | ٣٠٠٠ | ٢٥٦ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٨٩ | وشه نامه | حەمەساڵح فەرهادی | ئەدەب | ١٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٦٩٠ | دیوانی عاصم | د. کەمال مەعروف | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ٢٨٠ |
| ٦٩١ |ماندوو | فەرزین کەریم | سینەما | ٢٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٩٢ | هەبوو نەبوو | و. شۆڕش گوڵکار | گشتی | ٣٠٠٠ | ١٢٨ |
| ٦٩٣ | فەرهەنگی ڕەسەن (بەرگی یەکەم) | دانانی: محەممەدسالح پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو بەرگ ١٠٠٠ | ٥٢٠ |
| ٦٩٤ | فەرهەنگی ڕەسەن (بەرگی دووەم) | دانانی: محەممەدسالح پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو بەرگ ١٠٠٠ | ٣٢٤ |
| ٦٩٥ | فۆلکلۆری خۆشناوەتی | محەمەد جەمال توتمەیی | فۆلکلۆر | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٦٩٦ | تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە | چنوور سەعیدی | چیرۆك | ٢٠٠٠ | ١١٦ |
| ٦٩٧ | هەقایەت و قسە خۆشەکانی باوکم | د. ئیدریس عەبدوڵڵا | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٦٩٨ | سیناریۆکانم | عەدنان عوسمان | سینەما | ٢٠٠٠ | ٢٣٢ |
| ٦٩٩ | ناسناو | ئیرەج عیبادی | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ١١٢ |
| ٧٠٠ | هاودیان | فازڵ هاودیانی | مێژوو | ٤٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٧٠١ | توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی ١٩ – ٢٢/ئەیلولی ٢٠١١ | ئا: لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆنفرانس | زمانەوانی | ٢٠٠٠ | ٥٢٨ |
| ٧٠٢ | دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پێوەندیپێکردن | و: بەهزاد حەوێزی | ڕاگەیاندن | ٢٠٠٠ | ١٧٦ |
| ٧٠٣ | جوگرافیای دێ نشینی ( کوردستانی عیراق وەك نمونە) | د. خلیل اسماعیل محمد<br>م. ئەیوب<br>خەلیل ئیسماعیل | جیۆستراتیژی | ٢٠٠٠ | ٢٠٠ |
| ٧٠٤ | وتەکانی ناودارانی کورد و جیهان | ئا – کۆکردنەوەی: مەهدی بێداوی | گشتی | ٢٠٠٠ | ٢٤٠ |
| ٧٠٥ | بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی نێودەوڵەتی | و: هاوڕێ سورخابی | سیاسی | ٤٠٠٠ | ٦٤٠ |
| ٧٠٦ | خۆشی و شۆخی | ڕەفیق مەلا کەرەم ستونی | گشتی | ٢٠٠٠ | ١٥٤ |
| ٧٠٧ | دوعاو نزای مەناسیکی حەج و عومرەو زیارەتی مەدینەی مونەوەرە | محەممەد ئەمین جەمیل موفتی | ئاییینی | ٣٠٠٠ | ٢٠٨ |
| ٧٠٨ | موقد الثلج الاسطورة في الشعر الكوردي الحديث | ناجح المعموري | أدب | ٣٠٠٠ | ١٨٤ |
| ٧٠٩ | تیمۆجین – ئاخەرین سامۆرای | ڤینۆس فایەق | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ١١٢ |
| ٧١٠ | الوسائل البديلة عن القضاء، لحل النزاعات | زينب وحيد دحام | قانوني | ٣٠٠٠ | ٢٠٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧١١ | فۆتۆشۆپ CS5 | ن. ئا: نەریمان بەهرام محەمەد | IT | ٦٠٠٠ | ٢٨٨ |
| ٧١٢ | دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی | کۆکەرەوەو نووسینی موحەممەد رەشیدی ئەمینی | شیعر | ٣٠٠٠ | ٥٢٠ |
| ٧١٣ | نەوت و دکتاتۆریی (ئابووریی سیاسیی وڵاتانی هەناردەی نەوت) | و: د. شەماڵ حەویزی | ئابووری | ٣٠٠٠ | ٩٦ |
| ٧١٤ | نۆبەرەی من لە خەرمانی ئەدەب و وەرگێڕانەوە | ئیحسان سابیر خەیات | ئەدەب | ٢٠٠٠ | ٢١٦ |
| ٧١٥ | زبانی ئاڤێستا سەرچاوەی زمانی سانسکریت و ریگ ڤێداوە کوردی ئەمڕۆ | ئیسماعیل ئەیوبی | مێژوو | ٢٠٠٠ | ١٦٠ |
| ٧١٦ | هەورازەکانی دنیا | رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی | چیرۆك | ٢٠٠٠ | ٩٦ |
| ٧١٧ | دەربارەی کورد ئاخاوتنگەلێ | و: جەمال گردەسۆری | ئەدەب | ١٠٠٠ | ١٠٤ |
| ٧١٨ | پێدەنگی شەوان | ئاسۆ حەسەن | هونەر | ٣٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٧١٩ | بەندیخانەی بۆرسۆئێن | ئازاد کەریمی | کورتە چیرۆك | ٣٠٠٠ | ١٥٢ |
| ٧٢٠ | العوامل الأقتصادية والأجتماعية والمالية واثرها على التنمية الأقتصادية | الهام وحيد دحام | اقتصاد | ٣٠٠٠ | ١٤٤ |
| ٧٢١ | گوندەگەم | حەمەکەریم هەورامی | شانۆگەری | ٤٠٠٠ | ٤٤٠ |
| ٧٢٢ | دیوانی تاریق تاڵەبانی | تاریق تاڵەبانی | شیعر | ٢٠٠٠ | ٣٠٤ |
| ٧٢٣ | ئەفسانەکانی بەر ئاگردان | شاخەوان عەلی حەمەد | فۆلکلۆر | ٢٠٠٠ | ٢٤٨ |